# پەڕاوی ٣

مێرگوڵان



پەڕاوی سێیەم

# مێرگوڵان

## یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی حەسەن زیرەك

ئامادەکردنی: ماڵپەڕی ژنەفتن

# مێرگوڵان

## یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی حەسەن زیرەك

ئامادەکردنی: ماڵپەڕی ژنەفتن

پەڕاوی ژنەفتن
jineftin.krd

ناونیشان: مێرگوڵان

ئامادەکردن: ماڵپەڕی ژنەفتن

بابەت: هونەری موزیك

دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا

وێنەی بەرگ: مەهدی ئەحمەدیان

مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، نۆڤێمبەر ٢٠٢١

چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی

٢٢٢

لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

جێی خۆیەتی لە دەستپێکدا سپاس و پیزانینمان بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز **"ئەمجەد غولامی"** دووپات بکەینەوە کە ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی خۆی خستە بەردەستمان.

# پێرست

**زیرەک؛ ئەو کەسەی بەهەشتی هێنایە ئەم جیهانەوە**

ڕاپۆرتی: ئەمجەد غوڵامی........................................................ ٩

**حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو!**

دوکتۆر مەسعوود بینەندە ...................................................... ٢٠

**خودایە، ئەو حەسەن زیرەکەت بۆ لێسەندینەوە؟!**

ڕێبوار سیوەیلی.................................................................... ٤٠

**بەرگرییەک لە هونەرمەند حەسەن زیرەک**

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن............................................... ٥٥

**پاش حەسەن زیرەک؟**

**پێداچوونەوەیەک بە پرسی داهێنان، زەمەنی ڕۆشنبیری و دابڕاندا**

زاموا محەمەد...................................................................... ١٠٥

**گۆرانی، زمان و نەریت**

**(تێڕامانێک لە سنووربەزێنییەکانی حەسەن زیرەک)**

عادڵ قادری........................................................................ ١٣١

**زیرەک؛ زیرەکانە دزەی کردە ناو دڵانەوە دیمانەیەک لەگەڵ مامۆستا عەزیز شارۆخ سەبارەت بە دەنگ و پێگەی حەسەن زیرەک**

سازدانی: ئەمجەد غوڵامی و شۆڕش ماملێ........................ ١٤١

**سێکسبینی ناو گۆرانییەکانی زیرەک**

**شێوەکانی خۆدەربازکردن لە سیستەمێکی زمانی/ عورفی**

د. ئەحمەد غوڵامی.................................................................... ١٥٤

**زیرەک کاریزمایەکی خێڵەکیزادی گۆرانیی کوردی**

کەژوان زیائەدینی.................................................................... ١٦١

**زیرەک؛ پاشایەک لە تاران... هونەرمەندێک لە لوتکە!**

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن............................................. ١٦٧

**حەسەن زیرەک مرد یان کوشتیان؟**

جەواد حەیدەری......................................................................... ٢١١

ڕانانی کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟"..... ٢١٦

# زیرەک؛ ئەو کەسەی بەهەشتی هێنایە ئەم جیهانەوە

ڕاپۆرتی: ئەمجەد غوڵامی



زیرەک لە٤٩ ئەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی هێشتاش هەر ئەو هونەرمەندە مەزنەیە کە گۆرانییەکانی بێ زیاد و کەم لەسەر زمان و هزر و یادەوەریی ئەڤینداران و هۆگرانی گۆرانی کوردیدا شەپۆل دەدات.
حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری بۆکان، لەنێو خێزانێکی هەژار و کەم دەرامەتدا لەدایک بووە و لەنێو ئازار و مەینەتییەکانی ئەوکاتی ژیان و ڕۆژگاردا، توانیویەتی خەرمانی گۆرانیی کوردی دەوڵەمەندتر بکات و بە جسارەتەوە لەو بوارەدا گەلێک داهێنانی بلیمەتانەی هەبێت.
دەستپێکی ژیانی هونەری زیرەک دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی یەکەمی ژیانی و ئاوارەبوونی بە هۆی نەهامەتی و هەژاری و ڕووو لە عێراق کردن و دامەزراندنی لە ئوتێلێکی بەغدا بە ناوی "میوانخانەی شیمال کەبیر" وەک بەردەست و شاگرد و ناسیاو پێکهێنان لەگەڵ چەند کەسایەتی و هونەرمەندێکی کورد و لەوان جەلال تاڵەبانی و مامۆستا عەلی مەردان و چوونە ڕادیۆی کوردی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٣ لە ڕێگای ئەو هونەرمەندەوە.
ئاوا دەنگی حەسەن زیرەک لە کۆڕی هاوڕێیان و شەوانی دیوەخانەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئێزگەیەک و دەچێتە هەمو ماڵەکانەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیرەک

ناوبانگ دەربکات و چریکەی مەقام و گۆرانییەکانی هەموو کوردانی ئەو سەردەمە عاشقی دەنگی بکات.
مامۆستا باکووری وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون لە لێدوانێک بۆ کەناڵی چرا لەبارەی ئەو ساڵانە دەڵێت: "حەسەن زیرەک"م لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئێزەگەی کوردی لە بەغدا ناسی، ئەوکات من لەوێ کارمەند بووم و ئەو وەک کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بابەتی گۆرانی هەڵدەبژارد، ئاوازی دادەنا، مەقامات و گۆرانی دەچری و ئێمە ئێرەییمان پێدەبرت.
دەشڵێت: لە ڕادیۆ کوردییەکەی بەغدا هەفتانە ماوەی ٣٠ خولەک ڕاستەوخۆ گۆرانیی بۆ گوێگران دەوت و لەگەڵ گرووپی میوزیکدا زۆر بە سەرکەوتویی کاری دەکرد، بەبێ ئەوەی پرۆڤەیەکی زۆر بکات، جاری وا هەبوو هیچ پرۆڤەیشی نەبوو، کەچی گۆرانییەکانی زۆر بەجوانی دەگوتنەوە و دەتوانم بڵێم ئەو نیوسەعاتە بەشێکی زۆری گوێگران هەستی خۆیان بۆ ئەو ڕادیۆیە ڕادەگرت.
باکووری لە درێژەدا وێرای ئاماژەدان بە دەوڵەمەندبوونی ئارشیڤی ئێزگەی بەغدا لە ڕێگای بەرهەمی مۆسیقایی زیرەک، زیادیشی دەکات: بەو جۆرەی من لە نزیکەوە ئەم هونەرمەندەم دەناسی کەسێکی سادە و نیشتمانپەروەر بوو، هەردەم بە سادەیی دەژیا و بەسادەییش دەیڕوانیە ژیان، ئەو چەند ساڵەش کە لە بەغدا بوو، هەژاری و نەداری

و بێکەسی نەیهێشت زور لە ئاواتەکانی بە چاوی خۆی ببینێ و بیهێنێتە دی.
حەسەن زیرەک بە هۆی گۆرانیی وتن بۆ هاتنە سەر تەختی مەلیک فەیسەڵی دووەم، لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی ژوەن(تەمووز)ی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم، بە ناچار دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و، پاش گەڕانەوەیەشی دەچێتە ڕادیۆی تاران و لەوێ درێژە بە ئیشی هونەری خۆی دەدات.



حەسەن زیرەك • بەغدا / مەیدانی بابوشەرجی / ساڵەکانی ١٩٥٠ بۆ ١٩٦٠
Hassan Zirak. Baghdad / Babusharji / 1950-1960

ئەم گەڕانەوەیە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکی هاوکارییەکانی زیرەک لەگەڵ گەورە مامۆستایان و ژەنیارانی ئێرانی و لەوان حسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شاناز، جەهانگیر مەلەک و جەواد مەعروفی و هەروەها ئاشنایی و زەماوەند لە گەڵ میدیا زەندی بێژەری بەشی کوردیی ئەو ڕادیۆیە.

میدیا لە پێشەکی کتێبی "چریکەی کوردستان" لەبارەی ئەو ساڵانە دەڵێت: "زیرەک نزیک بە هەزار بەستە و گۆرانی لە تاران و کرماشان ئاراستە کرد و بەهۆی ئەو گۆرانییانە بوو کە ڕۆژانە نزیک بە دووهەزار نامە ڕەوانەی ڕادیۆ دەکرا و جار بوو کە لەناو نامەکاندا پارەشیان دەنارد بۆ ئەوەی گۆرانی داواکراویان بڵاو بێتەوە. بەرنامەکانی کوردیی رادیۆ تاران و کرماشان بە هۆی دەنگی بەسۆزی زیرەک کەوتبووە بەردلانی هەموو کەسێک و ئەوکات هەموو ڕۆژێ دووجار بەرنامەی "ئێمە و بیسەر" بڵاو دەبووەوە، حەسەن زیرەک بە دەنگی ڕەسەن و سۆزداری خۆی ببووە هۆی ناسراوەبوون و بەرزبوونەوەی کوالیتی و پێگەی بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆ تاران و کرماشان و سەرڕێژبوونی نامەی لە ژمارە نەهاتووی لایەنگرانی".

بەڵام ئەم دەرفەتە زێڕینە تا سەر بۆ حەسەن نامێنێ و وەک میدیا زەندی دەڵێت دوای ماوەیەک ڕێی چوونە ڕادیۆ لە حەسەن زیرەک دادەخرێت و خزمەتەکانی لە بیر دەبەنەوە.

ئەم ڕووداوە کە هاوکاتە لەگەڵ بوونی شێخ عابد سیراجەدینی بە سەرۆکی بەشی کوردیی ڕادیۆ تاران، دەنگۆی دژایەتیی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکات لەگەڵ کەسایەتیی زیرەکی بەدواوە بوو.
ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە حەسەنی بەرەو بەغدا ڕاپێچ دا و لەویٚ، لە ساڵی ١٩٦١ لە تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان لەگەڵ سێوەخان و ڕەشۆل عەبدوڵڵا، لە شانۆنامەکانی "بووکی ژێر دەواری ڕەش" و "خەسو یان ئەژدیها" بەشداری دەکات، بەڵام ئەم جاریان زۆر تاقەتی دوورە وڵاتی ناهێنیٚ و لە ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە بۆ ئێران.
وریا ئەحمەد وەک مۆسیقارێکی شارەزا سەبارەت بەو ساڵانە و پەیوەندیی نێوان ژیانی سەخڵەت و بەرهەمە هونەرییەکانی حەسەن زیرەک دەڵێت: ئەو وەک یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی دونیای هونەری گورانیی کوردی، لە ڕێگای ژیان لەناو دەقی کۆمەڵگا و سەرگەردانییەکانی دەستی بەسەر کانگایەک لە ئازار و مەینەتییەکان گرتبوو کە دەتوانین وەک یەکەم هەوێنی گۆرانیی وتنی زیرەک ناوبردی بکەین.
دەشڵێت: ئەو بە پشت ئەستوور بوون بەم هەوێنە توانی کومەڵێک ئاوازی جوان بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی مافی داهێنەر و ناکارامەبوونی ئامێرەکانی

تۆمارکردن لەو سەردەمە، زۆربەی ئەو ئاوازانە لە لایەن کەسانی فارس و عەرەب و تورکەوە بردراون.
زیرەک لە پاش ئەم ئاوارەیی و دەربەدەرییە تووشی چەندین نەخۆشی کوشندە دێت، هەرچەندە سەدان گۆرانی بە ئاوازی جۆراوجۆری کوردی وتووە، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی هاوسەردەمەکانی لە ژیانیدا وەک پێویست ڕێزی لێ نەگیراوە و هەتا نەخۆشی شیرپەنجە ئەم ئەرکەی لەدوا ساتەکانی ژیانیدا، بە ئەستۆ گرت.

هەموو ئەمانە کاتێک کران کە زیرەک تەنیا ٥١ بەهار لە تەمەنی تێپەر دەبوو، بەڵام حەسەن بە گشت ئاوارەیی و گرفتەکانی لە بەردەم کارکردنی هونەریدا و بە نەبوونی ئامێری مۆسیقایی کارامە و ستۆدیۆیەکی پێشکەوتووی دەنگهەڵگرتن، وەک بلیمەتێک توانی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند لەدوای خۆی خەرمان بکات و بیکات بە قوتابخانەیەکی گۆرانیی بۆ نەوەکانی داهاتوو، تا لە پاش ئەو کۆمەڵێک دەنگبێژ و خاوەن بەهرە بە پشتبەستن بەم ئەرشیڤە بێنە نێو کۆڕی گۆرانیوتنەوە.
ئەرشیڤێک کە وەک مەجید درەخشانی مۆسیقاری ناسراوەی ئێرانی لە دیمانە لەگەڵ هەواڵدەریی کوردپرێس ئاماژەی پێدەدا، ناسنامەیەکی سەرەکییە بۆ ناسینی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و جیاکردنەوەی لە مۆسیقای

گەلانی دیکە و دەڵێ: "مۆسیقای هەوارمی مۆسیقایەکی ڕەسەن و تایبەت بە کوردە و ناکرێت لە ڕیزی مۆسیقای سونەتیدا دابنرێت. ئەم وتەیە زیاتر لە هەموو کەسێک گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکیش دەگرێتەوە بەتایبەت ئەوەی کە دەنگی ئەو گۆرانیبێژە بە ڕادەیەکی زۆر نزیکە لە مۆسیقای کۆنی کوردی".

لە لایەکی دیکەوە شارام نازری بیرمان دەخاتەوە کە ئەو کەسەی باسی دەکەین کەسێکی نەخوێندەوار بووە کە لەگەڵ هەنگاونانە ناو ئۆرکێستری ڕادیۆ دەچووە ژووری تۆمارکردن و بە شێوەی بیداهە شێعری دەوت و ئاهەنگی بۆ دادەنا و دەیخوێند و هەمووی ئەم کارانە کەسێکی نەخوێندەوار دەیکرد کە مۆسیقا و شێعری لە ڕێگەی دیناو و حافیزەیەکی سینە دەفتەرییەوە پێگەیشتبوو.

هەر بۆیە وریا ئەحمەد سەبارەت بەو ورە ئاسمانییەی زیرەک دەڵێت: ڕاستە زیرەک کەسێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام توانایییەکی تەواوی لە دەربڕین و ڕێکخستنی هۆنراوەکانی بو گۆرانی بووە، ئەو لەو سەردەمەی هەنگاوی ناوەتە بواری گۆرانی کوردی، توانیویەتی گوێگرێکی زۆر لە تەواو ناوچە کوردنشینەکان بۆ گۆرانیی کوردی کۆ بکاتەوە و سەرنجیان ڕابکێشێت بۆ گۆرانییەکانی خۆی.

ئەم هونەرمەندە بیری خاڵی گوهەرینی داهێنەرانەی زیرەکمان دەخاتەوە و زیادی دەکات: ناسینی موجتەبا میزادە هونەرمەندی ئاهەنگدانەر و مۆسیقاری ناوداری کورد، خاڵی وەچەرخانی ژیانی هونەری حەسەن زیرەک بووە و ئەو بەرهەمانەی بە هاوکاری دووقۆلی ئەمان بە جێماون دەتوانین ناوی جوانترین گۆرانی کوردییان لێ‌بنێین.
ئەم ئاشناییە نە تەنیا خاڵی وەرچەرخانی ژیانی زیرەک بووە، بەڵکوو وەک عەدەنان کەریم لە لێدوانێک بۆ پاشکۆی ژمارە ١٨٨٤ی رۆژنامەی "شەرق" لە یادی میرزادەدا دەڵێت، جۆرێک ئێرەیی پێ‌بردنی گۆرانیبێژان بە پەیوەندیی داهێنەرانەی ئەو دووەی بەدواوە بووە.
عەدنان ڕوونی دەکاتەوە: کاتێک کە میرزادە بڕیار دەدات بەرهەمە پێشووەکانی حەسەن زیرەک کە لە ڕادیۆ بەغدا تۆمار کرابوون، لە فەزای ستۆدیۆیی ئێران داڕێژێتەوە تەنیا لە ئامێرگەلێکی وەک سەنتوور، قەرەنەی، تۆمبەک و دوو ڤیۆلۆن بەهرە وەردەگرێت و ڤیۆلۆنی دووهەم وەک پاڵپشتی ڤیۆلۆنی یەکەم کە خود میرزادە لێیْ‌دەدا، ڕۆڵی دەگێرا. کاتێک گوێی دەدەینە ئەو بەرهەمانە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێدەگەین کە ڤیۆلۆنی میرزادە وەک هۆگرێکی ئەویندار نۆتەکانی میلۆدی بەسەر تەواو

ئامێرەکانی دیکەدا دەبەشێتەوە و بەم شێوە تێکرایان دەهێنێتەوە خزمەتی گشتییەتی بەرهەمەکە.
ناوبراو زیادی دەکات: لێرەدایە کە مەزنایەتیی هونەری حەسەن زیرەک زیاتر شەمەند دەکرێتەوە و ... هەستی جوانیناسیی میرزادە قووڵایی و ڕەونەقێکی تایبەتی دەبەخشێت بە گۆرانییەکانی زیرەک ... ئەم هەستە جوانیناسییە لە ئاستێکدایە کە زۆربەی ئاهەنگدانەرانی گەنجی کورد ئارەزوو دەکەن هەمان سۆلۆیەک بژەنن کە میرزادە ژەندوویەتی.



حەسەن زیرەك و عەلی مەردان

گۆرانیگەلی وەک؛ لەنێو سابڵاغدا، گەوهەرێ، دینێ مەڕۆ دینێ، ئەسمەرێ، ئامۆزا، هەی بەلار، کرماشان و دەیان گۆرانیی دیکەیش بەرهەمی دابەشکاری و ژەنیاری مۆسیقایی ئەو ڤیۆلۆنژەنەن کە بەردەوام مەزنایەتی خۆی گرێدەداوتەوە بە مەزنایەتی هونەرمەندێک کە ئەمرۆ ٤٩ ساڵ بەسەر کۆچیدا تێپەر دەبێت و بە هەموو گەورەیی خۆیەوە سەبارەت بە زیرەک وتویەتی: من لە ڕێگەی "حەسەن"ەوە ئاشنای گۆرانیی مۆسیقا و ئاوازی کوردی بووم و لە ڕێگەی دەنگی ئەوەوە زۆر بابەتی مۆسیقایی و گۆرانی کوردانەم ناسی.

# حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو!

دوکتۆر مەسعوود بینەندە



ڕەنگە کەمتر کەسێک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هاوچەشنی "حەسەن زیرەک" وەکوو سەرتۆپی ئیرادەی ژیان و سەرچەشنی ئاواتی چێژ و خۆشی دەرکەوتبێ و تەوژمی ئەم حەزە هەم لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژیان و هەم لە گۆرانی و ئاهەنگەکانیدا بەڕوونی و ڕاشکاوی خۆی نواندبێ. دەکرێ بڵێین نەبوونی سێبەری بەردەوامی باوک بەسەر ژیانی حەسەنی منداڵەوە، ڕەوتی نەزمی ئودیپیی ڕاهاتنی تێک دەشێوێنێ و هۆگری جیهانی دایک و نەزمی ژنانەی دەکات؛ جیهانێک کە بە پێچەوانەی ڕێسامەندی و چەقبەستوویی قانوونی باوک دژ بە ناوەندتەوەری و نەزمی باوکانە دەجووڵێتەوە و لەنگەری لە بێناوەندی و بێبنەماییدا (antifoundationalist) دەگیرسێتەوە. کەوایە، حەسەن زیرەک بە پێچەوانەی نەزمی باوکسەروەرانەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی، پەیوەست بە مێژووی ونبوو و ناهوشیاری کۆمەڵگای کوردی دەبێتەوە کە ئاسەوارەکانیشی لە ئەدەبی زارەکی و بەیت و بەندەکاندا دەبینرێتەوە. هونەری زیرەک بەهرەی لەو

میترابیزمە ژنانەیە بردووە کە بەرهەمی قۆناغە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای وەرزێڕیی لە مێژووی مێزۆپۆتامیا بووە؛ ئەگەرچی ئەم فەرهەنگە گەشاوەیە دواتر لە لایەن فەرهەنگی شوانکارەییی عیبری و ئارییەکانەوە تێک دەچێت و فەرهەنگی یەکتاخوازیی ئاسمانگەڕانە و ئەوپەڕخوازنەی جێگر دەکرێت.



حەسەن لە تەمەنی منداڵیدا دایکی ڕاستەقینەشی لێ دوور دەکەوێتەوە، هەر بەو بۆنەیەوە هەستی دایکخوازانەی بەرزەجێ دەبێتەوە و لە فانتازیای هونەری و مەبەستی

ئەویندارانەیدا بەخەستی ڕەنگ دەداتەوە. ناوی ئەو کچ و ژنانەی کە بەردەوام لە گۆرانییەکانی زیرەکدا دووپاتە دەبنەوە زۆرتر لەوەی بەرهەمیسۆبژێکتیویتەی پیاوسەروەرانە بۆ دەستەمۆکردنی ئۆبژەی ژنانە بێت، بەرهەمی فانتازیایەکی ناشێوازمەندی ژنانەیە:

*"ڕەش ئەسمەر، ئایشێ، مریەمێ، سەبری، کەژاڵ، ئامینێ، ئامە، ڕابە، ڕەزیە، نوسرەت، تووبا، فاتم، ئافتاو، نەزاکەت، عیسمەت،لەیلێ، مەهتاب، حەلیم، شەهێن، شەهلا، خەجێ، مەستوورە، سۆیبە، تووران، پیرۆز، و ...."*

ئەم فرەژنییە لە بەستە و گۆرانییەکانی زیرەکدا کە وا دیارە لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆشیدا دەرکەوتەی هەبووە، سەربەندێکە بۆ یەک ناوی پیرۆز کە ناوشیاری زیرەکی پێوە گرێ دراوە و بەردەوام ئابووریی مەیل و ئاڕاستەی لیبیدۆی هونەرمەندی دیاری کردووە: **«ئامین دایکی حەسەن زیرەک»**

زیرەک لە وەسفی ئەم ژنانەدا کە لە چاوی ئەو هێمای جوانی و خۆشەویستی و بەگشتی حەزی ژیان و تامەزرۆی ژیندۆستی بوون، ئەو وێنە و وەسفە سرووشتییانە دەکار

دێنێ کە لە ئەدەبی زارەکی و فەرهەنگی هەمووانەکیی کۆمەڵگای کوردستاندا باو و بەربڵاوە و بە گوێی خەڵکی ئاشنا و لەبەردڵانە:

*"چاومەست، کەومل، کەویار، بەڕەزای شاخان، کەنێرەی چۆم، گوڵی سێڵاو، بەفری کوێستان، ئەستێرەی ڕۆژ، ئەستێرەی سیوەیل، مەڕدۆشی جاران، بێری، خونچەی سەر چڵ، شەمامەی بەبۆن، هەناری ئاودار، ئەستێرەی بیست و دوو، هەناری نێو هەنجیران، کارگی نێو ڕێواسان، دوڕی نێو ئەڵماس، دۆلاری نێو لیران، باخی هەنار، باخی بێ، باخی سێو، لەولاو، تووله مێو، ڕەشە ڕەیحانە، بەفری قەندیل، دار مێخک، سێوی سەرلک، گوڵی نێو پەرژین، گەردن گوڵدان، لیمۆی کاڵ، زەردە بێ، هەناری لە نێو ڕەز، قۆخی نێو هەنجیران، گوڵی شەشپەڕ، نارنج و لیمۆ، کارمامز، سوورە گوڵ، مەزەدار، ماینی کوێت، ماینی کەحلان، ماینی بەڵەک، هەڵاڵەی زەرد، شەتڵی شلێرە، کۆترە باریکە، لێو ئاڵ، چڵە بیزا، شەمامەی ساوا، چاو باز، ئەبرۆ سەقەڕ، گەردن زەرد، کەوباڕ، شمقاڕ، تەڕلان، خاسە کەو، دندووکی کەو، مانگی تابان، شمشاڵ، هەڵووچەی کاڵ،*

*بەفری ئاڵمەڵوو، خونچەی سێو، داری شمشاد، پەنیری کوردی، کارخانەی قەند، کشمیش، شەمامەی سەرتەرز، گوڵی لیمۆ و...."*

زیرەک هەروەها هەستی بە دۆخی نالەباری ژنان و کچانی کورد کردووە کە گیرۆدەی دەستی پیاوسالاری بوونە و لە بەستێنی کۆمەڵگای داخراوی خێڵەکیدا لە هەموو بوارێکەوە تووشی هەڵاواردن و نابەرابەریی کراون. هەر بۆیە لە گۆرانییەکانیدا ئەوەندەی مەجالی هەبووبێت ئاوڕی لە مەینەتەکانی ئەم توێژە خامۆشەی کۆمەڵگای کوردی داوەتەوە و بە باڵای توانست و تێکۆشانیاندا هەڵیداوە:

کیژێکی کوردی سەربەست خولْقاوی — بە داوی گەردوون گیرۆدە ماوی

کیژە کورد بۆچی زەرد هەڵگەڕاوی — لە بۆ رۆژی خۆت ئاوا داماوی

جوان تێدەکۆشی بۆ نیشتمانی

کیژە کوردەکەی تفەنگ لە شانی — منداڵ هەڵدەگری لە دوژمنانی

کیژە کوردەکەی لە شاخ و چیا — قەولت دەدەمێ ببە دڵنیا

وا سەردەکەوی لەم تەنگاویا

هەر بەو پێیە کە هزر و ئاوەزی حەسەن پێبەستە و ئەستۆبەندی ناوەند و چەقێکی دیاریکراو نەبووە، هونەرەکەشی بازنەی ناوچەگەرانەی تێپەڕاندووە و لەباتی مۆرکی ناوچەیی، شوناسێکی کوردستانی و ئیتۆسێکی ژەڤەرکوردستانی پێوە دیارە؛ هەر بۆیە لە گۆرانییەکانیدا وشەی کوردی و فارسی و لوڕی و هەوای عەرەبی و ئەرمەنی بەپێی زەرووڕەتی مێلۆدیا و ڕیتم، دێن و دەچن و گوێگر و بەردەنگی عەجەمیش بۆخۆیان دەستەبەر دەکەن. زیرەک کە دەکرێت وەکوو مارکۆپۆلۆی گۆرانیبێژانی کورد ناودێری بکەین، بە هۆی پەرەنەسەندوویی کوردستان و نەبوونی ئێزگەی دەنگ و دەسەڵاتی پشتیوان، زیاتر لە غوربەتدا (تاران، بەغدا، موسڵ، تەورێز) هونەری خۆی پێ گەیاندووە و وەشانی کردووە. غوربەت بۆ هونەرمەندی کورد بەگشتی سەرەڕای ئازاری دووری و دەردی ناسۆری جودایی، هەوێنی بزواندنی هەست و سۆزی هونەرمەندانە بووە و ئەم دۆخەش لای زیرەک بێگومان لە بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان و تۆکمەکردنی نوێگەری لە ئاهەنگ و مێلۆدییەکانیدا دەوری سەرەکیی نواندووە.

*«جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بە سەر بێ لانە خۆم*

*بێکەس و بێ یار وهاودەم، بێ مەی و مەیخانە خۆم»*

زیرەک هەروەها بەیتێکی فارسی دەخوێنێ کە تێیدا باسی دۆخێکی پارادۆکسیکاڵ دەکا کە لەوێدا بەرامبەرکێی دووانەی “غوربەت/وەتەن” هیچ سەنتزێکی بۆ نادۆزرێتەوە، بێجگە لە چارەنووسێکی تراژیک. ...

*«نە در غربت دلم شاد است، نە رویی در وطن دارم*

*الهی بخت من برگردد از آن طالع کە من دارم»*

وەسفی ئەم دۆخە بە هەندێ جیاوازییەوە لای ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئاڵمانی دەبینین کە پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانیی دووەهەم و ئیمکانی گەڕانەوەیان بۆ وڵات بەبێ هیچ هیوادارییەک چاو لە داهاتوو دەکەن:

«لە کەناری جادەکە دانیشتووم

شۆفێر خەریکی گۆڕینی تایەی ماشێنەکەیە

خۆشم لەو شوێنە نایە وا لێیهاتووم و

ئەو شوێنەشم پێ خۆش نییە وا دەچم

ئەدی بۆچی وا بە حەسرەتەوە چاو لە گۆڕینی تایەکە دەکەم؟ «»بریٚشت»

غوربەت بۆ حەسەن ئۆبژە یان بەردەستێکە هاوکات کە ڕاکێشەری مەیل و خولیایە، خۆی هۆکاری بەدیهاتنی مەیلە؛ ئەم ئۆبژەیە نە بایەخی مەسرەفی هەیە و نەش دەست پێ ڕاگەیشتووە، بەڵام زێدەبەشێکە کە کەیفخۆشیی ئێمە دەبزوێنێ و بەردەوام لە شوێنێکی دیکەدایە. گەڕۆکبوونی زیرەک و نەسرەوتنی لە هیچ شار و گوندێکی نیشتمان و دەرەوەی نیشتماندا، کە دۆخی ژەڤەرناوچەیی بۆ بەرهەم هێناوە، ئاماژە بەو میکانیزمە مەیلەوباوەی زێدەچێژی هاوبەستەی غوربەتە: غوربەتێک کە خاوەنی فۆرمێکی بۆش و بێناوەڕۆکە، بەڵام هاندەری خولیایەکی بێئامانجە بۆ گەیشتن بە زێدەچێژی ژویسانس و شاگەشکەی مەرگ.

کاتێک شوێنەکانی هەڵوەدابوون و گەشتەکانی زیرەک لە بەند و بەستەکانیدا دەبینینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ مسۆگەر دەبێت کە زیرەک توانیویە شوێنسڕینەوە لە جوگرافیایەکی

تایبەت بکات و فەزایەکی ناشوێن لە غوربەتێکی خوازراودا بەرهەم بێنێت؛ هەر بەو بۆنەوە شوناسی زیرەک و زاراوە و فەرهەنگی بەستە و ئاوازەکانی نە موکریانییە و نە ئەردەڵانی، بەڵکوو سەر بە ناشوێن (nonplace) و غوربەتێکی هونەرمەندانەیە.

ئاماژەدان بە ناوی شوێنەوار و شار و گوندەکانی کوردستان، ئاماژەیەکە بە ناشوێنی نیشتمان و ژەڤەرنیشتمان:

*"بانە، مەریوان، سەردەشت، سابڵاغ، شنۆ، نەغەدە، ورمێ، سەقز، بۆکان، کرماشان، موکریان، هەوشار، تاران، تەورێز، هەمەدان، کاشان، مەراغە، میاندواو، ئەردەبیل، بەغدا، سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، مووسڵ، شارباژێر، شەقڵاوە، پێنجوێن، بیارە، دووکان، کۆیە، ڕانیە، بازیان، مەحاڵی مەنگوڕ، سابوونکەران، سلێمان کەندی، جەغەتوو، دۆڵی قوڕووچا، تانجەڕۆ، مەزرای سەهۆڵان، بەفری کەلیخان، کوێستانی لەند و بێستوون، کەلی کەماتوو، زەمبیل، قەڵا و دارسەیران، کێوی ئاربەبا، بەردەزەرد، ناڵەشکێنە، دێ*

*موکری، بورهان، ساروقامیش، میرەدێ، سەرکارێز، ڕندۆڵ، قازیان، نەمسە و تایلەند و یابان..."*

کەوایە ئەم شوێنانە بۆ حەسەن زیرەک نە زێدی دایکی و نە ماڵی باوانن، بەڵکوو جێنەزەرگەی غەریب کەوتنەوەن؛ واتە ئەو شوێنانەن کە زیرەک تێیاندا دەتوانێ ناشوێنی نامۆیی خۆی بدۆزێتەوە و هونەری نامۆنوێنی خۆی بەرهەم بێنێ. پاش ئەوەی لە سەرەتای چلەکاندا بۆ هەمیشە لە ناوەندی بڵاوکراوەی فەرمی دوور دەخرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کانی مەلائەحمەدی بانە و لەوێندەرێ چایخانەیەک دەکاتەوە؛ پاش ماوەیەکی تر کۆچ و ماڵ بەرەو شنۆ دەگوازێتەوە و مەبەستی وایە ئاخریی پیری و ئاویلکەی تەمەنی لەو شارەدا بە سەرئەنجام بگات. بەڵام وەکچۆن بەردەوام خۆی باسی گیرۆدەبوونی چەرخی چەپگەرد و نامورادیی فەلەکی کردووە، ئەم جارەش چارەنووس بەرەو شوێنێکی دیکە ڕایدەنێت. کە پزیشکانی نەخۆشخانەی ورمێ لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ناهومێد دەبن، نزیکبوونی وادەی مەرگی بە خزمەکانی ڕادەگەیەنن. ئەوانیش بڕیار دەدەن بۆ سەرپەرشتیی کۆتایی

بیبەنە نەخۆشخانەی شاری بۆکان؛ لە ڕاستیدا تەنیا ڕێککەوتێکی ڕووت بوو کە سەفەری غەریبانەی حەسەن لە جولجوتای شاری بۆکان کۆتایی پێ بێت و دواتر بۆکانیبوونی بچەسپێندرێت؛ ئەم جارەیان نەک زیرەکی بە دەمار زیندوو، بەڵکوو گڵکۆی بە هونەر هەمیشە زیندووی لە هەورازی ناڵەشکێنەدا بحەوێتەوە.

*«دەچمە سەر ناڵەشکێنە، بەرامبەر بە بۆکانێ*

*یاری من زۆر نەجیبە، باریکە و نەشمیلانێ»*

سەربوردەی ژیانی زیرەک پێمان دەڵێ کە ئەم هونەرمەندە نەردین و ناوازەیە پێبەستەی شوێن و شوێنەوار نەبووە، بەڵکوو تەنێ هۆگری فەزایەکی شوێن پاقژکراو و ناوچەسڕاوە بووە کە بتوانێ غوربەتی ئاشنا (unheimliche)ی خۆی تێدا ببینێتەوە. زیرەک ئەگەرچی بەخەستی داژداری نیشتمان و نەتەوە بووە بەڵام لە باری ئینتیمای حیزبی و سیاسییەوە بەبێ هۆگری و نادەروەست ماوەتەوە. بێگومان هونەرمەندێکی

سنووربەزێن وەکوو زیرەک کە ڕوخسارێکی پاپیۆلاری هەبووە و لەنێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هۆگر و لایەنگری خۆی پێک هێناوە؛ هەروەتر چەندین جاریش لە لایەن ڕژێمی پاشایەتیی ئێران و ڕژێمی بەعسەوە کەلەبچە و ئەشکەنجە و زیندان کراوە، ناتوانێ مرۆڤێکی ناسیاسی یا دژەسیاسەت بووبێ، هەر بۆیە حەسەن داژداری نیشتمان و پەرۆشی دۆزی ڕەوای کورد بووە و هیچکات خۆی لەم بابەتەوە بێهەڵوێست نەزانیوە. بەڵام هەر بەپێی ئاکاری ناشوێنخوازانەی، نە توانیویە مۆرکی ئایدۆلۆژیا و حیزبێکی تایبەت وەربگرێ و نەش هونەرەکەی تێکئاڵاوی بانگەشەخوازی و دروشمهاوێژی کردووە. زیرەک لەو کاتانەیدا کە بێپشتیوان دەمایەوە، بەرەو مەڵبەندی بارزانی هەڵدەهات و لەوێندەرێ کێش و بڕستی شۆڕشگێڕیی گۆرانییەکانی بەرەو بەرزایی هەڵدەکشا:

«جێژنی کورد زەمانی سەلاحی ئەو سەلاحی گیانفیدای کوردان

هاتە دونیا سەلاح، سەلاح کامە سەلاح؟ ئەو سەلاحەددینی ئەییوبی

کوردم ئەمن، کوردم ئەمن، کوردم ئەمن، تا ئەو ڕۆژەی دەمنێژن

کێلی ژوور سەرم دەنێژن، هەر دەڵێم کوردم ئەمن، کوردم ئەمن»

بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچکات خۆی لەنێو هیچ ڕێبازێکی سیاسیدا نەبینیوەتەوە و ڕەنگە ئەمەش بۆ پەرەئەستاندن و گشتگیرکردنی دەنگ و ئاوازی زیرەک لەنێو هەموو لایەن و ناوچە و زاراوە جیاوازەکانی کوردستاندا دەوری ئەوتۆی گێڕابێت:

نە چینیم دەویَ، نە کاشی — نە حیزبیم و نە جاشی

نە توودەم نە وێڵداشی — سەلام و عەلەیک حەمە گیان

بە خۆی و بە وێڵداشی

لە بابەتی بیروڕای ئایینیی زیرەکەوە شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، جگە لەوەی کە لە قەیران و تەنگژەی قۆناخی گەورەساڵیدا کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هاتنەگۆڕێی پرسی مێتافیزیکی و ئانتالۆژیکی و هەروەها بیرکردنەوە لە

کێشە و پرسی مەرگە، زیرەک تۆبەیەکی سیمبۆلیک دەکا و بەم بۆنەشەوە گۆرانییەکی سۆزدار دەخوێنێ:

"باران بارانە، هەور و بارانە          یار خوداحافیز، دەست لێک بەردانە"
مردن لە بیرمی لەمەو دواوهیاڵ دەدەم وە پاڵ قاپی خوداوە/ غەوسی بەغداوە
مردن لە بیرمی، بیرم کردەوەسەر لە بەیانی نوێژم کردەوە
نەحلەت لەو شەیتان هۆشم کردەوە/ هوشیار بوومەوە....

هەروەها لە گۆرانییەکانیدا وشە و دەستەواژەی هاوبەستە و تایبەت بە کەسایەتی و دیاردە ئایینییەکان بە فراوانی وەبەرچاو دەکەوێ، بەڵام وەک ئاماژەمان پێ دا هەمووی ئەم هێما و سیمبۆلە پیرۆزانە کارکردی مۆسیقایی هەیە و بەپێی جیهانبینیی دونیاگەرانەی کوردی، نە لە پێناوی دابڕان لە دونیا، بەڵکوو بە مەبەستی بەرین کردنەوەی بازنەی ژیان و ژیندۆستی هاتوونەتە گۆڕێ:

*"قەسەم بە ڕەحمان و ڕەحیم، پەنا بە سەیدی سەروەر، قەسەم بە سوورەتی عەممە، بەو خودایەی بێ مەکانە، یا سوڵتانهاوار، یا هەیوانساری، بەو قورئانەی سەرپەڕ شین، غەوس لە منت نەسێنێ، سوورەی وەلفەجر، کاک ئەحمەد لە سلێمانی، وەک جوو بۆت دەگرم شەمە، یا عەبابەیلێ، عورووسم جووم ئەرمەنیم دینم بۆ تۆ بەتاڵە و ..."*

لە کۆتاییدا ئەمە جوانپەرستی و هەستی سنووربەزێنی جوانییە کە بەسەر سنووربەندیی پیرۆزگەرانە و لایەنی داخراوەیدا زاڵ دەبێ:

“بەر بەم لاوە کە، بینم جەبینت لەسەر کام دینی، بێمە سەر دینت”

ژیانی پڕ چەرمەسەریی حەسەن زیرەک وەکوو مرۆڤێکی تراژیک، هێمایەکی ڕاستنوێنی مێژووی گەلی کوردە، غوربەتی زیرەک دواتر لە غەریبییەکانی شاعیرانی کورد وەکوو شێرکۆ بێکەس، سوارە ئیلخانیزادە و هێمندا بەردەوام دەبێتەوە و تەنیایی و بێکەسییەکانیشی لە تەنیاییەکانی ئایلان کوردی و عەزیز شنگالیدا دووپات دەکرێتەوە. حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو؛ بەڵکوو بەسەرهاتی مەرگەساتی غوربەت و تەنیایی هەموومان بوو. لە هونەری نەتەوەییی کەسانێکی وەکوو زیرەکدایە کە گلە و گازەندەی نەریتی و چارەنووسبینانە بەرەو رەخنە و رووبەڕووبوونەوەی کۆنکرێت و ئیرادەگەرانە وەردەچەرخێت:

**”فەلەک بڕووخێ دەور و دیوانت فەلەک بچەمێ حەوت ئاسمانت**

فەلەک لەگەڵما وا کەچڕەفتاری        سەبارەت بە کورد تۆش
ئیستعماری"

## کورتەیەک لە ژیاننامەی حەسەن زیرەک:

حەسەن زیرەک لە گوندی هەرمێلەی سەر بە شاری سەقز لهنێو رەنج و ئازاری هەژاریدا چاوی بە ڕووناکیی دونیا هەڵدێنێ و هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تێکەڵ بە ئەرک و زەحمەتی کارەکەری و ڕەنجبەری دەبێ. سەرباری هەموو ئەم نەهامەتییانە لە تەمەنی ١٢ساڵیدا، مەرگی بابی ئەوەندەیتر دڵە بچکۆلانەکەی بریندار دەکات و دۆخی بێپەنایی، خۆی و دایکی ئاوارەی شاری سەقز دەکات. پاش مردنی بابی حەسەنی مێرمنداڵ، دایکی شوو دەکاتەوە و حەسەن لە بێکەسیدا ڕوو دەکاتەوە گوندی هەرمێلە و لە بەردەستی ئەو ئاغایەی بابی مەیتەریی بۆ کردبوو؛ و بە هۆی لێهاتووییەوە نازناوی زیرەکی پێدرابوو، درێژە بە رەنجۆری دەدات. هەرچەندە هەر لە تەمەنی تازەلاویدا هەست و هەناسەی ناسکی خۆ دەنوێنێ و ئاوازی دەنگی دیوەخانی ئاغا و گەورەکان دەڕازێنێتەوە بەڵام رۆحی

سەربزێوی حەسەن دۆخی کویلەیی دەبەزێنێ و بە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئاغا خۆی ئاوارەی شار و گوندەکانی کوردستان دەکات. پاش ماوەیەک وەکوو شاگرد شۆفیری مینەخانی ئەردەڵانی سەقز لە ڕێگای سەقز-بانە دەست بە کارکردن دەکات، بەڵام لە ڕووداوێکی پێکداداندا منداڵێک دەکوژێ و حەسەن لە ترسان خۆی ئاودیوی سنوور دەکات و لە شاری بەغدا دەگیرسێتەوە. پاش ماوەیەک کارکردن لە هۆتێل و چایخانەکانی بەغدا، دەنگە ناوازەکەی دەبیسترێ و هۆگری کورد و عەرەب پەیدا دەکا؛ هەر بۆیە لە ڕادیۆ بەغدا بانگهێشت دەکرێ و ئەزموونی هونەری خۆی بە شێوەیەکی فەرمی‌دەست پێ دەکات. زیرەک بە ناسین و پێوەندیی لەگەڵ گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون، بەهرەی هونەریی خۆی پێدەگەیەنێ و سۆزی ئاوازی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەرزەناو دەبێت. پاش شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق، بە ناچاری بەغدا بەجێدەهێڵی و وادیارە ئەم ناچارییەش بە بۆنەی گۆرانی وتن لە بۆنەی‌هاتنە سەر تەختی مەلەک فەیسەڵی دووهەم بووە کە لە شۆڕشی نوێدا وەکوو تاوانێکی سیاسی دێتە ئەژمار. زیرەک پاش دە ساڵ پێگەیاندنی بەهرەی خۆی

لە بەغدا و دەرچوونی ناوبانگی هونەری، لە رادیۆ تاران پێشوازی لێ دەکرێت و لەوێیش بە ماوەی دوو ساڵ ئەزموونی هونەریی سەرکەوتووی خۆی تۆمار و بڵاو دەکاتەوە و هەر لەو سەروبەندەشدا لەگەڵ میدیا زەندی ژیانی هاوبەشی پێک دەهێنێت. دواتر دەچێتە بەشی کوردی رادیۆ کرماشان و لەوێندەرێش ٢ تا ٣ ساڵ درێژە بە چالاکی هونەری دەدات؛ لەو ماوەیەدا هەندێ بەزم و گۆرانی حکوومەتی پێ دەخوێنن و پاشان بۆ هەمیشە دەنگی لە ئێزگە و بڵاوکراوەی ڕەسمیدا کپ دەکەن و دووری دەخەنەوە. حەسەن زیرەک پاش تەمەنێک هەوڵ و چالاکی هونەری ناوازە، دیسانەوە دەکەوێتە سەر ساجی عەلی و ناچار دەبێت نەوەک هونەرمەندێکی پرۆفیشناڵ و خاوەن تیپ و ناوەند، بەڵکوو وەکوو چایچییەک لە کانی مەلا ئەحمەدی شاری بانە درێژە بە ژیانی پڕچەرمەسەری خۆی بدات. دواساتەکانی تەمەنی خۆی دەچێتە شاری شنۆ و وەکوو خۆی دەڵێت "**ئاخیری پیرییەکەم هێناوە شنۆ**"؛ لەوێ دەگیرسێتەوە تاوەکوو نەخۆشینەکەی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و لەوێوە بۆ بیمارستانی شاری ورمێ بەڕێ دەکرێت. بەڵام وادیارە شێرپەنجەی نەگریس، ڕەگ و

ریشاڵی خۆی لە هەناوی زیرەکدا پتەو کردوە و ئامانی ژیانی لێ بڕیوە، هەر بۆیە بۆ چاوەدێریی کۆتایی بەرەو نەخۆشخانەی شاری بۆکان بەڕێ دەکرێت و پاش ماوەیەک مۆمی تەمەنی درەوشاوەی روو لە خامۆشی دەنێت. تەرمی بێسرتە و بێدەنگی حەسەن لەسەر گردی ناڵەشکێنەی بۆکان بەخاک دەسپێردرێت بەڵام ئاوازی ناوازەی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنگدار و پرشنگدار بۆ هەتاهەتایە دەزرینگێتەوە.

# خودایە،
# ئەو حەسەن زیرەکەت بۆ لێسەندینەوە؟!

رێبوار سیوەیلی



(١)

پێنج ســـاڵ پێش ئەوەی لەدایک ببم، ســـەردانی گوندەکەی ئێمەی کردووە و چەند شـــەوێک لەوێ میوان بووە و گۆرانیی گوتووە. بەڵام من بۆخۆم لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیمدا، لە ڕادیۆی دەنگی کرماشـــانەوە ناســـیم، کاتێ لەدوای دەنگە ســـــیحرییەکەی کـابرایەک، کە جگە لە شــــوکرولای بابان کەســـــی تر نەبوو، گۆرانیی دەچڕی. زیرەک، زۆر پێش لەدایکبوونی من هاواری کردبوو، بەڵام دڵنیـام تـا بمێنم دەنگی ئەو لە ڕۆحمدا دەزرینگێتەوە. ئەو مرۆڤێک بوو، هەژاری و کۆژان و ئازار دروســـتیان کرد، کەچی نەتەوەکەی خۆی بەجۆرێ دەوڵەمەند کرد، میراتێکی ڕۆحیی ئەوتۆی بۆ بەجێهێشـتین، کە لە مێژوودا نموونەی نەبوو.

لەوە دەچێ حەسەن زیرەک بە مانایەکی سیمبولیکیانە ئەو دەنگە ئومێـدبەخشـــە بێـت، ڕووبەڕووی ســـنوورێکی دەســـتکرد، کە لە شـــەڕی چاڵدێرانەوە لەنێوان کوردی خۆرهەڵات و باشـووردا دروسـت کرابوو، بەرز دەبێتەوە. ئەو لە سەردەمێکدا کە کوردی خۆرهەڵات لەمدیو قاچاخ و هی ئێرە، لەوێ قاچاخ کرابوون و سنوورەکان پڕ کرابوون لە گوزارشـــچی و جاســـووس و تا دەهات وڵاتی ئێمە

بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی ئێرانی و عێراقی، دوو لەت و پارچەپارچە دەکرا و کوردانیان لێکتر دوور دەخستنەوە، حەسەن زیرەک پردێکی لە ئاواز دروست کرد و بە گۆرانی و ئامادەییەکانی خۆی لەمدیو لەو دیو، هەوڵیدا تاکوو ئەو دابڕانە سیاسی و دەستکردە، نەبێتە دابڕانێکی ڕۆحی و کولتووری و مەعنەوی.

(٢)

میراتی حەسەن زیرەک بە پلەی یەکەم میراتێکی ئێستاتیکی و هونەرییە، ناوەڕۆکی ئەم هونەرە باس لەو بارودۆخانەی ڕۆحی مرۆڤ دەکات، کە بە پلەی یەکەم زادەی ژیان و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییانەی هونەرمەندەکەیە و بە پلەی دووەمیش ئەو ناوەڕۆکە باس لە ناخی مرۆڤ دەکات وەکئەوەی کە بوونەوەرێکی هەستەوەرە. ئێمە لە ئێستادا ئەو شێوە ژیان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەمان تێپەڕاندووە کە بۆتە ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری هونەرەکەی حەسەن زیرەک. یان بە لای کەمەوە وا بانگەشە دەکەین، کە ئەو بارودۆخەمان تێپەڕاندووە! لەو بانگەشەیەدا هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین: ئێمە ناچار نین عەودالّی گەڕانەوە بین بۆ ئەو شێوازە ژیانە. ئەو شێوازە ژیانە بەهای خۆی لە سەردەمی خۆیدا بوو، وەلێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ بەهای دیکە، چ لە ژیان و چ لە هونەر و

گۆرانیدا، خۆیان سەپاندووە. بەم مانایەش بێت، ڕۆژگاری ناو گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و خودی ئەم هونەرمەندە بۆ ئێمە بەسەر چووە، ئەگەرچی لە هەرلا دەبینین و گوێمان لە دەنگی ئەوانەش دەبێت کە بە شێوازێکی نۆستالژییانە یاد و لاسایی حەسەن زیرەک دەکەنەوە.



(٣)

وەلێ ئەوەی کە ئیستاتیکای حەسەن زیرەک تا هەنووکەش لەگەڵماندا دەژی و بۆ حاڵەتە ڕۆحییەکانمان پێویستە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو بەشەی دیکەی هونەرەکەی ئەم پیاوە، تا لووتکە لە ناخێکی مرۆڤانەوە هەڵقوڵاوە و بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕەهەندەی ناخماندا دەکات، کە وازهێنان لێی ئاسان نییە. بەم مانایەشیان بێت، حەسەن زیرەک تا ئەو کاتەی ئێمە ناخمان زیندووە، ئامادەییەکی بەردەوامی لە ژیانی ئێمەدا هەیە.. بۆیە هەڵسەنگاندنە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییە لە خۆڕازییەکان سەبارەت بە کۆن بوون و نوێیەتی کاری هونەری، لە بەردەم بەرگریی هونەری حەسەن زیرەکدا لە مانەوەی خۆی، شکستیان هێناوە و هونەری زیرەک بە هەموو خۆماڵیبوون و لۆکاڵگەرایی و نازانستیبوونێکیشییەوە لە ئێمەدا زیندووە و گەرووی ئەم هونەرمەندە وەک دەست و پەنجەی ئەو قاڵیچنە کوردانەی جوانترین نەخشەکان دەچنن، لەسەر ڕۆحی ئێمە هونەرێکی نموونەیی چنیوە، کە ڕەنگە ڕۆژگار لەژێر کاریگەریی بانگەشەی جۆربەجۆردا بیرمان بەرێتەوە، بەڵام کاڵیان ناکاتەوە. ئەو دژە داگیرکارێکی پێش هوشیاریمان بوو بە داگیرکاری و ئەوکاتەی ئەو لە وشە و دەنگ و چڕین سەنگەری مانەوەی شوناسی

کوردبوونی لە هونەری ڕەسـەندا لێدەدا، ئێمە عەودالّی سـوالّی هونەری بەسـەردا سـەپاو، کۆپیکراو، دزراو و بازاڕیی ئەوانی تر بووین و تا لوتکەی سـەرسـووڕمان. پاشانیش هەر خۆمان ئەم جۆرە هونەرەمان کردە هونەری نموونەیی و بـایی ئەوەش کە بووینە خۆبەکۆیلەکردووی هونەری ئەوانی تر، نموونەکانی وەک حەسـەن زیرەکمان خستنە دواوە..

(٤)

زیرەک یەکەمین نییە، بـاسـکردنی ئەو وەک "یەکەمین هونەرمەند" کە وایکرد و وا چوو، بێمـانـایە، چونکە لەگەڵ گریمـانەکردنی ئەودا وەک "یەکەمین"، دەبێـت بـاس لە دووەمین و سـێیەمینەکانیش بکەین و ئەوکاتەش بریقە و باقی "یەکەمین" کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە. بەڵام ئەو بەردەوام و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و وردبوونی زەوقی تایبەتیمان لەژێر زەبری هونەری بـازاڕیی بێڕۆحـدا، بریسـکە و کاریگەریی زیاتر و بایەخدارتر دەبێت. هەموو ئەم قسـانە پێماندەڵێن: حەسـەن زیرەک، ئەو پیاوە "نەخوێندەوارە"، "شـایەرە"، "لۆتییە"ی ڕۆژگارێکی دوور و درێژ لە پێناوی نان و ژیان و هونەردا ئەمدیواو دیوی دەکرد، ئەو مرۆڤەی پۆلیسـەکانی سـەرسـنووری عێراق و ئێرانی دەسـتکرد، لەسـەر خاکی کوردسـتان، کەلەبچەیان لە دەست دەکرد و

ئەو کەسەی عەقڵیەتی هەڕەمەکی کۆمەڵایەتی کورد، سەدان توانج و ئیدیعایەیان بۆ هەڵبەستبوو، لە مەجلیسەکاندا سووکایەتیان پێ دەکرد و کەسایەتی خۆی و هاوسەرەکەیان بریندار دەکرد، بە عارەقخۆر و سووک ناویان دەبرد، هونەرمەندێکی دانسقە و بێنموونە و ئۆریگینالْ بوو.
ئەو ساتەوەختی دانسقەیی لە موزیکدا و گۆرانیی کوردیدا چەسپاند، بەدەگمەن نەبێ، لاسایی کەسی تری نەکردەوە، بەڵام لەشکرێ لە لاساییکەرەوەی دروستکرد و خەسڵەتی چیاییانە و بەهاریانەی لە گۆرانیی کوردیدا بەجۆرێ چەسپاند، کە هەمیشە وابزانین لوتکەیەک هەیە پێویستە بچینە سەری و بەهارێک بەڕێوەیە پڕە لە سەیران. ئەو لە پێدەشت و گەرمەسێردا خەیاڵی ئەوەت دەخاتە زەینەوە کە هەست بە فێنکایەتی بکەی. لە بەردەڵانیی چیاکان و بایەرترین عەردا، بیرۆکەی هەڵقووڵانی کانیاوێکت لەلا دروست دەکات.

(٥)

با نەچووبیتە کرماشان، وەلێ ئەو کرماشانت لەلا شیرین دەکا.. لە تەنیاییەکانی غەریبایەتی، هاودەمێکە پڕت دەکات لە ئیرادە و نۆستالژیا. لە بێکەسی و زویربوونەکاندا هەمیشە دەتهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەردەم (سەبری

و لەیلا و خـاتوونێک) هەن تۆراون و دەبێ ئـاشـــتیـان بکەینەوە.
زیرەک لە لوتکەی نـاوبـانگیـدا و لەنـاو کۆمەڵگەیەکی نێرســـالار و ئافرەتکوژی داخراودا، لای لایە بۆ خانمێکی ســـوورە گوڵ دەکـات و داوای لێ دەکـات خۆی ببێتە خوڵامی تاکوو بەســـەر پەنجەی جۆلانەی بۆ ڕابژێنێ بە جۆرێ کە لە خەوی هەڵنەستێنێ. ئەو لەجیاتی پاڕانەوە لە خودا بۆ چوونە بەهەشت، هاوار دەکا: (خوایە هەڵکەی بای شـــەماڵی/با دەرکەوێ خەت و خاڵی) و، لە خەڵوەتەکانی ڕۆحیشدا پەنا بۆ مانگ دەبات و باسی هاودەردی خۆی و ئاسمان دەکات و کاتێ بیرۆکەی مەرگیش یەخەی دەگرێ: دەچێتەوە ســەر گردی (ناڵە شـکێنێ) بەرامبەر بە بۆکانێ، لەوێ ئارامگایەک بۆ خۆی چێ دەکات.

(٦)

یۆنانییە کۆنەکان سێ جۆر پۆلێنکردنیان بۆ کاری هونەری هەبووە: تەخنە، میمیسیس و پۆیسیس. تەخنە لەلای ئەوان زاراوەیەکە، ئاماژە بۆ پرۆسـەی کارکردن و دروسـتکردنی شـــتێک بە تەمای ئامانجێک، دەکات. بۆ نموونە دارتاش کورسـیی بە ئامانجی ئەوە دروسـت دەکات، کە لەبار بێت بۆ ئەوەی لەســـەری دابنیشـــین. کورســـیی باش، ئەنجامی تەخنە و پیشـەی باشـە و ئامانجی کەسـێکیش پیشـەکەی

کورسی دروستکردنە، ئەوەیە کە کورسیی بکاتە ئامراز و شـوێنێکی ئاسـوودە بۆ دانیشـتن. بەم پێیە زاراوەی تەخنە ئـامـاژەیە بە مەهـارەت و لێهـاتوویی تەخنەکـار (مرۆڤی پیشەیی) لە کارەکەی خۆیدا.

پۆلێنی دووەم (میمیسـیس)ـــــە: ئێمە لە زمانی خۆماندا لە جیاتی زاراوەی میمیســیس، وشــەی لاســاییکردنەوە، یان گێڕانەوە بەکار دەهێنین. لاســــاییکردنەوە و گێڕانەوە لە مـانـای کۆمەڵایەتییانەی خۆیـانـدا خۆش بەرگوێ نـاکەون. تەنانەت بۆی هەیە بە کەمایەسی بۆ لاساییکەرەوە دابنرێ و ببێتە شـــــوێنی گاڵتەجاڕی. پێکەنین لەم بـارەدا، زیـاتر لەوەی دەربڕینی دۆخێکی ســـــایکۆلۆژی بێـت، دەبێتە ئامرازێک بۆ شکاندنی ئەوەی پێی پێدەکەنین. لە تێگەیشتنە یۆنـانییە کۆنەکەدا، میمیســـیس دوو جۆری هەیە: یەکەم، هەموو بەرهەمێکی هونەری جۆرێکە لە میمیســــیس، واتە دووبـارەکردنەوە. بەتـایبەتی دووبـارەکردنەوەی، یـاخود تەقلیدکردنەوەی شــتە ئاســاییەکان، وەک تەقلیدکردنەوەی پەیکەرێ لە وێنەکێشـــاندا، یان دەنگێکی ســرووشـــتی لە گۆرانی و موزیکدا. بەڵام میمیســــیس لە مانای دووەمیدا بریتییە لە خستنەڕووی کاراکتەر و کەسایەتی ناو بەرهەمە هونەرییەکان وەکئەوەی کە گوایە ڕاستەقینەن.

هەرچی زاراوەی پۆیسیسە، لەلای یۆنانەکۆنەکان بە مانای (ئەفراندن) دێت لە پەیوەندیی بە کاری هونەرییەوە. ئەوان

دەیانگوت هونەر وەک (پۆیســــیس) واتە ئەفراندنی کاری هونەری لە نەبوونەوە بۆ بوون. شــــتێ کە نەبێــت و نموونەی نەبێ و هەرگیز نەبووبێت، دابهێنرێت و بوونی پێ ببەخشرێ و بکرێتە نموونەی ئەفراندن و داهێنان، ئەوە (پۆیســــیســــە). هونەرمەندە گەورەکان، یان داهێنەرەکان ئەوانەن کە بە هۆی کاری هونەرییەوە، ژیانێک، بەرهەمێک لە نەبوونەوە، لە نـادیـارەوە بەرهەم دەهێنن و بوون و ئاشکرایی و بەرجەستەیی پێ دەبەخشن.
بەپێی ئەم تێگەیشـــتنە بێت، هونەرمەند لە ســـاتەوەختی داهێنـان و خەڵقکردنـدا، هیچ نموونەیەکی پێشـــتری ئەو بـابەتەی نییە کە لە بەرهەمەکەیـدا دایـدەهێنێ و مـانـای پێدەبەخشـــێ. پێدەچێت وشـــەی ئەفراندن، یان داهێنان و بەدیهێنـان، لە مـانـای پۆیســــیســــەوە نزیکتر بن. کەواتە دەتوانین بڵێین: وشـــەی (پۆیســـیس) ئاماژەیە بە داهێنان، وشـــەی (تەخنە) ئـامـاژەیە بە پیشـــەیەک و وشـــەی (میمیسیس)یش ئاماژەیە بە کاری هونەری.

(٦)

بەپـێـی ئەم پـۆلـێـنـکـردنە حەســـەن زیـرەک، کەمـتـر لاسـاییکەرەوەیە و ئەو کاتەی لاسـایی دەکاتەوە، لاسـاییی کەســـایەتییەکی وەکوو ســـەی عەلی ئەســـغەری گەورە هونەرمەنـد دەکـاتەوە: (ئەی ڕەفیقـانی تەریقەت دەردی

عیشـــقم چارەکەن..)، بەڵام لاســـاییکەرەوەیەکی خراپە. لەبەرامبەر ئەمەشـــدا، ئەو لە بەشـــێکی هەرە زۆری کارەکانیدا، تەخنەکارێکی کارامەیە و بە دڵنیاییشـــەوە بەردەوام: ئەفرێنەرێکی مەزنە. ئەو بەدیهێنەری ڕەوتێکی نوێیە لە گۆرانی و موزیکی کوردیدا، کە بۆ قســـەکردن لەســـەر لایەنی تەکنیکی موزیکەکەی پێویســـتە گوێ لە پســـپۆڕانی ئەو بوارە بگرین. پســـپۆڕانێک کە نەک هەر لە بواری موزیکدا بڕوانامەیان هەیە، بەڵکوو کەســـانێک کە ڕوانگە موزیکییەکـان تیکەڵ بە ڕوانگەیەکی کولتووریی فراوانتر دەکەن و لەوێدا ڕۆڵی موزیکی زیرەک و هاوشـــێوەکانی بەرجەســـتە دەکەن. وەلێ هەمووومان دەتوانین ســـەبارەت بە کاریگەریی دەنگ و مۆزیک و گۆرانییەکانی ئەم مرۆڤە لەســـەر ناخی خۆمان، قســـەی خۆمان هەبێ. هەمووومان مافی ئەوەمان هەیە باســـی ئەزموونی گویگرتنی خۆمان لەم هونەرمەندە بکەین. ئەم قسەکردنەش لەسەر حەسەن زیرەک، لەلایەکەوە گرنگی و بایەخ و پێویســتیی هونەری ئەو، بۆ ســەر ڕۆح و جیهانی ناوەکیمان ئاشــکرا دەکات و لەلایەکیتریشــەوە، وەڕســیی ئەم ســـاتەوەختەمان لە لافاوی ئەو هەموو بەرهەمە بۆ ئاشـــکرا دەکات، کە تەنیا بۆ مەســـرەفکردنی ڕۆژانە بەرهەمهاتوون و بەدەگمەن تینوێتیمان دەشـــکێنن. ئەو هێرشـــە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی لە ســـەردەمی ژیانی

زیرەک خۆیدا دەکرایە سەری، ئێستا پێچەوانە بۆتەوە و لە لایەن هونەرێکی بـازاڕی و کۆپیکراو، بە شـــێوەیەکی نـاڕاســـتەوخۆ و بەربڵاو دەکرێتە ســـەر زیرەک و هونەرەکەی.. ئاخر بەربڵاوی ئەم بازاڕەی کە دەرفەت بۆ هەموو ناهونەرمەندێک دەڕەخسێنێت، کە وەک هونەرمەند دەرکەوێت، بۆ خۆی هێرشـێکی ڕاسـتەوخۆیە بۆ سـەر هونەرمەندانی وەک زیرەک و دوورخســـتنەوەی نەوەی نوێ لە میراتی زیرەک و هـاوپێگەکـانی.. ئەوەی کە ســیاســەتی کولتووری داگیرکەران لە ئاسـت زیرەک و هونەرەکەیـدا، پێیـان نـاکرێت، ئەم پـاشــکۆ و کۆپیکەرە کوردانەی خۆمان بە باشـترین شـێوە بۆ نەیارانی موزیکی ڕەســەنی ئێمەی دەکەن و زەمینە دەڕەخسـێنن بۆ ئەوەی ئەوانی تر بەڵگەیان بێتە دەست کە موزیک و هونەری ئێمە لە هی ئەوان دزراوە؛ نەک پێچەوانەکەی!

(٨)

پشتگوێخستنی هونەری حەسەن زیرەک بە کەناڵ و میدیا بە کلیـپ مەســـتبوو و بێهۆشـــکراوەکـانی هەرێمی کوردســـتانەوە، زۆر دیـارە. ئەوان بە نومـایشـــدانەوە گیرۆدەبوون و لە زۆرینەی کاتدا لە هونەر و جوانی بەتاڵ. من ئەوەندەی گۆرانیبێژ دەبینم کە گرێ و هەسـتکردن بە کەمایەتییەکانی خۆی نومایش دەکات و لە کەنار ســیمای

"کچە جوانەکەی ناو کلیپ"دا سیما و سەلیقەی خۆی دەخاتە پەراوێزەوە، بەزەییم بە داهێنەرێکی گەورەی وەک زیرەکدا دێتەوە، کە نە دەنگی لەو کەناڵ و میدیایانەوە دەبیستم و نە سیمایشی دەردەکەوێ.
باشتر، چونکە بیرکردنی ئەو ناچارم دەکات، خۆم لەو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیانە بدزمەوە و لەگەڵ ئاوازەکانی ئەودا گەشتێک لەگەڵ دەنگێکدا بکەم، کە بێگومان لە سەدەیەکدا بەرجەستەکەر و پەروەردەکەری هەستی جوانیناسانەی مرۆڤێکە، کە سەدەی کوشتن و هێرشێکی هەمەلایەنەیە بۆ سەر ئەم مرۆڤە. بەڵام دواجار زیرەک جەنگی خۆی دەباتەوە، ئەو جیهانی ئێمە وەک جیهانی هونەری خۆی ڕەنگاوڕەنگ دەکات: جارێ دەژی و چەندجار دەمرێ، گاهێ دەگری و گاهێ دەتۆرێ و گاە هەڵدەپەڕێ، جاری وایە نائومێد و زۆرینەی جارانیش پڕ لە مەستی و هیوا.
ئەو کوڕی سەردەم و نەتەوەکەی خۆی بوو: بەرگریی لەبەرامبەر ناهەمواری ژیانیدا کرد و هەرەسی لەگەڵ هیچ هەرەسێکدا نەهێنا و مایەوە. بەڵام هەمیشە ژیان پەرست و لە عەشقدا مەست و بێئۆقرە و نامۆ مایەوە.

(٩)

دڵنیام حەسەن زیرەک ئێستا لەناوماندا ژیابایە، یان بەتەواوی لە هونەر دوور دەکەوتەوە، یانیش هونەری

بازاڕی و شاشە، دەیقۆستەوە و لەگەڵ "کچەکەی کلیپ"دا، کە بێگومان کورد نەدەبوو، خەریکی تۆران و ئاشتبوونەوە و جیابوونەوە دەبوو. ئەو ئێستا لێرەبایە، دەمرد. بەڵام نەک شوققە و هوتێلیان بەناوەوە نەدەکرد، بەڵکوو ناوەکەشیان لەسەر کوێرە شەقام و دێبەرە پارکێکیش نەدەنووسی، چونکە لە گەندەڵکردنی گۆرانی و موزیکی نەتەوەکەیدا بەشداری نەکردووە. حەسەن زیرەک لە ئێستادا ئەگەر سەنگەرێکی دژەکۆلۆنیالیستانەش نەبێت بۆ بەرگریکردن لە هونەری ڕەسەنی کوردی، ئەگەر نەشمان توانیبێت وەک پایەیەکی دژە داگیرکاری لە هونەردا پیناسەی پێگەکەی بکەین و ...، ئەوە پێوەرێکی باشە بۆ جیاکردنەوەی هونەری ڕەسەن و شوناسبەخش لە بەناو هونەری بازاڕی و نومایشی. ئەو کە شوناسی خۆی لە دەنگ و شێوازی چڕیندا دەردەبڕی، بۆ هەمیشە پێوەرێکە ئاشکراکردنی نەشازی و ناخۆشیی دەنگی ئەو قارچکە ژەهراوییە هەڵتۆقیوانەی "مامۆصایان"ی هونەر، ڕۆژانە لە شاشەکانەوە بەسەرماندا دەیانپەخشنەوە. پەخشینەوەیەک، کە ژەهرەکەی هیچی لەو گازە قەلاچۆکەرانە کەمتر نییە کە جەستەی مرۆڤی کورد دەکەنە ئامانج و ئەمانە ڕۆحیشی دەکەنە نیشانە.

(١٠)

هیچ شـــتێک لەوە ناخۆشـــتر نییە، بە هووشـــیاریی دەنگی حەسەن زیرەکەوە، لە سەردەمێکدا بژیت کە سەدان دەنگی نەشـــاز و ناڕەســـەن ڕۆژانە لە کەناڵەکان و بۆنەکان و میـدیـاکـانەوە، ژەهری ڕۆح دەچێنن. هیچ نەوەیەک وەک نەوەی ئێســـتا لە ڕووی ئێســـتاتیکییەوە هێندەی نەوەی ئێستا غەدری لێ نەکراوە، کە بە شێوەیەکی بەناو هونەری، بازاڕییانە و نومایشـییانە کەسـانێکی بەسـەرەوە کراون بە هونەرمەند، لەســـەر حســـابی هونەری بەرز و نەمری کەسانێکی وەکو زیرەک..
خودایە کە تۆ لە سەردەمی هەرەس و هێرشەکاندا بۆسەر نیشـتمان، حەســەن زیرەکت بەو کوردانە بەخشــی، چۆنە ئـاوا لە ســـەردەمی هەرەســـی ڕۆح و بێزەوقیـدا، لێت ســـەندنەوە و کلیپ بارانت کردن؟ خودایە غەزەبی ئەو کلیپانەیان لەســـەر هەڵگرە، کە هونەری ڕاســـتەقینەی بیر بردوونەتەوە و لەهەر کـات زیـاتر تەنیـاتری کردوون. خودایە، با ئەو حەسەن زیرەکە بێتەوە..

# بەرگرییەک لە هونەرمەند حەسەن زیرەک

## لە یادی سەت ساڵەی لەدایکبوون و پەنجا ساڵەی شەهیدبوونیدا

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن



(... جێم نەبووەوە، جێم نە بووەوە، لە عێراق و لە ئێران جێم نە بووەوە، شـــوێنێکم نەدی تێیدا بژیم، لە بەینی دوو ســـێ کێودا چـایخـانەیەکی پەڕتوکـاو و نـاخۆش و عەجـایبم هەیە، ئەگەر بێن تەمـاشـــا بکەن، تەعەجوب دەمێنن کە من چۆن لێرە دەژیم. نـا.. پێمخۆشـــە کاســـبی لێ دەکەم، هونەر لەنێو کورددا قەدری نەما؛ هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆ من کـارێکی نەکرد بە شوێنیا بچم؛ چۆن کوردم و بە زمانی کوردی قسە دەکەم.) حەسەن زیرەک؛ لە کاسێتی ئەبوو سەباح.

**پێشەکی :-**

لەماوەی ڕابردوودا ناونیشـانی نووسـێنێکم بەرچاو کەوت، کە نووســـرابوو: (ئایا حەســـەن زیرەک هونەرمەند بوو؟) لەژێر ناوی نووســـەری بەڕێز ( ئەحمەد ئەمانی)، بۆ من جگە لە ناونیشـانەکە ناوی نووسـەرەکەش نوێ بوو. زۆر بە تاســـەوە کەوتمە خوێندنەوەی نووســـینەکە. دەرکەوت ئەم نووسینە بەردەوامی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەیەکە لەنێوان

بەڕێزان: (دکتۆر بینەنـدە و دکتۆر ئەحمەد ئەمـانی)[1] بەداخەوە زۆرم هەوڵدا نووسینەکانی پێشترم دەسنەکەوت و نەمزانی گفتوگۆکـانی ئەم دوو بەڕیزە لە چییەوە و لە کەیەوە سەری هەڵداوە.

چوونکە لە نووسـینەکەدا بەڕیز ئەحمەد ئەمـانی، جگە لەوەی لە سـەرەتـادا ڕووی قسـەی لە بەڕێز دکتۆر بینەنـدەیە، ڕا و خواسـتی خۆشـی بۆ هونەرمەنـد و هونەرمەندبوون بە کێش و پیوی ڕۆژاوایی خسـتووەتە ڕوو، ئەمە خواستێکی ڕەوایە و ئەو بەڕێزە مافی خۆیەتی، هیوای چ جۆرە هونەرمەندێک بخوازێ. بەڵام خواسـتی هونەرمەندبوون بە کێش و پیوی ڕۆژئاوا لە کوردستانێکی بەو حاڵ و بەم ڕەنگە پێم وابێ زۆر لەگەڵ واقیع ناگونجێ، کوردستان و ڕۆژاوا، کورد گوتەنی هەرخودایان یەکە.

لەوەش گەڕێ، لە تەواوی کورتە نووسێنی – ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەند بوو؟–دا هێندە بە هەناسـەیەکی تازە و

---

[1] ئەم نووسـینە هی بەڕێز (ئەحمەد ئەمـانی)یە کە دواجـار دەرکەوت ئەحمەد ئەمانی مامۆسـتای زانکۆیە و دکتۆراکەی پسـپۆریەکی گرنگە ئەم نووسـینەشـی وەڵامیکە بۆ بەڕێز (دکتۆر بینەندە)، بەداخەوە نەمتوانی نووسـینەکەی دکتۆر بینەندە بەدست بێنم و بزانم بنەمای ئەم نووسێنانە لە چییەوە سەری هە ڵداوە.

توند کەوتووەتە داماڵینی زیرەک لە – هونەرمەندبوون، کە لای مامۆســـتا ئەحمەد ئەمانی، زیرەک نەک لە ڕابردوودا هونەرمەند نەبووە، زیرەک ئێســتاش هەر هونەرمەند نییە. ســەرەڕای ئەوەش مامۆسـتا ئەحمەد دواکەوتن و تەواوی نـادادپەروەری نێوەنـدی هونەری دەداتە پاڵ زیرەک. هەر ئەوەش لە وتاری–ئایا حەســەن زیرەک هونەرمەند بوو؟–دا دەخوێندرێتەوە.

**دە دەقیقە گوێ نەگرتن لە زیرەک**

لە ڕاستیدا مامۆستا ئەحمەد ئەمانی تەواو مافی خۆیەتی – حەسـەن زیرەک – و هەر هونەرمەندێکی تر بە هونەرمەند بزانێ یان نەزانێ. دەنگی زیرەکی لا خۆش بێ یان نا. وەک خۆی دەنووســێ: "ڕوونتر، حەســەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەرمەند بێت سـۆزڕاکێشـێکی عەیار ٢٤ە، بەڵام با کڵاو لەســـەر خۆشـــمان نەکەین چەند کەس لە ئێمە دەتوانێت ڕۆژێـک تەنیـا بۆ دە دەقیقەش بووە گوێ لە حەســـەن زیرەک بگرێت؟" بەڵام لە تەواوی نووســێنەکەی مامۆســتا ئەحمەد ئەمانیدا، چ ئەوەی لەبارەی کەســـایەتیی زیرەک وەک تـاکێکی نێو کوردەواری دوو وڵاتی داگیرکەر و چ

وەک هونەرمەندێکی هەمیشـــە ڕاونراو، چ ئەوەی لەبارەی هونەرەکەیەوە قســـە دەکات. هیچ بەڵگەیەکی نەهێناوەتەوە و تەنیا ڕای خۆیەتی. ناکرێ ئەمانە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بن لە ژیــان و هونەری زیرەک. چۆن بەڕێزێکی وەک (دکتۆر ئەحمەد ئەمــانی) خــاوەن بڕوانــامەیەکی بەرز و پســـپۆڕییەکی گرنگە. ئەگەر تەواوی ژیانی پەنجا ســاڵ و شـــەش مانگەی زیرەکی خوێندبێتەوەو ڕای بەم شـــێوەیە دەبێت. بەداخەوە هەرچی بیر لە ڕایەکانی دکتۆر ئەحمەد دەکەمەوە ســـــەبارەت بە زیرەک و هونەرەکەی، ســـــەیر دەکەم زانیارییەکانی لەوە تێپەڕ ناکات کە هەرکەســـێک لەســـەر زارەکی و لەنێو خەڵکدا بیســـتبێتی. چوون ئەگەر بەڕێزێکی ئەکــادیمی وەک دکتۆر ئەحمەد بیەوێ ڕای حیســـــابی هەبێت و قســـــە لەســـــەر –هونەرمەندێکی ئەفســـانەیی– وەک زیرەک بکات، ئەوە ســـەرەتا دەبێ ئەو ٢٥ تا ٣٠ کتێبە و سەتان وتارو نووسینەی خوێندبێتەوە و گوێ لە سەتان و سەتان بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی و کۆڕ و ســـــمینارە گرتبێ کە لەدوای مەرگی زیرەک لە ١٩٧/٦/٢٦وە بەردەوام لە ئێران و عێراق و کوردســـتان و دەرەوە دەنووســـــرێن و دەگوترێن و دەگێڕدرێن و بڵاو

دەکرێنەوە. ئەگەرنا بە هیچ شـــیوەیەک نەیدەنووســـی: "با کڵاو لەسەر خۆشمان نەکەین چەند کەس لە ئێمە دەتوانێت ڕۆژێک تەنیا بۆ دەدەقیقەش بووە گوێ لە حەسەن زیرەک بگرێــت؟) ئەو بەڕێزە نەک هەر لێکۆڵینەوەی نەکردووە، بەڵکە وەک ئەوە وایە لە کوردستانیش نەژیابێ.

حەســـــەن زیرەک، لەو ڕۆژەوە و لە ســـــاڵی ١٩٥٣ و لە ڕادیۆی بەغدا چریکاندی –ئەسمەر یارم جوانە-وە تا چەند ڕۆژێـک پێش مەرگی ژەهرخواردکردنی و دوا گۆرانی – وا من نەخۆشم دەردم گرانە–[٢] لە ١٩٧٢/٦/٢٦ بۆکان گیان دەســـــپێرێ، هەمیشـــــە هونەرمەندی یەکەمی گوێ لێگرتن بووە، چ لە ڕادیۆکوردییەکــان و چ لە زۆر فرۆشــــــتنی گۆرانییەکانی و چ ئێسـتاش لە یوتیوب و سـوشـیال میدیا[٣]،

---

[٢] ئەم گۆرانییە بێ مۆسیقایەی زیرەک یەکێکە لە شاکارە داهێنراوەکانی زیرەک و لێکۆڵینەوەی زۆر دەروونی هەڵدەگرێ و دەچێتە پاڵ تابلۆی (گوێ بڕین)ی داهێنراو و ناودارەکەی (ڤانکۆخ)ی هونەرمەند.

[3] ئەگەر سـەرژمێری گۆرانییەکانی زیرەک بکرێت بۆ زۆر گوێ لێگرتن کە لە تەواوی پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆژانە گوێیان لێ دەگێرێ و بێشــک ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر دێتە دەست.

بەردەوام لە ڕێزی پێشـەوەی هەموو هونەرمەندان بووە و هەیە بۆ گوێ لێگرتن.

خاتوو میدیای زەندی دەنووسـێ: "ڕۆژانە دوو هەزار نامە بۆ ڕادیۆ دەهات سـەتا ٩٩ی بۆ داواکردنی گۆرانییەکانی زیرەک بوو، هەندێک لە گوێگرەکان پووڵیان دەخسـتە نێو پاکەتەکە تا زووتر گۆرانی خواستی خۆیان بڵاو بکرێتەوە". هەروەهـا دەڵێن "هێنـدە نـامەی زۆر بۆ داواکردنی گۆرانییەکـانی زیرەک بۆ ڕادیۆ دەهـات لە کرمـاشـان، ئیدارەی ڕادیۆ و پۆسـت ناچاربوون سـندوقێکی نامەی تایبەت بە ئەو نامانە دابنێن کە بۆ داواکردنی گۆرانییەکانی زیرەک دهـاتن، کە ئەمە پێش زیرەک و دوای زیرەک بۆ هیچ هونەرمەندێکی کورد نەکراوە". دەی مامۆسـتا دکتۆر ئەحمەد ئەمانی دەنووسـێ "کەس لە ئێمە توانای ئەوەی نییە ڕۆژێ بۆ دە دەقیقەش گوێ لە زیرەک بگرێ". بەڕاسـتی ڕایەکی ئـاوا – یەک ڕا!– و دوور لە واقیع نەدەبووایە ڕای دکتۆرێکی لێکۆڵەر بێت لەم سەردەمەدا.

پێم خۆشـە مامۆسـتای بەڕێز ئەحمەد ئەمانی ئەمە بزانێ، کە نزیک بە ٧٠ ساڵە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و

تویێژ و تەمەن و ئـاسـتـەکـانەوە بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانی زیرەک دەگرن؛ عاشـق لە ژوانێ، سـەرخۆش لە مەیخانێ، بەندی لە بەندیخانێ، نەخۆش لە خەستەخانێ، کریکار لەسەر کاری، جۆتێر لە جوتیاری، شوان لە ئاقارێ، ڕێبوار لە ڕێبواری، پێشـمەرگە لە سـەنگەرێ، ڕانەندە لە سـەفەرێ، مەلا پاش نوێژێ، ژن لە ڕێژەو پێژێ، ڕەزوان لەنێو ڕەزی، شوان لەبەر پەزی، ئاوارە لە غەریبی، دڵشکاو لە بێ نسیبی، بووک لە خەنەبەندانێ، زاوا لە گەڕی دیلانێ، کچ لە ڕیی کانی، کوڕ لەسـەر بانی، شـێخ لە خەڵوەتێ، سـەید لە موحیبەتێ، سـەپان لە پەرێزێ، ئازا لەنێو مەتەرێزێ، جوانـان لە شـایی و هەڵپەڕکێ، پیر لەبەر هـەیوان و بەر دەرکێ، بـاوک مردوو لەسـەر قەبران، کۆسـتکەوتوو لەژێر زەبران، هەر هەموویـان بەدڵ و بە گیـان بەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن و بۆی دەژین و بۆی دەمرن.

کێ لوتکەیە؟!

مامۆستا ئەحمەد دەنووسێ "با وردتر بینەوە؛ لە مۆسیقای کوردیدا چەند کەسێک لوتکەن، سەی ئەسکەر کوردستانی،

حەمەی ماملێ، قادر دیلان، عەلی مەردان، لەم دواییەدا عەباس کەمەندی و کامکارەکان و مەزهەر خالقی و دواجار عەدنان کەریم". بەڵێ ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە لوتکەن، لوتکە بوونیشیان زیرەک لە لوتکە بوون ناهێنێت خوارەوە، هەروەها لوتکەبوونی زیرەکیش ئەم بەڕێزانە و زۆری تریش لە لوتکەبوون بێبەش ناکات، بەڵام لە لوتکەبوونیشدا هەموو لوتکەکان لە یەک ئاست نین، هەرکەس بە مەنی خۆی.



پۆرترەیتی حەسەن زیرەک، تابلۆی ڕێبوار خالید

کێ ئۆرگژەنە؟

هەروەها دکتۆر ئەحمەد بەردەوام دەبێت و دەنووسێ "ئەم زنجیرەش کە پێیدا هاتینە خوارەوە بەباشی ڕەوتی ڕەسەن (زانستی) بوونی هونەری مۆسیقا بە ئێمە نیشان دەدات و لەو بەر پردیشەوە لە برایانی زێزێوە بیگرە تاکوو حەسەن زیرەک و سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسی و ئەم جوزەلە و ئۆرگژەنانەی ئەم سەردەمە هەموویان هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەری مێشک خڵەتێنن کە بێجگە لە سۆزاندن هیچی دیکەیان لە بن باخڵدا نییە و ئەم دوو ڕەوتەش لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان و هونەرەکاندا بوونیان هەیە و تەنیا تایبەت بە کورد نییە". ئەم ڕەسەنی و زانستی بوونی ئەم بەڕێزانە، زانستی بوون و ڕەسەنایەتی زیرەک لە کار ناخات، مامۆستا ئەحمەد ئەگەر بڕوای بە هونەرمەندی گەورەی کورد (موجتەبای میزادە) هەبێت، ئەو موجتەبایەی پاش ئەوەی لەسەر دەستی زیرەک فێری مەقامە کوردییەکان دەبێت و لە کرماشان بە قسەی خۆی ١٦٠ تا ١٧٠ گۆرانی بۆ زیرەک مۆسیقا لێدەدات و ناوبانگ پەیدا دەکات، گەورەترین

هونەرمەندانی ئێران بە کورد و فارس و ئازەرەوە هیوایان دەخواســـت کە موجتەبای میرزادە مۆســـیقایان بۆ لێبدا و هونەرەکەیان بەرز کاتەوە.

لە ســـەفەرێکی هونەرمەند موجتەبای میرزادە بۆ سـلێمانی برای نووســـەر و زیرەکدۆســـت (عەبدولی حەمەباقی ) بە موجتەبا دەڵی ئەو دەســـــت و پەنجانەت خۆش بێت کە ئـاســـــتی گۆرانییەکـانی زیرەکـت ئـاوا پێ بەرزکردەوە. هونەرمەند موجتەبـا میرزادە بە گلەییەوە بە مـامۆســـــتـا عەبدولی حەمەباقی دەڵی: "غەڵەت نەکەی حەســـەن زیرک خۆش بێت کە ئاســـــتی منی ئاوا بەرزکردەوە". لە زاری هونەرمەند مامۆســـتا موجتەبا دەگێڕنەوە گوتوویەتی "من گەنج بووم و شـــــارەزای ئـاوازە کوردییەکـان نەبووم، حەســەن زیرەک لە ڕادیۆی کرماشـان کە دەبینێ گەنجێکی بەتوانایە، بەڵام پەنجەی فارســـــییە، ڕۆژانە پاش دەوامی خۆی دێتەوە ڕادیۆو موجتەبـا فیری مەقـامە کوردییەکـان دەکات. تا موجتەبا ئەو موجتەبایەی لێ هاتە بەرهە م کە هات بوو، کە دواجار بوو بە خاوەنی – ئاوازی ئاهورایی و ئەو موجتەباییەی لێ بەرهەم هات. کەواتە ئەو مۆسیقارە

گەورەیەی کورد و ڕۆژهەڵات و هەموو ئێران موجتەبای میرزادە شاگردی زیرەکە و دەستپەروەردەی زیرەکە. ئایا کارەکانی موجتەبا بەگشـــتی و بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ زیرەک کردوونیەتی، نازانســـتین؟ تا مامۆســـتا ئەحمەد ئەمانی زیرەک لە ڕیزی ڕەســەن و زانســتی بوونی بکاتە دەرەوە و بیباتە ڕیزی کەسانێک کە هەرگێز خۆیان و هیچ شـارەزایەکی مۆسـیقا و گۆرانیی کوردیش ئەو جەسـارەتە ناکات.

بە تۆزی پای کێ نەگەیشتن؟

دکتۆر ئەحمەد لە بەردەوامی دەربڕینی ڕایەکـانی خۆیـدا دەنووســێ "واتا کاتێک ئێمە حەســەن زیرەک لەگەڵ ئەم چەند کەســـە بەراورد بکەین تازە تێدەگەین لە ڕووی ڕەســەنایەتی هونەرییەوە حەســەن زیرەک هیچ بە تۆزی پایان ناگاتـەوە کە تـەنانـەت نـاتوانێت خۆی لـە درێژەی ڕەوتی ئەوان و مۆسیقای شوناس-هونەری کوردییدا جێ بکاتەوە". مامۆســـتا لەو چەند کەســـە مەبەســـتی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەیە: "ســـەی ئەســـکەر کوردســـتانی، حـەمـەی مـاملێ، قـادر دیلان، عـەلی مـەردان، لـەم دوایییەدا

عـەباس کـەمـەندی و کـامکارەکان و مـەزهـەر خـالقی و دواجـار عـەدنـان کـەریم"ە، بەڵێ، ئەم هونەرمەند بەڕێزانە لوتکەن، ســـەی ئەســـکەری لێ دەربچێ کە هاو زەمەنی زیرەک نەبووە، ئەو هونەرمەندانەی تر هیچیان کەس لێی نەبیســـتوون و نەخوێندووتەوە کە خۆیان لە زیرەک بە هونەرمەندتر زانیبێ. بەڵام ئەگەر لای هەواداری یەک لەو بەڕێزانە، یەکێکیان لە زیرەک هونەرمەندتر بێت ئەوە مافی خۆیەتی. کەچی ئەو بەڕێزانە هیچ ڕۆژێک ڕایەکی ئاوایان نەبووە؛ مـامۆســـتـا عەلی مەردان کە زیرەک خۆی لە کاسـێتەکەی ئەبوو سـەباح دەڵێ "مامۆسـتا عەلی مەردان گەورەیە، کورد قەدری نـازانێ، من پێڵاوەکـانی دەخەمە سەر چاوم". هەر ئەو هونەرمەندە گەورەیە مامۆستا عەلی مەردان خۆی گوتوویەتی: پاش مەرگی زیرەک من گەرووم نووســـا و هیچی تر گۆرانیم بۆ نەگوترا. لە دانیشـــتنێکدا مامۆســتا محەمەدی ماملێ و مەلا حوسـێنی عەبدوڵلازادە لە وەڵامی میرزا کەریم خۆشناودا، مەلا حوسێنی عەبدوڵلا زادە دەڵێ "کاکە ئێمە زیرەکمان بە مـامۆســـتـای خۆمـان دەزانی"، ئەم قســـەیەش بە ناوی خۆی و مامۆســتا ماملێ دەکات و مامۆستا مامڵێ خۆشـی لەوێ دەبێت و نارەزایی

دەرنابڕێ. بۆ هونەرمەندەکانی تریش کە مامۆستا ئەحمەد ئەمانی بە گەورەتر و زانستیتر لە زیرەکیان دەداتە قەڵەم. ئەمە ڕای خۆیەتی کەس ئەو ڕایەی لەوان نەبیستووە، جارێکی تریش دەنووسم، منیش وەک بەڕێز دکتۆر ئەمانی ئەو هونەرمەندانە بە گەورە دەزانم، بەڵام گەورەیی هیچ هونەرمەندێکی کورد زیرەک لە گەورە هونەرمەندی ناخات.

## حەسەن زیرەک دووبارە نابێتەوە

جارێکی تر مامۆستا بۆ داتاشینی زیرەک لە هونەرمەندبوون دەنووسێ "واتا میلان کۆندرا وەتەنی حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەری ڕەسەن بێت هونەری بازاڕی و کیجە"، بەڵی هونەرمەند حەسەن زیرەک هونەرمەندی نێو بازاڕ و کۆڵان و گەڕەک و ماڵان و سەرگەورەترین شانۆ و سەرشەقام و نێو خەڵکە، ئەوە نەک لەبەر ئەوەی ئاستی هونەرەکەی نزمە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەی هونەری زیرەک هونەری هەمووانە و گشتگیرە، لە کاتێکدا لە ماڵان و لە دانیشتنەکان زیرک گۆرانی دەگوت، هەر ئەو زیرەکەش بوو لە ڕادیۆی دوو

وڵات و له پـایتهختی دوو وڵات و لهگهڵ بهرزترین تیپی مۆســـیقا و باشـــترین ئۆرکســـترای دوو وڵات گۆرانی دهگوت و ڕێزی پێشـهوی هونهرمهندایهتی بۆخۆی بهدست دههێنا. ئهو که لهگهڵ گهورهترین ئۆرکســـتراو زۆرترین مۆســـیقاژهن گۆرانی دهگوت، هونهرمهندی ههموو کورد بوو؛ به هه مان ئاســـت و بهرزتریش که بهتهنیا و بهبێ هیچ ئامێرێکی مۆسـیقی دهیچریکاند، دیســان هونهرمهندی ههموو کورد بوو، زیرهک تهنیـا هونهرمهنـد نه بوو، ســـهرکـرده بـوو، ســـهرکـردهی هـونهرمهنـدان. ئهو سـهرکردهیهی به هۆی ئهوه نهبوو که دهسـهڵاتدار بوو، به هۆی دهسـهڵاتی بهرزی هونهرهکهی بوو. ئهوه ههر زیرهکه له کاتێکدا له بهرزترین ئاســتی بهرز و لهســـهر دیارترین شـــانۆی عێراق و ئێران گۆرانی دهڵێ و گوێگری له ژماره نایهن، ئهوا به ههمان ئاسـتی بهرزیش لهنێو بازاڕ و ســهر شـهقامهکانیش که گۆرانی گوتووه و گوێگرهکانی له ژماره نههاتوون. واته ئهوه زیرهکه له ههموو ئاســـتهکان گوێی لێدهگیرێ و ئهمهش تـایبهتمهنـدییهکه دهســـــت ههموو هونهرمهنـدێـک نـاکهوێ. زیرهک هونهرمهنـدی بهردهوام گوتنه، ئهو پێویســـتی به گوتنی بهردهوام ههبوو، جا ئهو

گوتنە لە پایتەخت بۆی بلوابا یان لەکانی مەلا ئەحمەدی سەرسنوور، زیرک ئاواز و شیعری گۆرانی لێ هە ڵدەڕژا، خۆی گوتوویەتی: ئەگەر خەمم هە بووبێت یان دڵشـــاد بووبم گۆرانیم بۆ هاتووە زۆر و چاکیشـم بۆ هاتووە، هە تـا گـوتـبـێـتـم گـوتـوومە، بەم گـوتـنەش خەمـی خـۆم ڕەواندووتەوە و دڵی خەڵکیشم شاد کردووە.

مامۆســتا ئەحمەد لەســەر چەکوچکاریەکەی بەردەوامە و پەیکەری زیرەک تیکدەشکێنێ و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنە لە زەوقی گشتی کوردەواری دەگرێ و دەنووسێ "پەیوەندی بۆ ئەم سـۆزە فاشـیلە دەگەڕیتەوە کە هێشـتا لە کورد-دا ئامادەیە. خودی ئەم ئەفســانە باوە کە گوایە بڕێک هونەرمەند چی دیکە دووبارە نابنەوە! خۆی دوو ڕەهەندی هەیە؛ هەم ڕاستە، هەم دان نانە بەسـەر نازانستی بوونی ئەو کەســەدا. واتا شــتیکی درووســتە، بەڵام بە مانای ڕەســەن بوونیان نییە، حەســەن زیرک دقاودق نوێنەری هـەمـان پلـەی ڕۆحیـانـەتی گشــتی کومـەڵگا کوردییە سۆزاوییەکەیە کە هێشتا نە ئەفامێت هونەر (بەگشتی یانی چی)، نە بەو ئاســتەش گەیشــتووە کە گوێ بۆ هونەری ڕاســتەقینە شــل بکات، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا کە زۆرینە هێشــتا زۆرینەیەکی تێوەگلاو لە ســۆزی ئان و ســاتی

گەورە بوونە، مامڵێ دبێتە فەرامۆش کراوەکە و حەســـەن زیرەک دەبێتە قارەمانەکە کە چی دیکە دووبارە بوونەوەی نییە". لەم پەڕەگرافەدا مامۆستا باسی چەند خاڵێک دەکات. یەکیان ئەفســـانەی دووبارە نەبوونەوە، واتە حەســـەن زیرەکێکی تر دووبارە نابێتەوە، بەڵێ بە هەموو قیاســـان حەســـەن زیرەکێکی تر دووبارە نابێتەوە، ئەمە بۆ هەموو هونەرمەندێکی ڕەســەن و داهێنەریش ڕاستە، ئەوەی لێرە بۆ زیرەک ئەم – دووبـارە نەبوونەوە – زۆر دووبـارە دەبێتەوە تایبەتمەندیی هونەرمەندی زیرەک و ئاستی بەرز و زۆری داهێنانی زیرەکە. بۆیە ئەمە ڕاســـتییە کە زیرەک دووبارە نابێتەوە. هونەرمەندی گەورەی مۆسیقای کوردی مـامۆســـتـا موجتەبـای میرزادە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەرنامەی شـــانشـــینی تەلەڤزیۆنی میدیا لە وڵامی کاک بارزان شاسواردا دەڵێ "من ناتوانم باسی حەسەن زیرەک بکەم، زیرەک زۆر گەورەیە، نە لەپێش زیرەک و نە لەدوای زیرەک کەس وەکوو ئەو نـابێ". ئەو ڕایەی هونەرمەنـدی گەورەی هەمـوو ئێران و کوردســـتـان و ڕۆژهەڵات موجتەبای میرزادەیە دەبێ بە هەند وەربگرێن، ئەو بەڕێزە لە نزیکەوە لەگەڵ زیرەک ژیاوە و مۆســـیقای بۆ لێداوە و ئاهەنگی بۆ ڕێکخستووە و شارەزای توانا و داهێنانی بەرز و– فی ئەلبداهەی- زیرەکە و ئەوەی لە زیرەکدا دیویەتی لە هونەرمەنـدیـدا لە هیچ یەک لەو گۆرانیبێژانەی نەدیوە

دواتر کە مۆسـیقای بۆ لیداون. ئایا موجتەباش تێوەگلاوی ئان و سـاتەکەیە هیچ بنەمایەکی زانسـتی نییە، ئیللا هەڵەی فامی نەبێت؟ من بڕوا ناکەم ئاسـتی زەوق و هونەرناسـیی مـامۆســـتـا موجتەبـا هێندە لە خوارەوە بووبێ و تێکەڵ شـــەپۆلی حەماســـەی فاشـیلی خەڵکەکە بووبێ و ئەویش تێوەگلابێ. بەڵکوو ئەوە میرزاییە لەگەڵ زیرەک ئـاســـتی زەوقی گوێگرتنی خەڵکیان بردووەتە ســـەرەوە. حەســـەن زیــرەکــێــک کە زۆربەی هەرە زۆری هــونەرمەنــد و مۆسیقارەکانی ئێران لە کورد و فارس و ئازەر و لە عیراق کورد و عەرەب و هــە تـا ئەرمەنی و تورک و بگرە تـا دەگـاتە  بەشــێک لە ڕۆژئـاواییەکـان دان بە گەورەیی و لێهاتوویی حەسـەن زیرەکدا دەنێن. کەچی مامۆسـتایەکی ئەکادیمی و گەنجێکی کوردی خۆمـان، دێت و هەموو ئەو جەمـاوەرە زۆرە و ئەم هەموو هونەرمەنـدە گۆرانیبێژ و مۆســـیقارە گەورانەی کورد و فارس و ترک و ئازەر و ئەرمەن و عەرەب و کێ وکێ بەلادەنێ و ئەمانە هەمووی – بەهۆی کەم فامی و ئاســتی نزمی زەوقی – دادەنێت و هەموو ئەو پێنـاســـانە لە زیرەک دەســـتێنێتەوە کە هونەرمەندان بە قەنـاعەتەوە پێیانداوە، زیرەک ئەعجوبەیە، زیرەک نابیغەیە، زیرەک ئەفســـانەیە، زیرەک قوتابخانەیە، زیرەک مامۆســـتایە، دەگێڕنەوە گەورەترین مۆســـیقاری ئێران کە ســـەرپەرشــتی گەورەترین ئۆرکســترای ئێرانی

دەکرد لە تارانی پایتەخت، لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەک بۆ زیرەک، ڕوو لە ئەندامانی ئۆرکسستراکەی دەکات و دەڵێ: ئاگاداربن پێویستە ئێوە لەدوای زیرەک بڕۆن؛ بەتەمای ئەوە مەبن زیرەک دوای ئێوە کەوێ، ئەمە بۆخۆی جارێکی تر مامۆستایەتی و سەرقافڵەیی هونەرمەندان بۆ زیرەک دەسەڵمێنێ. ئەمە ڕاستە زۆربەی خەڵکی ئێمە پەروەردەی زەوقی هونەریمان لە ئاستێکی بەرز نییە، بەڵام هەر ئەو خەڵکە بە زۆری، ئەگەر نەڵێم وەک زیرەک ئەوا زۆر کەمتر نا گوێ لەو هونەرمەندانە دەگرن کە دکتۆر ئەحمەد بە ڕەسەن و هونەرمەند و داهێنەریان دەزانێ، وەک مامۆستا مامڵێ و مامۆستا عەلی مەردان و مامۆستا مەزهەری خالقی و سەی ئەسکەری کوردستانی و مامۆستا عەدنان کەریم و مامۆستا عەباسی کەمەندی و ئەوانی تریش. ئەرێ ئێستاش ئەو جەماوەرە کە بەم ژمارە زۆرە گوێ لەو هونەرمەندانەش دەگرێ، هەر ئاستی زەوقیان نزمە و تێوە گلاوی سۆزی حەماسیی و کام فامینە؟

هونەرمەند مامڵێ بۆچی فەرامۆش کراوە؟

هەر ئێستا کە ڕۆژی هە ینی و ٢٠٢١/٤/٢٣ لە یوتیوب سەیری ڤیدیۆیەکی گۆرانیی "مامۆستای هونەرمەند مامڵێ"م کرد بەناوی – یادی بەخێر -١٢٦٤٩٠٣ یەک

ملیۆن و دووسەت و شەست و چوار هە زارو نۆ سەت و سیٚ جار گویێ لیٚگیراوە لە ماوی شەش ساڵ و تەنیا لە یەک گۆرانی، دەی بە قوربان ئەمە فەرامۆشکردنی مامليٚیە؟ مامۆستا ئەحمەد ئەوەندە لە زیرەک توڕەیە، بە هۆی ئەو توڕەییە غەدر لە مامۆستا مامليٚش دەکات، کە گوایە دەیهەویٚ بەرگری لیٚ بکات. ئیٚستا گەنجیک و کەسیٚکی کە کاریان لیٚکۆڵینەوە نییە و هەواداری هونەرمەند مامۆستا "مامليٚ"ن کە ئەو ڕایەی مامۆستا دەخویٚنیٚتەوە، لە دڵ و میٚشکیان دەچەسپیٚ کە مامليٚ تەنیا چەند کاسیٚتیٚکی لادیٚی تۆمار کردووە و فەرامۆش کراوە وغەدری لیٚکراوە و ئەو غەدرەش بە هۆی حەسەن زیرەکەوەیە، زۆر بەداخەوە.

بەڵیٚ زیرەک بیٚپشت و پەناترین هونەرمەندی هەموو جیهان بوو.

دکتۆر ئەحمەد ئەمانی بەردەوام دەبیٚت و دەنووسیٚ "چیها ئەم ئەفسانەیە باوە؛ کە حەسەن زیرەک کەسیٚکی تەنیا و بیٚ پشت و پەنا بووە، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا مامليٚیە کە بیٚ پشتیوانترین کەسی سەردەمی حەسەن زیرەک بووە، نەک ئەم ئەفسانە کە حەسەن زیرەک بیٚکەس بوو". ڕیٚزی زۆرم بۆ مامۆستای هونەرمەند مامليٚ، وەک کوردیٚک و

هونەرمەندێک و خانەوادەیەک کە سەر بە خەبات و نیشتمان بوو، بێ کێشە و گرفت نەبووە، ئازار و بەندیخانەی دیوە، بەڵام ژیانی خانەوادەیی وماڵباتی مامڵێ هەرگیز لەگەڵ ژیانی زیرەک بەراورد ناکرێ؛ بە خۆڕایی نەبوو زیرەک بە هەر زمانێک کە دەیزانی هاواری دەکرد (جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم. نە در غوربت دلم شاد و نە رویی در وطن دارم، الهی بخت برگردد ازین طالع کە من دارم، هر یەننەن گیدرم غریبم غریب. قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم، ئەی خودا چەند بێکەس و بەدبەخت و چارەڕەشم. بێکەسم لەو بەغدایە، دەیان هاوارکردن و نالاندن لەدست بێکەسی و بێجێ و ڕێیی). ئەگەر ئەم شیعرانە جارێک لەگەڵ ژیانی شاعیرەکان بگونجێن، ئەوا دەیانجار لەگەڵ ژیانی زیرەک دەگونجێن، بێکەسی زیرەک لەنێو ماڵ و لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات و باوکی دەمرێ و دایکی شوو دەکاتەوە و هەر بە منداڵی دەکەوێتە کۆڵانان و گاوانی نۆکەری ئاغا دەکات و وەک خۆی لە کاسێتەکەی ناسراو بە – کاسێتی ئەبوو سەباح-دا دەڵی: جێم نەبۆوە لە ئێران و لە عێراق جێم نەبۆوە. لە جێگایەکی تر دەڵێ: لە هەموو جیهان جێم نەبووە ولە هەموو جیهان، فەقەت من ماندوو بووم شەکەت بووم هیلاک بووم. تا دواجار -ئاخی پیری دەیباتەوە شنۆ و- لەو پەڕی هەژاری و بێکەسیدا بە

دەستی ساواک ژەهر خواردوو دەکرێ و لێی دەکات بە سەرەتان و بەو نەخۆشییەوە دەمرێ[٤]، کە دەمرێ لەنێو خانوویێکی کرێ و لە ماڵێکدا دەمرێ بەرەکەی ژێر پێی خواستووتەوە. هەر زیرەک بۆ خۆی لە چریکەی کوردستاندا دەنووسێ: هەرکەس بێکەس بێ و بەرەڵڵایی – وەک منی لێ بێ زەحمەتە چابێ. بە کورتییەکەی ژیانی زیرەک بە دۆزەخ دەستی پێ کرد و هەر بە دۆزەخیش کۆتایی هات. مامۆستا ئەحمەد چونکە وەک دەردەکەوێ هیچ یەک لە و کتێبانەی نەخوێندووتەوە کە باسی ژیانی زیرەک دەکەن، دەنا دڵنیام ئەگەر تەنیا چریکەی کوردستانی بخوێندبوایەوە ڕایەکانی بەم شێوەیە نەدەبوو. هەر ئەوەشە کە بەردەوام ڕایەکانی خۆی لە پشتی بێئاگایی لە ژیانی زیرەک بێ بەڵگەیی دا دەردەبڕێ. دیسان

---

٤ زۆربەی برا کوەردەکانمان لە ڕۆژهەڵات بەتایبەت خەڵکی شارەکانی مەهاباد و بۆکان و شنۆ ئەوە چاک دەزانن کە زیرەک بەدستی ساواک دەرمانخواردوو کراوە، هە ر ئەو دەرمانخواردنە دواجار لێی کردە سەرەتان، چونکە لە چاوپێکەوتنێکدا ڕابیعەخانم لە وەڵامی پرسیارێکمان گوتی: ئەو ڕۆژەی زیرەک چووە دەرەوە هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، ئێوارە ئاگاداربیان کردمەوە زیرەک لە نەخۆشخانە کەوتووە، بەو هۆیەوە کە ساواک بە ژەهر کوشتویەتی پێویستە هونەرمەند حەسەن زیرەک وەک هەر شەهیدێکی کورد بە (شەهید) ناو ببردرێ .تەواوی چاوپێکەوتنەکە لە کتێبی (ساواک بۆچی حەسەن زیرەک ی کوشت؟) بخوێنەوە.

دەنووســـێ "لە حاڵێکدا کۆی گشـــتی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ حەسـەن زیرەک بوو. هیچ هونەرمەندێک، ئەوەندەی کۆمەڵگای کوردی خزمەتی حەســـەن زیرەکی کردووە لە لایەن کوردەوە خزمەتی نەکراوە، هەر بەم بۆنەشـەوە بوو کە حەسـەن زیرەک ئەم مەجالەی لە ژیانیدا بۆ ڕەخسا کە بە دەیان شـار و شـارۆچکە بگەڕێت و لەسـەر ئەم خوانە جـەمـاوەرییـە ژنی جۆراجۆری لێ بێنێـت و بـەوپـەڕی سـەرسـوورمانیشـەوە مڵکیەتی قارەمانە تەنیاکەشـی بۆ خۆی داگیر کردووە و هەمدیســـان بۆ ئەبەد ســـۆزی جـەمـاوری کوردی ئـەم ســـەردەمـە لـەدوای خۆی دەکێشـێتەوە". بەڵێ، خەڵک یارمەتیی زیرەکیان داوە، بەڵام ئەوانەی لە کۆمەڵگـای کوردەواری یـارمەتیی زیرەکیـان داوە، تاک تاک و جار جارە بووە و یارمەتیی کورت مەودا بووە، بە جەمە نانیک و شەوە حەواندنەوەیەک بووە. بەڵام ئەوانەی دژایەتی زیرەکیـان کردووە، دەزگـا بەدنـاوەکـانی دوو دەوڵـەتـی عـێـراق و ئـێـران بـوون و هـونـەرمـەنـدە گەورەکان و نووسـەرە دەسـت ڕۆیشـتووەکانی ئەم دوو وڵاتە بوون، ئەوانەی ژیانی خۆشـــی 'ئەمســـاڵ من زۆر بەختیارم'ی زیرەکیان لە سـەردەمی تاران و کرماشـان و ژیـانی پێکەوەیی لەگەل میـدیـای زەنـدیـا و – چەنـدم پێ خۆشـــە ناومالّ – خودا هێندەم نەکوژێ ئارەزوو پێم بلّێ بابە تێکدا و زیرەکیان هەرەتەی ســەر ســنوور و – کانی

مەلا ئەحمەد – کرد و میدیا و منداڵەکانیان لە - شـــارێکی غەریب - بێ زیرەک کرد؛ بە دڵنیاییەوە ئەوە دەنووســــم، ئەگەر ئەو هەموو خەڵکەکە بەئاسـانی و بەردەوام گوێ لە دەنگی زیرەک دەگرن، ئەگەر بۆیـان بکرێ بە کەمیـک زەحمەتەوە ژیـانی زیرەک بخوێننەوە، ئەوا بێشـــک هەوادارانی زیرەک دوو چەندان دەبن. ژیانی زیرەک هی ئەوەیە شانامە و داستان و ڕۆمان و زنجیرە تەلەفزیۆن و فلیمی سینەمایی و چی و چێ لێ بەرهەم بێت.

ئەرێ برای بەڕێزم دکتۆر ئەحمەد ئێوە ئەو ڕاپۆرتانەتان دیوە کە ســـاواک لەســـەر زیرەک و میدیای زەندیان نووسـیوە و لە بەرگەکانی کتێبی (چپ در ایران بە روایت اسـناد سـاواک)دا بڵاو کراونەتەوە؟ دیوتە سـاواک چیان نووســـیوە و چۆن بەدوای هەناســـەی میدیا و زیرەکەوە بوون و هەموو کار و چالاکییە ڕادیۆییەکانیان بەدگومان کردوون و دەزگـای ســـــاواکیـان لێ دنە داون. ئەو ســـاواکیانەی شـــانازیان بە ســـاواکی بوونەوە دەکرد و خۆیان بەو ســێ ســەت ڕوپیەوە هە ڵدەکێشــا کە لە پای ڕاپۆرت نووســـینەوە وەریان دەگرت؟ لە کاتێکدا زیرەک ئەو داوایەی ســـاواک ڕەت دەکاتەوە، کە داوای لێ دەکەن بچێ لە عێراق کاریان بۆ بکات و لە بەرامبەردا خەڵکێکی

زۆری بخەنە ژێردەسـت و پارەیەکی زۆری پێ بدەن. زیرەک ئەمە ڕەت دەکاتەوە وەک لە کتێبەکەی میرزا کەریم خۆشناودا نووسراوە دەڵێ: ئەوە کاری من نییە و بشتوانم نـایکەم و ئەو کـانییەی ئـاوم تێـدا خواردووتەوە بەردی تێناخەم و خۆم شەرمەزاری عێراقییەکان ناکەم و با ساڵێ هەر دوو جارم تێهەڵبدەن. دواجـار ئەم ڕاپۆرتـانە کـاری خۆیـان کرد و زیرەکیـان لە سـەردەمی زێڕینی تـارانی پایتەخت و کرماشانی کوردنشین ڕادیۆ کردە دەرەوە. لەم ڕۆژانە بە نـاچـاری جـارێکی تر ڕوو لە عێراق دەکـات و دەیەوێ جـارێکی تر لە ڕادیۆی بەغـدا کـار بکـات، بەڵام دوژمنانی زیرەک لە بەغداش، پاش ئەم هەموو ساڵ و ئەم هەمـوو داهـێنـانە و داگـیرکـردنـی ڕێـزی پـێشـەوەی هونەرمەندانی دوو وڵات، بۆ سـووکایەتی پێکردن جارێکی تر دەنگی تـاقی دەکەنەوە و لە ئەنجـامـدا پێی دەڵێن: تۆ دەنگت بۆ ڕادیۆ دەسـت نـادا. وەک ئەوەی لە ڕادیۆی کرماشـان بەڕێوەبەری بەشـی کوردی بە زیرەک دەڵێ: چیتر پێویسـتمان بە تۆ نییە. هەزار و پێنج سـەت گۆرانیی تۆمان هەیە و بەسـمانە. بەڕێوەبەری بەشـێ کوردی ڕادیۆی تاران بە پۆلیسـی بەر دەرگای ڕادیۆ دەڵێ: ڕێگە

نەدەن زیرەک بێتە ژوورەوە. مامۆستای بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئەوەتە لەو دەزگا ڕادیۆییەی کە جێگای کار و چالاکی زیرەک بوو و خزمەتی زۆری تێدا کردوون، لە ئێران و عێراق، سەیرکە چ کەسانێک و بە چ شێوەیەک زیرەک ڕوحشکێن و دڵشکێن و هونەرشکێن دەکەن و ڕێگای هونەری لێ دەگرن و دەرگای ئێستگەی بە ڕوودا دادەخەن و ڕاوی دەنێن بەرەو مەرگی ژەهراوی.

مامۆستا ئەحمەد ئەمانی و هەرکەس ئازادن چ هونەرمەندێکیان خۆش دەوێ و بە کێشدا هەڵدەڵێن. بەڵام ئەوەی لە بەڕێزێکی وەک مامۆستا ئەحمەد ناوەشێتەوە ئەو هەموو داشۆرینەی زیرەکە لە هونەرمەندی بەبێ بەڵگە و سەلماندن. سەیرکە چی دەنووسێ "حەسەن زیرک دقاودق نوێنەری هەمان پلەی ڕۆحیانەتی گشتی کومەڵگا کوردییە سۆزاوییەکەیە کە هێشتا نە ئەفامێت هونەر (بە گشتی یانی چی)، نە بەو ئاستەش گەیشتووە کە گوێ بۆ هونەری ڕاستەقینە شل بکات، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا کە زۆرینە هێشتا زۆرینەیەکی تێوەگلاو لە سۆزی ئان و ساتی گەورە بوونە، مامڵێ دبێتە فەرامۆش کراوەکە و حەسەن زیرەک دەبێتە قارەمانەکە کە چی دیکە دووبارە بوونەوەی نییە"، مرۆڤ کە ئەم پەڕەگرافە دەخوێنێتەوە،

ئەگەر شـــــارەزای ژیانی ماملێ و زیرەک نەبێت ئەوا وای دێتە بەرچـاو کە ئەوە زیرەکە بە هەموو توانـایەکی کە هەیبوو، ڕێگای کاری هونەری لە مامڵی گرتووە، ئەوەندەی ئێمە شـــــارەزای ژیانی هونەرمەند ماملێین، ژیانی ماملێ زۆر لە ژیانی زیرەک گونجاوتر و لەبارتر بووە بۆ هونەر و ئاسودەیی، مامۆستا ماملێ- ئەگەرچی ئەویش بێ گرفت وکێشە نە بووە – بەڵام زۆربەی کات لەنێو ماڵ و خانوادە و شـــــار و وڵاتی خۆی بووە و ڕادیۆی مەهابات زۆر لە ماڵەکەی دوور نەبووە، ئەوە مامۆســـــتا ماملێیە کە خۆی ئەو ژیان و شیوە هونەرکردنەی بۆ خۆی بە پەسند زانیوە و هونەرەکەی ئاوا درێژە پێداوە– ئەو هونەرەی مامۆسـتا ئەحمەد پێی دەڵی: چەند کاسێتێکی لادێیی، ئەوە زیرەکیش بووە داوای لە هونەرمەنـد ماملێ کردووە بچیتە ڕادیۆ و گۆرانی بڵێ و لەو پێکەوە گوتنەشـدا، زیرەک وەک کۆڕس گۆرانی بۆ مـــاملێ گێراوەتەوە. بۆیە هیچ کەس مـــاملێ فەرامۆش نەکردووە نەخاســـــمە زیرەک. هەر ئێســــتا و ئەودەمیش کە هەردووکیـان لە ژیـانـدا بوون لە هونەر و ناوبانگدا ئەم دوانە هاوشـــــانی یەکتر بوون و لە هەرکوێ ناوی زیرەک هاتبێ ناوی ماملێی بەداوە بووە ئەوەش کە مامۆســـتاش زیرەک بە قارەمانە ناڕەوا و ناشـــایســـتەکە دەزانێ، ئەو قـــارەمـــانییەتییەی زیرەک کەس خێری پێ نەکردووە، بە هۆی گەورە هونەرمەندی و داهێنانی زۆر و

ژیـانە ئەفســـــانەییەکەی خۆیەتی. زۆر بەداخەوە دکتۆر ئەحمەد بەم ڕایـانە دەری دەخـات کە هیچ خۆی بەوەوە ماندوو نەکردووە  شــتێک لە ژیانی پڕئازار و دەربەدەری و دۆزەخئاســای زیرەک بخوێنێتەوەو بزانێ. ســەیرکەن لە بەردەوامی نووسینەکانی مامۆستا ئەحمەد چێ دەنووسێ "ئەم ئەفسانەیە باوە؛ کە حەسـەن زیرەک کەسێکی تەنیا و بێپشــت و پەنا بووە، بەڵام ئەوە لە ڕاسـتیدا ماملێیە کە بێ پشتیوانترین کەسی سەردەمی حەسەن زیرەک بووە، نەک ئەم ئەفســانە کە حەســەن زیرەک بێکەس بوو، لە حاڵێکدا کۆی گشتی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ حەسەن زیرەک بوو. هیچ هونەرمەندێک، ئەوەندەی کۆمەڵگای کوردی خزمەتی حەســـــەن زیرەکی کردووە لـە لایـەن کوردەوە خزمـەتی نەکراوە، هەر بەم بۆنەشـەوە بوو کە حەسـەن زیرەک ئەم مەجالەی لە ژیانیدا بۆ ڕەخســـا کە بە دەیان شـــار و شـــارۆچکە بگەڕێت و لەســـەر ئەم خوانە جەماوەریە ژنی جۆراجۆری لێ بێنێت و بەوپەڕی ســەرســووڕمانیشــەوە ملکیەتی قارەمانەتەنیاکەشـــی بۆ خۆی داگیر کردووە و هەمدیســـــان بۆ ئەبەد ســــۆزی جەماوری کوردی ئەم ســـەردەمە لە دوای خۆی دەکێشــێتەوە. واتا هیچ لەســـەر خوانی جـەمـاوەر بـە کـەیفی خۆی ژیـانی کردووە، ئـاوا بەوپەڕی سـەورسـووڕمانەوە هەموو سـۆزی ئەفسـانەی (تەنیا بوونی هونەرمەند)یشـــی بۆ خۆی داگیر کردووە".

لێرە من نـاخوازم بێکەســـــی مـاملێ ڕەتبکەمەوە، دەزانم هونەرمەند و شـــاعیرانی ڕەســـەنی کورد لە ســـەردەمی بێدەوڵەتیدا و ئێســـتاش هەموویان بێکەســـن، بەڵام لەنێو بێکەســـاندا ئەوە زیرەکە پاڵەوانی بێکەســـییە، ئەوەی کە کۆمەڵگـای کوردی خزمەتی زۆری زیرەکی کردووە، هەر ئەم ڕایە جـارێکی تر ئەوە دەردەخـا کە دکتۆر ئەحمەد تەواو بێئاگایە لە ورد و باریکی ژیانی زیرەک، لێرە ڕووی دەمم دەکەمە دکتۆر و تکـای برایـانەی لێدەکەم، هێنـدێک زەحمەت بداتە بەر خۆی کتێبی چریکەی کوردســـتان، کە زیرەک باســی ژیانی خۆی دەکات لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تـا گەڕانەوەی لە عێراق بۆ ئێران و هەروەهـا هەردوو بەرگی –هـە نـدێک لە بەســـەرهـاتەکـانی زیرەک– کە میرزاکەریم خۆشناو هاوڕێی چوار ساڵ پێکەوەیی زیرەک نووســـیویەتی، چوار ســـاڵەیی ســـەردەمی دەرکرانی زیرەکەوە لە ڕادیۆی کرمـاشـــانەوە تـا ژەهرخواردن و مردنیەتی، بخوێنێتەوە. بە دڵنیـاییەوە پـاش خوێنـدنەوەی ئەم سێ کتێبە دکتۆر ئەحمەد بە چاکی دەزانێ کێ بێکەسە و بە جۆرێکی دی باسی زیرەک دەکات.

## پاشایەک لە تاران

دکتۆر باسی ئەوە دەکات کە زیرەک زۆر گەڕاوە و چووەتە ولات و شاران (جێم نییە تیابسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم، بێکەس و بێدەر بێیار و هاودەم بێمەیی و مەیخانە خۆم. ئەی نائومێدی ئەی ڕەنجەڕۆیی و دڵ نائومێدی بەدبەختی وەک من ساکێ دی) زیرەک کە گەڕاوە بەشی زۆری گەڕانەکەی وەک قانیعی مەزن بۆ خۆی دەفەرمووێ "خودا ئەو پێیانەی بۆ دوو شت داوەتە من، یەکێ لەدست دوژمن ڕابکەم و دوو بەدوای ناندا غار بدەم"، ئەمە ڕێک بۆ زیرکیش ئاوایە، زیرەک هەموو گەڕانەکانی هەلاتنی دەستی دوژمن بووە و غاردان بووە بە دوای ناندا. زیرەک وەک هونەرمەندێک لە هیچ ولاتێک کارتی داوەتکردنی بۆ نەهاتووە و فەرشی سووری بۆ ڕانەخراوە و لە فڕۆکە دانەبەزیوە، هەمیشە بە قاچاغی و بەترسەوە و بەهەژاری و بە گیراوی بەندیخانەگۆڕکێی کردووە.

مامۆستا دەنووسێ زیرەک لەسەر سفرە و نانی خەڵک ژیاوە و ژنی زۆری بۆ خۆی هێناوە. دکتۆر دەزانێ زیرەک هونەرمەند بوو ئەگەر لە ژیانی خۆیدا تەنیا – حەقولئیبداعی – وەرگرتبایە و مافی نەخورابوایە، نەک هەرخۆی بەڵکوو دەیتوانی دەوڵەمەندترین هونەرمەند بێت و خەڵکێکی

زۆریش بەخێو بکـات، ئەگەر دکتۆر توانـاو زەقی ئەوەی هەبێت (پاشـــــایەک لە تاران و هونەرمەندێک لە لوتکەدا)[5] بخوێنێتەوە ک باسی ژیانی ئەو سێ چوار ساڵەی زیرەک دەکـات لە تـاران و ئەوکـات کە مـافی هونەرمەنـدی خۆی بەتەواوی وەردەگرت. سەیرکە زیرەک چۆن بووە بە پشت و پەنـای کوردەکـان لە تـاران و نەخۆش و گیراو و هــە ژارەکـانی وەرگرتووەتە و یـارمەتی بێســـــنووری داون. ئەوەی زیرەک لەو مـاوەیەدا بۆ کوردەکـانی کردووە لە تـاران، لە کـاری حزبێـک و وەزارەتێـک و ڕێکخراوێکی خێرخوازی تێپەڕیوە، ئەوە ئەگەر ئەو حزب و وەزارەت و دەزگایە بەدروســـــتی خزمەتیان کردبا. کوردی بێکەس لە تـاران کە ڕوویـان لە زیرەک نـاوە بۆ یـارمەتی، زیرەک دانەنیشــتووە هەتا ئەوەی پێی کراوە بۆی کردوون بە ماڵ و بە کـار، بەداخەوە ئەو بەڕێزانەی زیرەک لەو مـاوەیەدا یارمەتی بێ مننەتی داون هێندە خۆیان ئەزیەت نەداوە ئەو ڕاســـتییانە باس بکەن، دەنا ژمارەیەکی زۆر دەبووایە ئەو چـاکە و پیـاوەتییەی زیرەک بـاس بکەن. میـدیـای زەنـدی دەگێڕیتەوە و دەڵێ: ڕۆژێ لە ڕۆژنـامەیەک بۆ زیرەکم خوێندەوە کە گەنجێکی مەهابادی فەلەجە و توانای کرێنی عـارەبـانەیەکی نییە، بۆ ئەوەی کـارێکی پێ بکـات و ژن و

[5] وتارێکە سکتۆر مەولودە هەر لەم پەڕاوەدا بڵاوکراوەتەوە

منداڵەکانی بەخێو بکات، دەڵێ کە زیرەک ئەمەی بیست، بۆ بەیانی فەرشیکمان هەبوو بردی فرۆشتی و لە شیر و خورشیدی ئێرانی دوو چەرخەیەکی کڕی و لە تارانەوە بردمانە مەهاباد و دامان بە گەنجەکە و سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە تا گەنجەکە فێری ئەوە بوو دوو چەخەکە بەکار بێنێ و کاری پێ بکات ئەوسا گەڕاینەوەتاران.

زیرەک نە لە کارکردندا کەسێکی بێتوانا بوو نە لە هونەرمەندیدا، بەڵام ئەو پیاوێکی مەزن بوو لە سەردەمێکی نزمدا ژیا و ئەو لە هیچ جێگایەک لێنەدەگەڕان کوچاگری ڕەش بێت، زیرەک لەسەر سفرە و نانی خەڵک دەژیا؟ ئێستا نموونەیەک لەو نان و سفرەیە دەهێنمەوە دکتۆر گیان؛ ساڵێک و جارێک لە جاران زیرەک لەشاری سلێمانی، شەو لە ماڵێک و لەسەر سفرەکەیان نان دەخوا، دواتر شەو هەر لەو ماڵە ئاهەنگێک دەگێڕی و خاون ماڵی ئاهەنگەکە لە کاسێتێک تۆمار دەکات، بۆ بەیانی ئەو کاسیتە (٣٠٠) دیناری ئەوێ ڕۆژێی عێراقی دەدەنێ؛ کابرا داوای زیاتر دەکات و نایفرۆشی، کە ئەودەم سێ سەت دینار خانوویێکی پێ دەکڕدرا. ئەگەر زیرەک ئەو پارەیە و پارەی هەموو ئاهەنگ و کاسێتەکانی وەرگرتبا پێویستی بە نانی سەر سفرەی کەس دەبوو؟ بەداخەوە ئەوە حەفتا ساڵە بازرگانانی هونەر و گۆرانییەکانی زیرەک پارەی

مافی ڕەوای زیرەک و منداڵەکانی دەخۆن و کەسـێک بیر ناکاتەوە لەو داهاتە بەردەوامە کەمێکی بە کەسـوکاری زیرەک بداتەوە. هەفتا ساڵە لە کوردەواری خەڵکانێکی زۆر لەسـەر پارەی هونەری زیرەک دەژین. ئێستا کەی ڕەوایە ئێمە جەمەنـانێـک بە چـاوی زیرەک دابـدەینەوە، زیرەک ئەگەر ژیانێکی ئاسـودەی هەبوایە و مافی هونەرمەندی خۆی وەرگرتبایە وەک ئەو چوار سـاڵەی کە لە تاران حەقی خۆی وەردەگرت، ئەوا بێشـک یەکێک دەبوو لە هونەرمەنـدە دەوڵەمەنـدەکـانی ئێران، دەی خۆ ئەگەر بە فارسی گۆرانی گوتبا، ئەوا بە حیسابی خۆی نەدەزانێ.

دکتۆر ئەحمەد گلەیی لەوە دەکـات کە زیرەک بەکەیفی خۆی ژنی زۆری هێنـاوە و ڕایبواردووە. ئەوەیە کە دەڵێم دکتۆر ئاگاداریی ژیانی زیرەک نییە، بە خۆڕا ناڵێم، زیرەک لە گەنجی و یەکەم جـار کە ژن دێنێ و دوایی بە هۆی ڕووداوێک دەگیرێ، ئەو شـەوەی کە بەر دەبێ و دەچێتە مـاڵەوە، دەبینێ ئەوە دایکی خەریکی گواسـتنەوەی ژنەکەیەتی بۆ براکەی، زیرک کە ئەمە دەبینێ لە حەژمەتان سـەر هەڵدەگرێ و تاران و عەبادان و بەسرا خۆتان بگرن زیرەک هات. دکتۆر پسـپۆریەکەی ڕاوێژکاری دەروونی خانوادەییە، دەی برا پسـپۆرەکەم ئەم ژیان و ئەم کارەی خانوادەی زیرەک و زۆری تر شـی بکەرەوە و بڕیاری زانستییانەی خۆت بدە.

زیرەکیش وەک هەرکەسـێک حەزی دەکردماڵێکی گەرم و خێزانێکی ئاسودەی هەبێت و ئەو ژیانەشی بەردەوام بێت، بەڵام ژیانی زیرەک لەدەست خۆی نەبوو، دوژمنانی نێوخۆ و دوو دەوڵەتی داگیرکەر هە لێاندەسـوڕاند. زیرەک کە لە بەغـدا بوو ژنە جوان و لێهـاتوو و خـانەدان (گەوهەر خـانم)ی خواسـت و گۆرانیی -گەوهەریێ-ی بۆ گوت، هەرگیز حەزی نەدەکرد ناچاربێت و ئەو گەوهەرە بەجێی بهێڵێ. دیسـان کە لە تاران دەگیرسـێتەوە و میدیای زەندی دەخوازێ و شـەو لە ماڵی خۆی دەنوێ و بەیانی لە ماڵی خۆی لە خەو هـەڵدەسـتێ، دەبێتە خاوەن مـاڵ و ژن و منـداڵ، ئەم ژیـانەی زۆر پێ خۆش دەبێ و دەچریکێنێ: بولبول ئەمسـاڵ من زۆر بەختیارم سـاحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم، دەبێژێ و هاوار دەکات چەندم پێ خۆشـە ناوماڵ. زیرەکیش مرۆڤ بوو حەزی دەکرد مـاڵ و ژن و منـداڵی هەبێت و تێیدا بحەسـێتەوە، بەڵام سـاواک ئەو ژیانەیان بە زیرەک ڕەوا نەدی و ئەو ماڵە خۆش و بەهەشتە بچوکەیان لێ تێکدا و سـەرەوژێریان کردەوە بۆ دۆزەخی ژیان. هەر لەو ڕۆژەی لە ڕادیۆ دەرکرا سـاواک بەدوایەوە بوو لێ نەدەگەڕا لە هیچ کارێک بەردەوام بێت و لە هیچ شـوێنێک کوچـاگر ڕەش بکـات، ڕابیعە خـانم گوتەنی: هەر نـاوە ناوەش بە فیتی سـاواک چەقۆکێشـەکان لە سـنە و کرماشـانەوە بۆی دەچوون و لە خوێندا سووریان دەکرد.

زیرەک دەڵێ: زۆر جار لێیانداوم، بە خوا بۆخۆشم نەمزانیوە بۆچی و لەسەر چی لێم دەدەن.
زیرەک هونەرمەندێکی ئاشقە ژیان و ژن و جوانیی بووە، دەڵێن گوتوویەتی: ئەگەرژنم لێ دیار نەبێ گورانیم بۆ ناگوترێ. تا جارێک لە ڕادیۆی بەغدا لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانی سەیر دەکەن ئەوا زیرەک کاغەزێکی لە پێشەو جار جار سەیری دەکات. دەڵێن بە خوا زیرەک ڕاست ناکا خوێندواری هەیە، ئەوە نییە ئەو کاغەزەی لە بەردەمە، کە گۆرانییەکە تەواو دەبێت، دەڵێن زیرەک ئەوە چییە؟ سەیری کاغەزەکە دەکەن دەبینن وێنەی ژنێکە بە جوانی کێشراوە. دەپرسن ئەوە ژنە چییە زیرەک؟ لە وەڵامدا دەڵێ من ئەگەر ژنم لێ دیاربێ چاکتر گۆرانت دەڵێم، چوون هیچ ژنێک لێرە نەبوو هەر بۆ ئەمەش خۆم ئەم وێنەیەم کێشا و لە کاتی گۆرانی گوتندا جار جار سەیرم دەکرد. مامۆستا ئەحمەد ئەوە دەزانێ هونەرمەندانی ناودار و سەرکەوتوو و دەنگخۆش چیرۆکی زۆر و سەیریان هەیە لەگەڵ ژندا، ئەوەندەی زیرەک بەدوای ژندا گەڕاوە، هێندەش ژن بەدوایدا چوون. تۆبڵێ ! ئەگەر زیرەک ژیانێکی ڕاوستاو و ئاسودە و جێگیری هەبوایە ناچار دەبوو هێندە ژن بێنێت؟ کە ساواک، میدیای زەندی و زیرەک لێک دەکەن، زیرەک گۆرانی – هەر دەڕوا و بەجێم دێڵێ- دەڵێ، ئەم گۆرانییە

دەری دەخات کە زیرەک چ ئازارێکی کێشاوە لەوەی کە لە ژن و منداڵ و ماڵ و کارەکەی دەکەنە دەرەوە.
زۆری ژنهێنانی زیرەک هۆیەکەی دەروونی کەسیی و خانەوادەیی هونەرمەندی و دەربەدەرییە. ژن و ژیانی زیرەک هی ئەوەیە کەسێکی پسپۆر لە باری دەروونی مرۆڤ و باری خانەوادەیی لە کوردەواری لێکۆڵینەویەکی دوورودرێژی لەبارەوە بکات.

ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەک چەندن؟

دکتۆر لە تەواوی نووسینەکەیدا، لە باسی زیرەک هێندە تورەیە و ڕقی پێوە دیارە، کە بە هەموو وشە و نێوە ڕستە و ڕستەیەک هەوڵێ ڕەشکردنی زیرەک و هونەرەکەی دەدات و هیچ حیسابێک بۆ ئەو جەمارە سەرتاسەری و بەردەوامە ناکات، کە لە هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیر و خەڵکی ئاسایی پێکهاتوون و هەفتا ساڵە زیرەک بە نموونەی باڵای هونەر دەزانن. دەکۆشی هەموو کەس لە چاوی ئەوەوە سەیری زیرەک بکەن. دیسان دەڵێم بەداخەوە لەم نووسینەدا دکتۆر ئەحمەد هیچ هە ولێکی لێکۆڵینەوەیی لە ژیان و هونەری زیرەک پێوە دیار نییە،

هەمـوو زانـیـاریـیەکەی زانـیـاریـی ســـەر زارەکـیـیە هەڵســـەنگاندنەکانی بۆ کەســایەتی و هونەری زیرەک ڕای خۆیەتی، کە بۆ پســـپۆر و لێکۆڵەر ئەم جۆرە ڕادەربڕینە گونجاو نییە، هەر بۆیە هەموو ڕســـتە و نیوە ڕســـتەیەکی پێویســـــت بە وەڵام دانەوە دەکات، چونکە واقیعی ژیان و هـونەری زیـرەک تەواو پـێـچەوانەی ڕایەکــانـی دکـتـۆر ئەحـمەدن، زیـرەک ئەم هەمـوو ئــاوازەی داهـێـنــاوە، بە جوانترین و ســـەرکەوتووترین گوتن و خۆشـــترین دەنگ گوتوویەتی و بەرزترین داهێنانی، داهێنان تا ئێســـــتاش – داهێنانی پێکردووە، جوانترین شــــیعری گۆرانی داهێناوە، باشترین شیعری شاعیرانی کورد و فارس و ترک و ئازەر و ئەرمەنی بە خۆشـــــترین ئاواز گوتووتەوە، بە قســـــەی ڕێکخراوێکی کولتووری شـاری بۆکان کە گرنگی بە هونەر و ژیان و کولتووری زیرەک دەدات، دوو ســـاڵ لەوە پێش بڵاویـان کردەوە کە زیرەک (٣٦٢١) گۆرانی هەیە، نـازانم دکتۆر گوێ لە چەنـد لەم گۆرانییـانە بووە؟ بەڵام ئەو بەڕێزە کە پێی وابێ کەس توانای ئەوەی نییە دە دەقیقەش گوێ لە زیرەک بگرێ، ئەوا ئەو بۆ خۆی هەرتەنیا ئەو دوو دەقیقەیەی ســـــاڵێ جـارێـک گوێی لە نەورۆز گرتووە.

هونەرمەنــدێکی وەک زیرەک کە وڵاتی کوردەواری پڕ هونەر کردووە لە هونەر و زۆربەی خەڵکی بە خۆیەوە خەریک کردووە، تەنیا ســاڵێ بە دوو دەقیقە گوێ لێگرتن لە زیرەک و هەڵســەنگاندنی هونەرەکەی تەواو کارێکی پێچەوانەی توێژەری و پســپۆرییەکەیەتی. من ئەوە دەزانم دکتۆر شــارەزایی لە هونەری مۆتزارت و ڕەخنەی ئەدەبی – هونەری بنیامین و هیگل و فەلســەفەی ڕۆژاوا هە یە، ئەمەش ئەنجامی هە وڵ و ماندووبوونی خۆیەتی، خۆزگە کەمێکیش خۆی بە ژیــان و هونەری زیرەکەوە مــانــدوو دەکرد و ڕای ئەم هەموو شارەزا و مۆسیقار و پسپۆرەی دەدی و ئەوکات بە دڵنیاییەوە نەدەبووە خاوەنی ئەم جۆرە ڕایانە ســەبارەت بە حەســەن زیرەک. دکتۆری برامان دەنووســێ "هونەرێک کە بەڕاســتی بەبێ ئەملاولا هونەرە، ئێستە ئەم پرسیارە دێتە ئارا، ئایا کۆی گشتی هونەری لە ڕاســتیدا بێجگە لە هونەری مۆســیقا و نووســین نەبێت هونەرەکانی دیکەی کورد هێشتا بەو مانا دروست و پتەوە هونەر نین". دەی مامۆســتای بەڕێز ئەوە خۆت ڕات وایە بەدەر لە نووسین و مۆسیقا هونەرەکانی تر لە کوردەواری هێشــتا بە مانای دروســت هونەر نین، هەر چەندە ئەم

ڕایەش گفتوگۆ هەڵدەگرێ، بۆ نموونە چۆنە دکتۆر ئەحمەد ئەمـانی (هونەرمەنـدی گەورەی کورد پەیکەرتـاش بەهـا زیـائەدین) کە هێنـدە لێی دوور نییە، پەیکەرە نـایـابەکـانی نابینێ و کارەکانی بە هونەر و داهێنان نازانێ و نـاویـان نابا؟ لەوەش گەڕێ ئەوە خۆت تەنیا نووسـین و مۆسـیقا هەڵدەبژێری؛ دەی لەنێو مۆسـیقای کوردی هونەرمەند حەسـەن زیرەک بکەیتە دەرەوە، چیت بۆ دەمێنتەوە و بەداخەوە هەرخۆت مۆسـیقای میللەتەکەت هەژار دەخەی. بە مـاوەیەکی کورت لە پـاش مەرگی زیرەک، کە دەنگ و باسی مردنەکەی ئەمریکا و فەرەنسا و ڕۆژئاوای گرتەوە، لەسەر قسەی (ڕابیعە خانم)ی دوا خێزانی زیرەک گروپێکی شـەش کەسـی لە ئەمریکاوە هاتبوونە بۆکان، بۆ ئەوەی-تەواوی جەسـتە-ی زیرەک بکڕن و لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکەن، کە کەسـوکاری زیرەک ڕازی نەبوون؛ تەنیا داوای-گەروو-ەکەیان کردوو پارەیەکی زۆریشـیان لە بەرامبەردا خسـتە بەردەم خوشـک و براکانی زیرەک، ئەوان ڕازی بوون، بەڵام ڕابیعە خانمی خێزانی زیرەک گوتی من گوتم نابێ. زیرەک لە ژیانیدا نەسـایەوە ئێسـتا لێناگەڕێن لە گۆڕیـش بسـێتەوە. خۆزگە گەرووەکەیـان ببردایە،

خۆزگەیەکی تر خۆزگە ئەو گروپە لە سەردەمی زیندوویی و ژیانی زیرەک دەهاتن، بەڵام کورد دەڵێ داری خۆزگە بۆ کەس بەر ناگرێ. ئێستا دکتۆری بەڕێز ئەو شەش کەسە لە ئەمریکاوە بە تەنیا بۆ – دەنگی تڕوتۆپی مامناوەندی زیرەک هاتبوون. هاتبوون و ئەو ماندوو بوون و پارەیان بە خۆڕا بدەن بە کەسوکاری زیرەک، یا ئەوە تەشتهایەکیان لە هونەر و دەنـگ و گەرووی زیرەک بەدی کردبوو لە جێگایەکی تر دەستیان نەدەکەوت؟

بەڕێز مامۆســـتا ئەحمەد ئەمانی، کە دواتر بۆم دەرکەوت مامۆستای زانکۆیە و دکتۆرای لە پسپۆریەکی زۆر گرنگ هە یە ناونیشـانی چەند توێژینەوەیەکی گرنگیشـم بینی کە کە دکتۆر ئەحمەد بڵاوی کردوونەتەوە. لەم نووســـینەیدا سەبارەت بە زیرەک زۆر باسی –زانستی بوون– دەکات و ڕەخنە لە نازانستی حەسەن زیرەک دەگرێ و کۆمەڵگای کوردەواری بە – تێوگلاو لە ســـۆزی دەرێشـــانە – ناو دەبـات، بەڵام، بە هۆی ئەو ڕق و توڕەییەی لە زیرەکی هەیە، کە من نازانم هۆیەکەی چییە و ئەم هەموو توڕەییە لە چییەوە هاتووە. لە نووســـینەکەیدا نەیتوانیوە لەســـەر

هەناسـەی زانسـتییەکەی بڕوات و نەگلێتە نێو سـۆزەوە، تا ڕادەی ئەوەی زۆر جار زمانی زانسـتی و ئەکادیمی و ویژەیی بەجێدێڵێ و لێی دوور دەکەوێتەوە، سـەیرکەن چی نووسـیوە "لەو بەر پردیشـەوە لە برایانی زێزێوە بیگرە تاکوو حەسـەن زیرەک و سـمایل سـەردەشـتی و عەزیز وەیسـی و ئەم جوزەلە و ئۆرگژەنانەی ئەم سـەردەمە هەموویان هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەری مێشک خەڵەتێنن کە بێجگە لە سـۆزاندن هیچی دیکەیان لە بن باخڵدا نییە"، هەریەک لەو بەڕێزانەی کە ناوی هێناون شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ناوهێنانی حەسـەن زیرەک بە –هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەری مێشک خەڵەتێن– بەڕاستی لەگەڵ هونەری زیرەک ناگونجێ.

دکتۆر ئەحمەد هەسـتی تایبەتیی خۆی کە – لە سـۆز بەدوور نییە – بە ئامرازی کۆ دەردەبڕێ و دەنووسـێ – ئێمە– تکایە ئەو –ئێمە–یانە کێن و چەندن و لە کوێن؟

"ئێمە سـاڵی یەکجار ئەویش لە نەورۆز یان قاوەخانەیەک بۆ دوو دەقە حەسـەن زیرەک ببیسـتین، شـاگەشـەی پێدەکەین –لەوە زیاتر حەسـەن زیرەک بۆمان قابیلی گوێ

دان نییە"، دکتۆر تۆ نەک ئێمە، کە ســاڵێ تەنیا یەک جار و دوو دەقیقە گوێ لە زیرەک دەگری، چۆن ڕێگات بە خۆت دا ٣٦٢١ گۆرانی هونەرمەند حەســەن زیرەک ڕەتکەیتەوە؟ کە زیرەک بەم ژمارەیە یەکەمین و گەورەترین گۆرانیبێژە کە ژمارەی گۆرانییەکانی گەیشتووە بەم ژمارەیە. لای کەم لە کوردەواری، لەنێو ئەی حەمکە ژمـارەیەش ســـــەتـان داهێـنانی هەیە، کە لە ڕیزی پێشـــــەوەی هەموو گۆرانییە داهێنراوەکـانی ســــەردەمی خۆیەتی. لەبـارەی ئەو دوو دەقیقەشـــەوە نووســیویەتی: پێشــتر گوتمان بە هوی ئەو بێزاری و ڕق و توڕەییە کە دکتۆر ئەحمەد لە زیرەک هـە یەتی، زمانی نووسینەکەی لە زانست و ئەکادیمیەت دوور خســـتووەتەوە، فەرموو دەنووســـێ :ئێمە ســـاڵی یەکجار ئەویش لە نەورۆز یان قاوەخانەیەک بۆ دوو دەقە حەسەن زیرەک ببیســتین، شــاگەشــەی پێدەکەین"، هەر چەندە وا پێدەچی ئەم – شـــاگەشـــکەی پێدەکەین–ەش دەربڕێنێکی تەنزئـامێز بێـت ســـــەبـارەت بە –دەنگی مـامنـاوەنـدی و ترتۆپ–ی زیرەک! بەڵام، هێشتا ئەو دەربڕینە ئەوەندە مانا لە دەروونی خۆی هەڵدەگرێ کە دەنگی زیرەک لەم دوو دەقیقیەیەدا کاری تێکردووە و شـاگەشـکەی کردووە. باشـە

ئەگەر دکتۆر ئەحمەد هەر بۆ لێکۆڵینەوە، بەســـەر خۆی بکات بە ئەرک و گوێ لەو گۆرانییانە بگرێ کە موجتەبای میرزادە، بەڵێ تەنیـا موجتەبـای میرزادە مۆســـیقـای بۆ لێداوە؛ تو بڵێی دکتۆر، شـاگەشـکە بوونەکەی کەمێک زیاتر نەبوایە؟ دکتۆر دەنووســـێ "کەواتە ئەم ئەفســـانەی کە حەســـەن زیرەک چیها گەورە بوو کە چی دیکە دووبارە نابێتەوە پڕە لە چەواشـەکاری سۆزی ڕۆحی کوردی، نەک هونەری بوون یان ئاخۆ زانسـتی بوونی حەسـەن زیرەک. حەســـەن زیرەکەکان زەوق و ترِ و پۆپی ئان و ســـاتێکی ڕۆحیانەتی کۆمەڵگایەکە کە دەبێت تێپەڕ بێت". ئەوە کێیە- چەواشـەکاری سـۆزی ڕوحی کوردی – کردووە؟ دیسـان دەنووسێ "حەسەن زیرەک و حەسەن زیرەکەکان زەوق و ترِ تۆپی ئان و سـاتێکی ڕوحانیەتی کۆمەڵگایەکە کە دەبێت تێپەڕ بێت"، لە ڕســـتەی- حەســـەن زیرەک و حەســـەن زیرەکەکان – ســـووکایەتیەکی زۆر بەر زیرەک کەوتووە، کە ئەرکی لێکۆڵەر سـووکایەتی کردن نییە بە کەسـایەتیی هونەرمەند، بەڵکوو هەڵسـەنگاندنی بەرهەمەکەیەتی. لێرەش سۆزی تورەبوون جارێکی تر دکتۆری بەڕێزی لە ئەرک و پەیامی لێکۆڵەرانە دوور خســتووەتەوە، بەڵام زیرەکەکانی

تر لە کوێن و ئێمە چەند زیرەکمان هەیە؟ من لام وایە هەر بەڕێزێک بۆ هەر مەبەستێک بیەوێ زیرەک هەڵبسەنگێنێ، ئەوا پێویست دەکات زیرەک بەتەنیا و لەگەڵ زیرەک خۆی هە ڵبســـەنگێنێ، ئەوەش بەو مانایە نییە، کە کۆمەڵگای کوردەواری هێندە نەزۆک بێت و کەســـێک نەبێت لە داهــاتوودا بتوانێ هونەرەکەی زیرەک تێبپەڕێنێ، چونکە زیرەک چ خۆی و ژینە ئەفســـــانەییەکەی و چ هونەرە ئەفسـانەییەکەی بە هیچ چەشنێک دووبارەبوونەوەی نییە. بەڵام تێپەڕانـدنی زیرەک خواســـتی هەموو کوردێکە و کارێکی دوورە دەست نییە، ئەوەش کە گوێگرتن لە زیرەک بە – زەوقی تڕ تۆپی ئـان و ســـــاتێکی ڕوحـانیەتی کۆمەڵگـایەک نـاو دەبـات کە دەبێ تێپەڕ بێـت – جـارێ بەکـارهێنـانی – دەســـتەواژەی– تڕ تۆپ – جگە لەوەی نووسـینەکەی لە – زانسـتی بوون – دوور خسـتووەتەوە، ئاسـتی زمانەکەشـی دابەزاندووە. دکتۆر باسـی تێپەڕاندن دەکات، واتە مۆسیقای کوردی لە حەسەن زیرەک تێپەڕێ، منیش ئاواتەخوازم کە هونەر و مۆســـیقامان لە زیرەک تێبپەڕێ، بەڵام نە بەو مانایەی ئاستی زیرەک نزمە! بەڵکوو

ئاستی زیرەک زۆر بەرزە و هیوای ئاستی بەرزتر بۆ هونەری کوردی دەخوازین

ئەم جارە دکتۆر ئەحمەد دێت و دەنگی زیرەک بە –دەنگە مامناوەندی و بۆڕەکە – باس دەکات و دەڵێ ئەوەی بە ڕاستی گوێی مۆسیقای ببێت ناتوانێت ڕۆژانە بۆ دە دەقیقەش گوێ بداتە دەنگە مامناوەند بۆڕەکەی زیرەک – دەنووسێ "کێشە خودی کەسایەتیی نازانستی و سۆزتێوەگلاوی حەسەن زیرەکەکانە کە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە کۆمەڵگاکەشیان بەناوی هونەرمەندی ئەفسووناوی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەی بەڕاستی گوێی مۆسیقایی ببێت ناتوانێت ڕۆژانە بۆ ١٠ دەقەش بووە، گوێ بداتە دەنگە مامناوەند بۆڕەکەی حەسەن زیرەک". بەڕاستی من لام وایە کوردێک لە ٣٦٢١ گۆرانی زیرەک نەتوانێ دە دەقیقە گوێ لە گۆرانییەکانی زیرەک بگرێ، ئەوا ئەو کوردە میزاجێکی زۆر تایبەتی هەیە، بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کە مامۆستایانی موسیقای کوردی گوتویانە؛ ئەگەر دەتەوێ گوێ لە دەنگی ڕەسەن و ئاوازی خۆش و گوتنی جوان و مۆسیقای بەسۆز بگرێ، گوێ لە

گۆرانییەکـانی زیرەک بگرە، بەتـایبەت ئەو گۆرانییـانەی لەگەڵ تیپ و ئۆرکســترا و مۆســیقارە بەرزەکان تۆماری کردوون، بە نموونەی مۆســـیقای هونەرمەند موجتەبای میرزادە و بەڕێزەکانی تری تاران و کرماشـان و سـەقز و تەوریز، کەچی دکتۆر تـاقەتی نییە ڕۆژانە دە دەقیقە گوێ لە زیرەک بگرێ. مـافی خۆیەتی، بەڵام دکتۆر ئەوەی نادیدەگرتووە کە ئێستاش لە هەموو نێوەندەکانی گوێگرتن، لە کوردەواری لە مۆسـیقارە بەرزەکانەوە بیگرە تا دەگاتە، شـــوان و جوتیارەکان، ئەوە دەنگی زیرەکە لە بەرزترین ئاسـتی گوێ لێگرتنە و کاسـێتەکانی لە ڕیزی پێشـەوەی کاسێت فرۆشتنە و ژمارەی گوێ لێگرتنی لەنێو یوتیوب و سـایتە ئەلیکترۆنییەکان ژمارەیەکی ڕیکۆردشـکێنە، ئەوش پاش پەنجا ساڵ دوای مەرگی زیرەک.

## ڕەخنەگرتن لە زیرەک

.

دکتۆر باســـی ئەوە دەکات کە دەبێ زیرەک نەقد بکرێ، ئەمە زۆر ڕاســـتە، زیرەک چ خۆی و چ هونەرەکەی لە دەرەوی ڕەخنە نین، بەڵام ڕەخنەی زانســتی ئەوە نییە، لە

تەواوی نووسـینێکدا، ڕەخنە لە کەسـایەتی و تەمەن پەنجا ساڵ و شـەش مانگیەکەی بگرین و تەواوی گۆرانییەکانی کە ٣٦٢١ گۆرانییە بە – تڕتۆپ – ناو ببەین و دەنگەکەی بە – مـامنـاوەنـدی و بۆڕ – بزانین و هیچ چـاکی و جوانییەک لە کەسـایەتی و هونەرەکەیدا نەبینین. زیرەک خاڵی لاوازی زۆری هەیە، چ خۆی وەک کەسـایەتی، چ هونەرەکەی، بەڵام هەر ڕۆژێ و هەر لێکۆڵەرێک خواستی ڕەخنە لە زیرەک و هونەرەکەی بگرێت، ئەوا پێویسـتە – تەواوی ژیـانی زیرەک و کوردسـتـان و ڕۆژگـاری ژێردەسـتەیی و باری پارچە پارچەیی کۆمەڵگای کوردی لەبەرچـاو بێـت. دکتۆر دەنووسـێ "خۆ گێـل کردن و خۆشـاردنەوە لە خەسـاری حەسـەن زیرەکەکان نەک هەر هیچی پێنەداوین کە بە ئاشـکرا دەبینین کە ئەم نەقد نەکردنی حەسـەن زیرەکانە، مۆسـیقای کوردی و تەنانەت فۆلکلۆری کوردی بۆ ئـاسـتی نزمی وەک سـمـایـل سـەردەشـتی و عەزیز وەیسـییەکان دابەزاندووە، ئەم خەسارە بەڕاستی کێشەیەکی مەعریفی گەورەیە و ناکرێت چی دیکە بە هۆی تڕ و پۆپی سـۆزی کاتی بۆ حەسـەن زیرەکـەکـان وەهـا لێخۆش ببین و ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ

مـاملێکان و عـەلی مـەردانـەکان زیـاتر لـە گۆڕ بنێین". هەر لێرە دکتۆر تەواوی پاشـکەوتن و ئاسـتی نزمی فۆلکلۆر و هونەرمەندان دەداتە پاڵ حەســـەن زیرەک و تەنانەت – لە گۆڕنـانی مـاملێکـان و عەلی مەردانەکـان–یش دەخـاتە ئەســتۆی زیرەکی تڕپۆپی سـۆزکاتی، بەداخەوە نووســەر زۆر لە یاسای – نەقد – دوور کەوتووەتەوە،

دواجار و لە کۆتایی نووســینەکەیدا دکتۆر ئەحمەد، ڕەخنە لە لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوە تەحلیلی ئەفســـانەیی دەگرێ، وای دەخاتە زیهنی خوێندەوار کە لەپەنای ئەم کارانە: "جارێکی دیکە حەســەن زیرەک دیسـان هەمان داگیرکردنی کۆمەڵگا، سـەرلەنوێ داگیر دەکاتەوە و ماملێکان لەژێر ئەم ئەفسـانە درۆزنانەی خۆی دەشـــارێتەوە و ڕۆحیانەتی کۆمەڵگای کوردی دیسان و دیسان لە فامی هونەری ڕەسەن(زانستی) هەنگاوێکی دیکە دوور دەخاتەوە"، مامۆســتا ئەحمەد مافی تەواویی خۆیەتی مامۆســـتا ماملێ و هونەرمەندانی تری کورد بە نموونەی بەرزی خۆی بزانێ، ئێمەش مـاملێ بە نـموونەیەکـی بەرزی هـونەری کـوردی دەزانـیـن! بەڵام هونەری ڕەســـەنی کوردی و ڕەخنەی زانســـتی و خودی

مـاملێکـان، چ ســـودێـک لە شـــــکـانـدنەوەی زیرەک و تاوانبارکردنی دادەبێنن؟ بەتایبەت کە مامۆســـتا ئەحمەد پێنـاچی لێکۆڵینەوی لە ژیـان و هونەری زیرەک کردبێ، چوونکە هیچ نموونەیەک لە ژیـان و هونەری زیرەک نـاهێنێتەوە کە  ئەوە دەربخـات گوێی لەو ٣٦٢١ گۆرانییە گرتبێ و ئەو ٢٥ تا ٣٠ کتێبەشی خوێندبێتەوە کە لە بارەی ژیانی زیرەکەوە نووسراون، دەڵێن: دوو گەنج کە یەکێکیان لایەنگری دەنگی زیرەک بوو پێیدا هەڵدەگوت و پەســـــنی دەکرد و دەیگوت؛ دەنگی زۆر خۆشـــــە. ئەوەکەی دی بە حەماســــەوە گوتی: جا با هەر دەنگی خۆش بێت، ئاخر دایکی مێردی کردووتەوە. جا ئێســـتا ئێمەش ئێژین خۆزگە هەموو ئەوانەی کە دایکیـان پـاش بێوەژن بوون مێردیـان دەکردەوە، زیرەکێکیان بەرهە م دەهێنا، ئەوســــا دەماندی مێردکردنەوەی دایککەکان چەند بە سوودن.[٦]

6 لەبەر درێژییەکەی ئێمە بەشی کۆتایی نووسینەکەمان بڵاو نەکردووەتەوە.

**تێبینییەک:** ئەم نووسینەی ئێمە بەرگرییەکە لە هونەرمەند حەسەن زیرەک، لەو شوێنانە کە بەڕێز (ئەحمەد ئەمانی) قسەی لەبارەی حەسەن زیرەک و هونەرەکەیەوە کردووە، بە هیچ شێوەیەک ناچێتە نێوان گفتوگۆ و ڕا جیاوازەکانی بەڕێزان (دکتۆر بینەندە و دکتۆر ئەحمەد ئەمانی)، کە من ئاگاداری نووسینەکانی پێشتریان نیم.



# پاش حەسەن زیرەک؟
## پێداچوونەوەیەک بە پرسی داهێنان، زەمەنی ڕۆشنبیری و دابڕاندا

زاموا محەمەد



*"ئەو نووسەرانەی بەدڵمن، پێم خۆشە بەکاریان بهێنم. بۆ نموونە، تاکە پێزانین و پاداشتێک کە بەرانبەر فیکری کەسێکی وەک نیتشە بنوێنرێت، ئەوەیە کە بەکار بهێنرێت، بشێوێنرێت، هاواری پێ بکرێت و نارەزایی پێ دەرببڕدرێت. جا گەر قسەکەران گوتیان کە من بەرانبەر بە نیتشە وەفادار، یان بێوەفا بووم، ئەوا هیچ گرنگییەکی بۆ من نابێت."*

**فوکۆ**

میشێل فوکۆ لای وابوو کە هەم پێناسە و هەم وەزیفەی ڕۆشنبیر، لە کۆتاییدا دەکاتە گۆڕینی شتێک لە بیرکردنەوەی خەڵکدا. بۆ ئەوەی ئەم ڕستەیەی پێشوو لە تەواوی قوڵایی و وردەکارییەکەیدا تێبگەین، دەبێت حەرفی وەرینەگرین و بیگەڕێنینەوە نێو سیاقێک و زمانێک نزیک لە بیرکردنەوەی فوکۆ خۆیەوە: لە هەر کولتوورێکدا، هەر چرکەساتێکی مەعریفی بریتییە لە زاڵبوونی گوتار(Discourse)ێک بەسەر گوتارەکانی دیکەدا، یان هاتنەکایەی گوتارێک لەپاڵ گوتارەکانی دیکەدا؛ ئەمەش لە ئەنجامدا دەکاتە دەرکەوتنی شتێک، پرسێک، دیاردەیەک بە مانایەک و لە شێوەیەکدا کە

پێشتر لە هیچکام لە خۆڕێکخستن و خۆداڕشتنەکانی مەعریفەیەکدا بەو مانایە و لەو شێوەیەدا دەرنەکەوتووە. کەواتە ڕۆشنبیر/هونەرمەند/ئەدیب ئەو بکەرە کولتوورییەیە کە وشەکان، شتەکان؛ مانای وشەکان، مانای شتەکان لە بیرکردنەوەی ئێمەدا دەگۆڕێت، نەک لە ڕێی ئەوەوە کە ببێتە دەمڕاستی ئەم گوتار، ئەو ئایدۆلۆجیا یان فلان حەشامات، بەڵکوو لە ڕێی خۆهەڵقورتاندنەوە لە پەیوەندی و ڕێکخستنەکانی دەسەڵات/مەعریفەدا، لە ڕێی دەستکاریکردنی ئەو چرکەساتانەوە کە تێیاندا هەر گوتارێک، هەر تێڕوانینێک، هەر شێوازێک و هەر فۆڕمێک، لە ڕێی داپۆشین و وەلانانی گوتارەکان، تێڕوانینەکان، شێوازەکان و فۆڕمەکانی دیکەوە خۆی بەدی دەهێنێت(یان لەبری ئەوان، ئەم خۆی بەدی دەهێنێت). چونکە دەرکەوتنی هەر گوتارێک، هەر شێواز و فۆڕمێک، لە هەمان کاتدا بریتییە لە دەرنەکەوتنی چەندین گوتار و چەندین فۆڕم و شێوازی دیکە. ئەوەش کە پێی دەگوترێت داهێنان، گەر لە پەنجەرەیەکی جینالۆجی یان گوتارشیکارانەوە سەیری بکەین، لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە دەستوەردانی بکەرێکی کولتووری بۆ ئەو چرکەساتەی تێیدا گوتارێک، شێوازێک یان فۆڕمێکی کولتووری لە بری هەموو ئەو گوتار، شێواز و فۆڕمە کولتوورییانەی تر کە پێکڕا وەک کۆمەڵێک ئەگەر چاوەڕوانن بێنە ئاراوە، دێتە ئاراوە.

کات بۆ هەر ڕۆشنبیرییەک، بەو هەڵویست و هەڵسوکەوتانە دەپێوریێت کە مەعریفەی نێو ئەو ڕۆشنبیرییە دەیاننوێنێت و بەرپایان دەکات؛ ئەم هەڵویست و هەڵسوکەوتانە هەردەم لە بەردەم ڕێژەیەکی بێشوماری ئەگەرەکاندان، کە دەکرێت لە دوو جۆری ئەگەردا کورت بکرێنەوە: ئەگەری بەردەوامبوونی ڕۆشنبیرییەک وەک خۆی(بەردەوامێتیی ئەبیستمۆلۆجی) و ئەگەری گۆڕان، یان وەرچەرخانی ڕۆشنبیرییەکە(شتێکی کەمێک نزیک لەوەوە کە باشلار پێی دەگوت "دابڕانی ئەبیستمۆلۆجی"). داهێنان هیچ نییە جگە لەو پڕۆسەیەی کە تێیدا بکەرێکی کولتووری، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لە ڕێی ئەو گوتارانەوە کە لە ڕۆشنبیرییەکدا خۆی دەداتە پاڵیان و خۆیان دەدەنە پاڵی، لە ڕێی ئەو فۆڕمانەوە کە لەناو ڕۆشنبیرییەکدا بەرهەمیان دەهێنێت، لە بری بەردەوامبوون، گۆڕان و وەرچەرخان هەڵدەبژێرێت.

من تێدەگەم لەوەی کە زەمەنی ڕۆشنبیری لە خۆرهەڵات، زەمەنی بەردەوامییە زیاتر لەوەی زەمەنی لێکپچڕانی قۆناغەکان و دابڕان بێت(بگرە مۆدێلی ڕاستەهێڵ، بۆ بینینی زەمەنی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵات، مۆدێلێکی بەکار نییە؛ زەمەنی ڕۆشنبیریی خۆرهەڵات هەبوویەکی سێڕەهەند — وەک ئۆگەستین لە دانپێدانانەکانیدا باسی دەکات- نییە کە

بەرەوپێشەوە، یان بەرەو کۆتاییەک بڕوات، چونکە کات بۆ ڕۆشنبیریی خۆرهەڵات بەرشوبڵاو دەبێتەوە زیاتر لەوەی بەرەوپێش بچێت؛ لە سەتڵێک هەڵمات دەچێت کە بوون دەیڕێژێت و هەر هەڵماتێکی بە لایەکدا دەڕوات). چاوخشاندنێک بەو جەستە مەعریفییەدا کە لە توێژینەوە ئایینییەکان و بەشێکی مێژووناسیی ئەدەبیشدا بە سکریپتچەر ناو دەبرێت، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات: زۆرێک لەو گوتار و تێگەیشتنانەی لە پشت داستانێکی وەک گلگامێشەوە شەپۆلانیانە، تا ئەمڕۆش ماونەتەوە و ئێمە بە ئاسانی دەتوانین لێرە و لەوێی نووسین و تەنانەت ژیانی کۆمەڵایەتییشماندا بیانبینینەوە. زۆرێک لەو گوتار و تێگەیشتنانەی کە لە کتێبی مردووانی میسر و پەیمانی کۆندا هەن، دەپەڕنەوە نێو قورئان و دواتریش لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا دەچەسپێن و ئەمڕۆ لەگەڵماندا دەژین؛ بگرە تەنانەت قورسە جیاوازییەکی ڕیشەیی، یان ئەبیستمی، لە سەردەمی پێش ئیسلام(جاهیلی) و سەردەمی دوای ئیسلامیشدا دیاری بکەین، دوو قۆناغ کە مێژوونووسان بە شانازییەکی کوێرانە و ترسناکەوە باس لە دابڕان و وەرچەرخانەکانی نێوانیان دەکەن. لە بەرانبەردا، ڕۆشنبیریی خۆراوا ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمانەیە کە بە ئاستەم لە یەکدی دەچن و بە ئاستەم بە چەمکەکانی یەکێکیان، دەکرێت لەوی دیکەیاندا بژین و لەناو بونیادەکان

و گوتارەکانیدا هەبین. کارەکانی هەریەک لەو بیرمەندانەی کە لە خانەی "پاش بونیادگەری"دا پۆلێن دەکرێن، شایەتییەکی ڕوون و باشن بۆ ئەم قسەیە؛ شایەتییەک کە لێرەدا گێڕانەوە و دووبارەکردنەوەی پێویست نییە.

لە مێژووی مەعریفیی خۆرهەڵاتدا قورسە دۆخێک ڕوو بدات نزیک لەوەوە کە تۆماس کوهن ناوی دەنێت ناپەیوەستی(incommensurability): ئەوەی خەسڵەت و پارچەکانی هەر قۆناغێکی زانستی/مەعریفی، یان داهێنانەکانی هەر قۆناغێکی زانستی/مەعریفی، تەنیا لەنێو گشتەکەی خۆیاندا و لە ڕێی بەشەکانی خۆیانەوە فام بکرێن و بەهایان پێ بدرێت و ئیمکانییەتێک، بۆ ئەوەی ئەم خەسڵەت و پارچە و داهێنانانە پەیوەستی قۆناغێکی تر بکرێن، تاکوو لەوێدا بخوێنرێنەوە و بەهایان پێ بدرێت، لە ئارادا نەبێت. هۆکاری قورسیی ڕوودانی ئەم دۆخی ناپەیوەستییەش لە خۆرهەڵات، زۆر بە سادەیی، نەبوونی هیچ جۆرە دابڕانیکی گەورەی ئەبیستمۆلۆجییە کە دوو قۆناغ –یان چەند قۆناغێک- بە ڕوونی جیا بکاتەوە و ناپەیوەستییەک لە نێوانیاندا بێتە ئاراوە؛ چونکە سرووشتی پەیوەندیی گۆڕان لەنێوان ناپەیوەستی و دابڕانی ئەبیستمۆلۆجیدا، سرووشتی گۆڕانێکی ڕاستەوانەیە: تا دابڕانی ئەبیستمۆلۆجی نەبێت، ناپەیوەستییش ڕوو نادات و

بە پێچەوانەشەوە. هەر ئەمەشە کە مێژووی نوێی خۆرهەڵات و خۆراوا بەو تەرزە ڕیشەییە لە یەکتری دادەبڕێت. هەر ئەمەشە کە ئەگەری دروست بوونی دابڕان و قۆناغبەندییەکی ڕوون لە خۆرهەڵاتدا ئەستەم و هەندێک جار مەحاڵیش دەردەخات؛ هەر ئەمەشە، بە داخەوە، سەرهەڵدانی هەر جۆرە کایەبەندییەکی مەعریفی/زانستی، لەو شێوەیەیدا کە لە خۆراوا هەیە و هەمووومان پێی ئاشناین، نەکردە دەکات.

بەڵام سەرباری ئەوەی کە مێژووی خۆرهەڵات مێژوویەکی ڕاستەهێڵی نییە، سەرباری ئەوەی کە دابڕانێکی ئەبیستمۆلۆجیی زەقی تێدا نییە، مەرج نییە کە هیچ وەرچەرخان و نوێگەرییەکیشی تێدا نەبێت؛ مەرج نییە لە ڕۆشنبیرییەکدا، لەنێوان ئەگەری بەردەوامبوون و ئەگەری وەرچەرخاندا، هیچ بکەرێکی کولتووری لە هیچ چرکەساتێکی مەعریفیدا ئەگەری دووەمی هەڵنەبژاردبێت، کە ئەگەری گۆڕان و وەرچەرخانە. ئەو سەتڵە هەڵماتەی بوون هەڵیڕشتە سەر زەویی بەرجەستەکان و پەرش و بڵاوی کردەوە، مەرج نییە هەموو هەڵماتەکانی ناوی هاوشێوە و دووبارە بووبن. ناکرێت ئینکاری لەوە بکەین کە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، وەک هەر ڕۆشنبیرییەکی دیکەی خۆرهەڵاتی، بکەرانێکی کولتووری پەیدا بوون کە قورسە

پاش ئەوان جارێکی دی شتەکان و ماناکانی نێو کایەیەکی کولتووری لەو شێوەیەدا ببینین کە پێش ئەوان هەبووە. هێندەی هەیە کە ئەم وەرچەرخانانە ئەوەندەی لە ئاستی تایبەتیی بکەرێکی کولتووریدان، هێندە لە ئاستێکی بونیادیدا نین کە دابڕانێکی ئەبیستمەسازانە بخوڵقێنن؛ لە خوێندنەوە و فامکردنیشیاندا ئەوەندەی پێویستمان بە هیرمۆنۆتیک و ڕەخنەیەکی ئاراستەکراو بەرەو دەق و فۆڕم و گوتاری شەخسیی ئەو بکەرانەیە، هێندە پێویستمان بە تەفسیری کۆمەڵایەتی و گەڕاندنەوەیان بۆ ناو بونیادە گشتییەکانی چواردەوریان نییە.

ڕابردووی ڕۆشنبیریی ئێمە، چەندین بکەری کولتووریی تێدایە کە بە هاتنیان دیدگایەک، شێوەیەک یان ئیمکانییەتێکی نوێیان خزاندووەتە نێو هەبوونەوە و بەبێ خوێندنەوەی وردی گوتاری ئەوان، بەبێ گوێگرتنێکی بەدیقەت لە بانگی ئەوان، ناتوانین ئەو دیدگایانە بەدەست بهێنین، ناتوانین ئەو شێوانە بینین، یان ئەو ئیمکانییەتانە بەدی بهێنین.

لە ڕۆشنبیریی نێو مۆدێلێکی ڕاستەهێڵیی زەمەندا، داهێنانەکان، گۆڕانی پێوەندییەکانی نێوان دەسڵات و مەعریفە(ئەوەی فوکۆ ناوی دەنێت "تەکنەلۆجیاکان") و هەروەها وەرچەرخانی نەزم و ڕیزبەندیی گوتارەکان، لە ڕوودانیاندا پاش خۆیان دەگۆڕن؛ وەرگرتنی ئێستای ئەم

ڕووداناونە و هەڵکۆڵین لە پێناو گەیشتن بە ڕابوردوویاندا، دەکاتە ئارکیۆلۆجیا و پشکنینی ڕابوردوویان لە پێناو تەشخیس و دایگنۆسیسی ئێستای زەمەنی ڕۆشنبیرییەکەدا، دەکاتە جینالۆجیا. بەڵام لە ڕۆشنبیریی نێو مۆدێلی پەرشبووی زەمەندا(لە پێناو خۆلادان لە نەگونجان و سەختییەکی تیۆری کە دەشێ یەکێتیی بابەت و کۆکراوەیی ئەم وتارە–کە دەزانم خۆی لە خۆیدا شل و ناجێگیرە- بخاتە مەترسییەوە، پێم باش نییە مۆدێلی تۆڕ و ڕیزۆماتیک، وەک پێچەوانەیەک بۆ ڕاستەهێڵ وەربگرم)، لەبەر ئەوەی نە ڕەخنەی تەقلیدی و نە تێڕوانینی مێژوویی، هیچیان ناتوانن کایەبەندی و قۆناغبەندییەکی ڕوون و جێگیرمان بۆ دابمەزرێنن، ئێمە ناتوانین بە ڕوونی پێش، پاش و تەنیشتی داهێنانەکان، گۆڕانی پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە و وەرچەرخانی نەزم و ڕیزبەندیی گوتارەکان دیاری بکەین، یان ببینین. ئەی کەواتە: لە نائامادەگیی قۆناغبەندی و کایەبەندییەکی مەعریفیی خۆماڵی/خۆکردی ڕووندا کە ڕوانینی مێژوویيمانی لەسەر گەڵاڵە بکەین، چی بکرێت؟

لە ڕابردووی نووسینی ئێمەدا، هەریەک لە ڕەخنەی تەقلیدی، شیکاریی تیۆریک و توێژینەوەی مێژوویی، لە خۆوە بێت یان بە هۆشیارییەوە، لە بەردەم ئەم

گرێکوێرەیەدا دوو ڕێگایان گرتووەتە بەر: یەکەمیان، بینینی مێژووی کولتووریی خۆمان بووە وەک کایۆسێکی بێمانا، بێزەمەن و شێواو کە هیچ جۆرە خوێندنەوەیەکی ڕێکخراو و ئارگیۆمێنتەیتیڤ هەڵناگرێت. دووەمیان، بەکارهێنانی بیردۆز و میتۆدۆلۆژیای خۆراوایی بووە بۆ ڕێکخستن و پاشان فامکردنی ئەم کایۆسە. کێشەی ڕێگای یەکەمیان ئەوەیە کە ئەقڵ دەخزێنێتە نیهیلیزمێکی هێندە ناچالاکەوە کە چیدی پێوەندییەکی بە کولتووری خۆیەوە نامێنێت؛ کێشەی ڕێگای دووەمیشیان، سەرباری ئەوەی کۆمەڵێک هەوڵی گرنگ و دەرەنجامی سەرنجڕاکێشی لێ کەوتووەتەوە، ئەوەیە کە بە میتۆد و ڕێباز و دیدگا هێنراوەکانیەوە، بەزۆر دەیەوێت کایۆسەکە لە دیدگا و نەزمێکدا ڕێکبخات کە کایۆس، -زۆر بەسادەیی، لەبەر ئەوەی کایۆسە- بەرگەی ناگرێت، یان وەریناگرێت.

لەم نووسینەدا، کە وەک ناونیشانەکەی پێشنیاری دەکات، -سەرباری ئەوەی گەیشتن بە ناوکی بابەتەکە زۆر دواکەوت- لەبارەی حەسەن زیرەکەوەیە، لام باشە ڕێگایەکی تر بگرمە بەر: ئەوەی کە کایۆسەکە، بە هەموو ئاڵۆزی و ناڕوونی و گێژەنەکانیەوە، وەک خۆی ببینین؛ بە ئیرادەی ئەو تەئویلکارانەوە کە دەیانەوێت ئاڵۆزییەکان لە ئاڵۆزیی خۆیاندا بخوێننەوە، نەک بە خووی ئەو

فاکتدۆزەرەوانەوە کە دەیانەوێت شکۆی نادیاری لە ڕێوشوێنەکانی پۆلێنکردن، ڕیزکردن و شیکاردا بخنکێنن.

لە بەردەم ئەو گرێکوێرەیەدا کە پێشتر باس کرا، دەتوانین سەرجەمی زەمەنی ڕۆشنبیری لە شێوەی ئێستایەکی ڕەهادا ببینین، کە تێیدا هەرسێ ڕەهەندەکەی کات – ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو- پێکەوە، بەردەوام و بەبێ وەستان ڕوو دەدەن. لەم جۆرە دیدگایەدا کاتی ڕۆشنبیرییەک هێندەی هەڵدەڕژێت و پرژە دەکات، هێندە هەنگاو نانێت و بەرەوپێش، یان بەرەو کۆتاییەک ناچێت. لەناو ئەم جۆرە دیدگایەدا، بکەرە کولتوورییەکانی ڕۆشنبیرییەک، لە پێوەرە تەقلدییەکانی کۆن و نوێ، باش و خراپ، داهێنەر و ناداهێنەر دەردەکرێن و وا پێویست دەبێت کە لە بری ئەو موفرەدانەی پێشوو، سەرنج لە خودی ئامادەگیی ئەم بکەرە کولتوورییانە بدرێت، ئامادەگییان لەو ئێستا ڕەهایەدا کە باس کرا. بەم جۆرە، سەبارەت بە حەسەن زیرەک، هێندەی سەرنج لەسەر خودی ئامادەگیی ئەم بکەرە دەبێت لەم ئێستایەدا، هێندە سەرنج لەسەر پێش، پاش و چواردەوری ئەو نابێت (هەر لێرەوەیە کە ناونیشانی ئەم وتارە، خودی خۆی و پاشان ناوەڕۆکەکەشی هەڵدەوەشێنێتەوە).

ئێستای ڕەها و وەرگرتنی کایۆس وەک سیاقێک بۆ خوێندنەوەی بکەرێکی کولتووری، بە مانای دابڕاندن و پەڕاندنەوەی ئەم بکەرە نییە لە ئەرکە کۆمەڵایەتی و جێنەریک و جوانیناسانەکانی خۆی لەنێو ئەو کایەیەدا کە بەرهەمهێنانی تێدا کردووە، بەڵکوو ئەمە ڕێوشوێنێکە خودی ئەم بکەرە کولتوورییە بەو جموجوڵانەیەوە کە لەنێوان فۆڕمەکان و گوتارەکاندا دەیانکات، دەیسەپێنێت. واتا خوێندنەوەی حەسەن زیرەک، لەبری گوێگرتن لێی؛ پەلکێشکردنی حەسەن زیرەک بۆ نێو ئەم سیاقە، لەبری هەڵسەنگاندنی بە پێوەرە تەقلیدییەکانی ڕەخنە، بە مانای پەڕاندنەوە و دەربازکردنی نییە لەو گوتارانەی حوکمی کایەکەی خۆی و هونەرە دەنگییەکان دەکەن، بەڵکوو ڕێوشوێنێکە حەسەن زیرەک، وەک هەر بکەرێکی دیکەی کولتووری کە ئیمکانەکانی نێو کایەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەرگا بەسەر ئاسۆی تر و ئیمکانی تردا دەکاتەوە، بەسەر ڕەخنە و خوێندنەوەیدا دەسەپێنێت. دەبێت لەبیریشمان بێت کە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا هەر بە تەنیا حەسەن نییە کە سەر بەم ڕەوتەی دەربازکردنی شێوازەکان و دۆزینەوەی ئەگەری نوێی کولتووری بێت: بۆ نموونە، لە "نالی"یەوەیە کە ئێمە تێدەگەین زمانی ئەدەبی تەنیا لە ڕێی ڕووخاندن و خاپوورکردنەوە بونیاد دەنرێت(لە وتاری "سیاسەتەکانی وڕێنەکردن"دا چەند ڕوونکردنەوەیەکم لەم بارەیەوە داوە)

... هەروەها چەندین نموونەی دیکەش هەن: حاجی قادری کۆیی یەکەمین چرکەساتی تێکەڵاوبوونی هەردوو خودێتیی بیرمەند و شاعیرە؛ لە حاجی قادرەوەیە ئێمە ئەو ئیمکانیەتە بەدەست دەهێنین کە تێیدا شاعیر کار لە ناو پرسە فیکرییەکاندا بکات. لە پرەمێردەوەیە کە پەیوەندیی نێوان شاعیر و فەزای گشتی، لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، بە ڕوونی دەست پێ دەکات. لە مەسعوود محەمەدەوەیە کە دیاردەی ڕەخنەگر و داهێنان و خوڵقاندنەوەی پێشینان دەردەکەوێت(بڕوانە وتاری "شەیتانەکانی مەسعوود محەمەد").

کاتبەفیرۆدانێکی گەورە دەبێت گەر بێت و تیۆری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم وردەکارییانە و بەبێ هێنانەئارای سیاقگەلێکی نوێ و تایبەتی، هەوڵی تێگەیشتن و توێژینەوەی ئەم جۆرە لە بەرهەمهێنانی کولتووری و ئەم بکەرە کولتوورییانە بدات. بۆیە ئەم وتارە، لەم چوار بەشەی خوارەوەیدا، گەر قەرار بێت وەک هەوڵی خوێندنەوەیەکی کورت وەربگیرێت بۆ حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیری/کولتووری، ئەوا پێویستە و دادپەروەرانەتر دەبێت گەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پرسانەی لە سەرەوە تاووتوێ کران

ببینرێت و لەو سیاق و بەستێنەدا بخوێنرێتەوە کە لە چەند پەرەگرافی پێشوودا گەڵاڵە کرا.

## مەکری فۆلکلۆر

لە مێژووی ئەدەب و هونەرەکاندا بە دەگمەن چرکەساتێکی داهێنان و نوێگەری دەبینین، کە لە هەمان کاتدا بێداچوونەوە و دارشتنەوەی پێشینان و ڕابوردووی ئەو چرکەساتەش نەبێت، لە لایەن خودی چرکەساتەکەوە؛ هەروەتر، لەناو زۆرێک لەو چرکەساتانەدا، ڕێژەیەکی بەرچاو لەو پێداچوونەوە و گەڕانەوانەی نوێ بۆ ڕابردوو، لە ڕێی فۆلکلۆرەوەن. بەڵام تێڕامان لە مێژووی گەڕانەوەی بکەرە کولتوورییەکان بۆ فۆلکلۆر، تێمان دەگەیەنێت کە داهێنانی فۆلکلۆری لە ڕێی دووبارەکردنەوە و زیندووڕاگرتنی فۆلکلۆرەوە ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێی دەستکاریکردن و شێواندنیەوە دەبێت. ئاوایە مەکری فۆلکلۆر: وەفادارbوون بۆی، دووبارەکردنەوە و زیندووڕاگرتنی، لە باشترین حاڵەتدا، ڕەنگە بتکاتە فۆلکلۆریستێکی تەقلیدی کە ڕۆڵی عەمبارێک دەبینیت بۆ هەڵگرتنی چەند گوتار و دونیابینییەکی کۆن، لە کاتێکدا کە بێوەفابوون بەرانبەری، شێواندن و دەستکاریکردنی،

ڕێگایەکە بۆ داهێنان. گەر جیۆفری کاوشەر بەهێزترین شاعیری سەدەکانی ناوەڕاستی هەموو ئەدەبی ئینگلیزییە، هۆکارەکەی ئەوە نییە کە ئەم نووسەرە هاتبێت و هەرچی گوتراو و گوتار و فۆڕمی سەردەمەکەیەتی بە بەیت تۆماری کردبێت، بەڵکوو هۆکارەکە ئەوەیە کە ئێمە لە "حیکایەتەکانی کانتێربێری"دا فۆلکلۆرێک دەخوێنینەوە کە هیی نووسەر خۆیەتی، فۆلکۆرێک دەخوێنینەوە کە لە لایەن کاوشەرەوە، لە پێناو خودی زیندووکردنەوەیدا، خیانەتی لێدەکرێت. نموونەیەکی لەمە ڕوونتر ئیتالۆ کالڤینۆیە، لە پێوەندیدا بە هەریەک لە فیگەری "کچەی کڵاوسوور" و "مارکۆ پۆلۆ"وە، کە لە حیکایەتی "داپیرەی هەڵە"ی ئەودا بەر فۆلکلۆری کڵاوسوورێک دەکەوین جیاواز لەوەی لە خودی فۆلکلۆردا هەیە و لە ڕۆمانی "شارە نادیارەکان"دا بەر مارکۆ پۆلۆیەک دەکەوین جیاواز لەو فیگەرەی مێژوو هەڵیگرتووە و لەوێوە داخڵی فۆلکلۆر و هەم ئەدەبیات و سینەماش بووە. سەرباری مەودای زەمەنیی بەرینی نێوانیان، هەریەک لە کاوشەر و کالڤینۆ –لە پاڵ چەندین بکەری کولتووریی دیکەدا کە قەرەباڵغکردنی ئەم پەرەگرافە بە ناوهینانیان پێویست نییە- لەو جۆرەی فۆلکلۆریستەکانن کە بە باشی لە مەکری فۆلکلۆر تێگەیشتوون؛ لەو فۆلکلۆریستە خیانەتکارانەن کە گەر هاوتای پێچەوانەیان بۆ بدۆزینەوە، بۆ نموونە، جیاوازن لە فۆلکلۆریستی وەفاداری وەک

برایانی گریم و فلادیمیر پرۆپ(نموونەی یەکەمیان لە بواری تۆمارکردنی حیکایەت و دووەمیان لە بواری توێژینەوەی فۆلکلۆردا).

ئەگەر قەرار بێت حەسەن زیرەک وەک فۆلکلۆریستێک ببینین، ئەوا دەبێت لە خانەی یەکەمدا دایبنێین، واتە لە خانەی فۆلکلۆریستانی خیانەتکاردا. بەڵێ حەسەن زیرەک فۆلکلۆریستە، چونکە یەکەمین گەنجینە کە بەستە و مەقامەکانی ئەم پیاوە دەستی بۆ درێژ بکەن و هێزی خۆیانی لێوە وەربگرن، فۆلکلۆرە. بەڵام فۆلکلۆریستێکی خیانەتکاریشە، بەو پێیەی کە زۆر بە دەگمەن بەجێماوی پێشینان، نیشتەنییەکانی بنکی ڕووباری کولتوور و گوتراوەکانی دەرەوەی خودی حەسەن، وەک خۆیان و بە دەستلێنەدراوی دەنوێنرێنەوە. لەم ڕووەوە، حەسەن بەتەواوی پێچەوانەی گۆرانیبێژێکی وەک محەمەدی ماملێیە.

فۆلکلۆر لە ماملێدا لە کۆمەڵێک پارچە گوتراوی ڕەق، جێگیر و نەگۆڕ دەچێت کە بەردەوام دەبێت وەک خۆی وەربگیرێت و وەک خۆی بنوێنرێتەوە؛ ئەمە وا دەکات کە لە گۆرانیی ئەم پیاوەدا گۆرانیبێژ بۆ زارێک کورت بکرێتەوە کە وەزیفەکەی لە گۆکردن و چڕینی ئەوە تێناپەڕێت کە پێشینان، فۆلکلۆر و ئەوانی تر دەیدەن، یان دەیسەپێنن. لە بەرانبەردا، حەسەن، یان وەک ترۆبادۆریستەکان و ئەربابی

شیعری گۆرانی خۆی و خۆبەخۆ گوتراوی نێو بەستە و مەقامەکانی گەلاڵە دەکات، یانیش بە شێواندن و دەستکاریی زۆر قورس و تەنانەت هەندێک جار کۆلاجیشەوە گوتراوی دەوروبەر و پێشینان دەنوێنێتەوە. لە ماملێدا چڕین ئامێرێکە وەزیفەکەی ڕازاندنەوە و بەبتکردن و هێشتنەوەی فۆلکلۆر و یەکە کولتوورییەکانی دیکەیە وەک خۆیان، بەڵام لە حەسەن زیرەکدا چڕین ئامێرێکە بۆ داڕشتنەوەی فۆلکلۆر و گوتراوەکانی دەرەوەی بکەری کولتووری و پاشانیش هەڵوەشاندنەوەی خودی پرۆسەی چڕین.

## دیکتاتۆریەتی خود

هاوشێوەی هەر داهێنەرێکی تر، لە حەسەن زیرەکدا ئەوەی وادەکات کە کردەی چڕین لە هیچ بارێکدا مل بۆ بەرهەمهێنانەوە و نواندنەوەی ڕاستەوخۆی فۆلکلۆر و پێشینان و گوتراوەکانی دەرەوە نەدات، ئەوەی وا دەکات چڕین بەردەوام هەڵبژاردنی گۆڕان و ناجێگیری بێت دژ بە مانەوە و بەرهەمهێنانەوە، خودێتییەکی توندوتیژ و داپڵۆسێنەرە کە نە ڕێ بە دەستبالایی پێشینان و ڕابردوو دەدات و نە دەوروبەر و گوتراوەکانیشی وەک خۆیان قەبووڵ دەکات. ئەم خودێتییە، ڕاستە کە پێشینان و ڕابردوو

لە دەنگی خۆیدا ناکوژێت و بوارێک بە ئامادەگییان دەدات، بەڵام بوارپێدانەکە تەنیا بۆ ئەوەیە لە کاتی دەرکەوتنیاندا دەستدرێژییان بکاتەسەر و بیانشێوێنێت؛ هەمان شێوەی دەوروبەر و گوتراوەکانی ناوی، کە بۆ خودێتیی داهێنەر ئامادەگی و وەزیفەیان تەنیا تا ئەوێ دەڕوات کە بابەتیک بن بۆ تێکشکاندن و دەستدرێژی. لەم خاڵەدا، خودێتیی داهێنەر زۆر لە خودێتیی جەللاد و دیکتاتۆر نزیک دەبێتەوە.

چ لە گوتنەوەی گۆرانی و بەکارهێنانی "تاکبەند"ە فۆلکلۆرییەکاندا و چ لە گوتنەوەی شیعری شاعیرانیکی وەک وەفایی، سەید کامیلی ئیمامی و هێمندا، چۆنچۆنی پەیڕەوکردن، بەرهەمهێنانەوە و ئەمانەتپارێزیی ماملێ – تاکوو درێژە بە هەمان بەراورد بدەین کە پێشتر سەرپێخرا- بە ڕوونی دیارە و لەوە دەردەچێت ڕێککەوت بێت، هەمان شێوە تێکشکاندن و گۆڕین و هەڵوەشاندنەوە لە بەستە و مەقامەکانی حەسەندا، چ بەرانبەر بە فۆلکلۆر و چ بەرانبەر بە چەند دەقێکی شاعیرانی بەهێزی وەک هێمن، عەبدوڵلا گۆران و پیرەمێرد، زۆر بەڕوونی دیارە و لەوە دەردەچێت کە ڕێککەوت بێت. لە مەقامێکی حەسەندا، بەیتێکی دەقی "فرمێسکی گەش"ی هێمن موکوریانی بەم جۆرەی لێ دێت: "سەنگی مەحەکم بۆ چییە، ڕەقیب/لیمگەڕێ، بە ویژدان، کوردی بێ غەللوغەشم"، لە

کاتێکدا کە لای هێمن بەم جۆرەیە: "شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز/کوردە موحتاجی مەحەک نیم، زێڕی بێ غەللوغەشم"(هەڵبەت گۆڕانەکە تەنیا لەم بەیتەدا نییە و سەرلەبەری دەقەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە پێناو خۆلادان لە درێژکردنەوەی ناپێویستی ئەم نووسینەدا، بە پێویستم نەزانی هەمووی وەربگرم. هەروەها، سەبارەت بە فۆلکلۆریش هیچ نموونەیەکی ئەوتۆ ناهێنرێتەوە، چونکە هێندە زەق و زۆرە، ئاسانتر دەبێت کە نموونە لەسەر ئەو شوێنانە بهێنرێتەوە کە دەستکاریکردنی تێدا نییە، بەتایبەت لەو بەرهەمانەدا کە بە "دانیشتنی ماڵان" ناسراون).

سروودەکەی شێخی زەمبیل و بەستەی "نووری ڕوخسارت... (دەقی سەید کامیل؛ کە هاوڕێی حەسەن بووە و بەپێی زۆرێک لە ڕیوایەتەکان، زوو زوو سەردانی ئەم شاعیرەی کردووە و پێکەوە سەردانی زەمبیلیشیان کردووە)" و چەند مەقامێکی لێ دەربچێت کە تێیاندا پارچە لە شیعری نالی، وەفایی، تاهیر بەگ، هەردی و هەژار وەک خۆیان وەردەگیرێن، لە هیچ جێگەیەکی دیکەدا فۆلکلۆر و گوتراوی دەوروبەر وەک خۆیان و بە سەلامەتی نایەنە ناو دەزگای چڕینی حەسەن زیرەکەوە. "جوانی بێناو" و "گوڵی خوێناوی"ی گۆران، "نەورۆز"ی پیرەمێرد و چەندین دەقی دیکەی شاعیرانی بەهێز هەن کە خودێتیی حەسەن ڕێ

نادات وەک خۆیان بمێننەوە و لە چڕیندا دەستیان بەسەردا دەگیرێت، دەستکاری دەکرێن و دەگۆڕدرێن بۆ پانتاییەک بۆ دەربرینی خودێتیی گۆرانیبێژ، نەک خودێتیی شاعیرەکان خۆیان.

## داهێنان؛ لایەنگیری لە جەنگی نێوان بەرە بچووک و گەورەکانیشدا

لە کتێبی "لەیەکدانی بەهەشت و دۆزەخ"دا ویلیەم بلەیک لەبارەی جۆن میلتۆن و "بەهەشتی لەدەستچوو"ەکەیەوە دەنووسێت: "هۆکاری ئەوەی میلتۆن هەرکاتێک باسی فریشتەکان و خودای کردووە، بە کۆتوبەندەوە نووسیویەتی و هەرکاتێکیش باسی شەیتانەکان و دۆزەخی کردووە، سەربەستانە نووسیویەتی، ئەوەیە کە ئەو شاعیرێکی ڕاستەقینە بووە؛ ئەو لە بەرەی شەیتاندا بووە بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت".

خودێتیی دیکتاتۆریانەی داهێنەر خودێتییەکە هەرگیز ڕێ بە بێلایەنی و بێدەنگبوون و قەبوولکردنی دەرەوەی خۆی نادات، بۆیە بەردەوام ڕەددەکاتەوە، بەردەوام هەڵدەبژێرێت، بەردەوام پەراوێزەکان دەگێڕێتەوە ناوەند و بەردەوام دابەشکاری و پۆلێنکارییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. لێرەوە،

هونەرمەند/نووسەری بێلایەن مرۆڤێکە بەبێ خودێتی، مرڤێکیش بەبی خودێتی مرۆڤێکە بەبێ توانای هەڵبژاردن لەنێوان گۆڕان و مانەوە، داهێنان و دووبارەکردنەوەدا.

ئەوەی لە چڕینی حەسەندا تا یەک جار ناوی "کچ" دێت، دەیان جار ناوی "ژن" و هاوتا کۆمەڵایەتییەکانی(بێوەژن، کورتە ژن و شۆڕەژن هتد...) دێت و دەکرێتە بەردەنگ و بابەتی گوتنەکانی، نمونەیەکی ڕوونە لە باسی ئەم دیاردەی هەڵبژارنەدا. هیچ بەهاپێدان و دامزراوێکی کۆمەڵایەتی نییە بتوانێت ڕێگری لەم خوێدیتییە بکات کە دەیەوێت هەڵبژاردن و لایەنگیرییەکانی خۆی دەرببڕێت. فراوانتر لە پرسی دابەشکاریی نێوان دوانەی کچ و ژن، کە هەردەم لە کولتووری ئێمەدا یەکەمیان پێشخراوە، لایەنگیرییەکانی خوێدێتی وادەکات کە لە گۆرانییەکانی حەسەندا دەربڕینی سیکشواڵێتی، حوکومدانی ئیستیتیکی و خواستەکی لەنێوان ئەم شێوەیەی ژن و ئەو شێوە و وردەکارییەی دیکەیدا، زۆر ڕوون و ڕاستەوخۆ بخرێتە ڕوو.

ئەم لایەنگیرییە تەنیا لە خولگەی دەربڕینی ڕاستەوخۆی سێکشواڵێتیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو دەپەڕێتەوە بۆ لایەنی سیاسی و ئایینیش. سەبارەت بە لایەنی سیاسی، وابزانم نمونەیەکی گونجاو لەم باسەدا گۆرانیی "ئای نیزام بۆخۆم نیزام"ە، کە لە شێوەیەکیدا دێڕی دووەمی تەرجیعەکەی بە

"نیزام نیم و عەسکەرم" تەواو دەبێت، لە شێوەیەکی دیکەیدا بە "سەربازی دێموکراتم" و لە شێوەیەکی دیکەشیدا، بەپێی ڕیوایەتێکی میرزا کەریم خۆشناو لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا لەبارەی حەسەن زیرەکەوە، لە ستایشی خانانی گوندی "هەرمێلە"دا گۆرینەکە دەخرێتە دێڕی سێیەم و چوارەمەوە "من لەبەر خانان نەبێ/لە دنیا دەربەدەرم".



پۆرترێتی حەسەن زیرەک، بەرهەمی مەهدی ئەحمەدیان

سەبارەت ئایین، دەزانین کە حەسەن زیرەک بە پێوەرە باوە ئیسلامییەکە، ئیماندار نەبوو. تەنانەت گوێگری وردی بەرهەمەکانی حەسەن، هەست بەوە دەکات کە لە هەندێکیاندا بە مەستی گۆرانی دەڵێت –دیارە وەک زۆرێک لە هونەرمەند و ئەدیبانی دیکە، ئەمیش ئەو خووە دیۆنیسیۆسییەی هەبووە–، بۆیە سرووودە بەناوبانگەکەی بۆ شێخی زەمبیل، هێندەی گونجاوە لەم سیاقەی لایەنگیریدا کە پێشتر باس کرا، لێک بدرێتەوە، هێندە گونجاو نییە وەک دووفاقییەک لە کەسایەتی موسوڵمان(یان تاکی عێراقی، بەپێی بۆچوونە بەناوبانگەکەی عەلی وەردی لەم بارەیەوە)، یان وەک ملکەچکردنێک لە سیاقی تەکیە و دەروێشایەتیدا ببینرێت.

## خواست؛ فۆڕم و ناجێگیری

لە پیاهەڵدانی خانانەوە تا پیاهەڵدان بە مەلیک فەیسەڵ و سەرکردەی شۆڕشەکانی باشووری کوردستان، لە ستایشی شێخی زەمبیلەوە بۆ ستایشی مەینۆشی و مەستی، خودێتی لە هیچ جێگەیەکدا نەکەوتووەتە پارادۆکسەوە، هەروەها خیانەتی لە هیچ پرس و مەبدەئێکیش نەکردووە؛ چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەی

خوێدیتیی داهێنەرانە پاڵ دەنێت، نە پرسێکی نیشتمانی یان چینایەتییە، نە تێزێکی فیکری و نە مەزهەبێکی ئایینیشە، بەڵکوو زۆر بە سادەیی پاڵنەرەکە تەنیا بریتییە لە خواست(Desire). خواست خۆی خۆی دامەزراندووە و تەنیا لە پێناو خۆیشیدایە؛ ئەو ڕەت دەکاتەوە، لایەنگیری دەکات، داڕشتەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و بەرەو ئاراستەکان دەگۆڕێت.

خواست هەرگیز یەکڕوو و جێگیر نییە، پێشبینیکراو نییە، بۆیە بەرهەم و کردارەکانیشی هەرگیز جێگیر و پێشبینیکراو نابن. لێرەوە، ئەو بۆچوونە باوەی کە پێی وایە فۆڕم بەرهەمی جێگیرییە، بەرهەمی دووبارەکردنەوە و خۆبەرهەمهێنانەوەیە، هەڵدەوەشێتەوە؛ لە ڕاستیدا فۆڕم –هیی ئەدەبی و هونەری- زیاتر بەرهەمی جیاوازی و ناجێگیرییە. ئەدیبێک، هونەرمەندێک، خاوەنی فۆڕمی خۆی نییە لەبەر ئەوەی بە لایەکدا بەرهەمەکانی هەموویان –یان زۆربەیان- وەک ڕوخسار و شێوە و مەبەست و مەرام لە یەکدی دەچن، یان دەچنەوە سەر یەک و بە لایەکی دیکەشدا، هەموویان وەک گشتێک لە هیی بەرهەمهێنەرە کولتوورییەکانی سەر بە هەمان کایەی خۆیان دەچن؛ بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەدیبێک، هونەرمەندێک، خاوەنی فۆڕمی خۆیەتی چونکە هیچکام لە کارەکانی لە یەکدی

ناچن، هەروەها لە کارەکانی بەرهەمهێنەرانی دیکەش ناچن. فۆڕم بەرهەمی جیاوازییە، نەک یەکگرتنەوە و هاوشووناسی. ئەم جیاوازییە ناجێگیریی خودێتی دەیسەپێنێت، ناجێگیریی خودێتیش، ئازادی و ڕەهایی خواست دەیسەپێنێت.

***

ئەم نووسینەی سەرەوە، هێندەی هەوڵێک بوو بۆ کردنەوەی چەند سیاقێکی خوێندنەوە بە ڕووی حەسەن زیرەکدا و هەمان کاتیش کردنەوەی حەسەن زیرەک بە ڕووی ئەو سیاقانەدا، هێندە هەوڵێک نییە بۆ هەڵسەنگاندن، بەهاپێدان یان بەهاسەندنەوە لە حەسەن. هەروەها، لە لایەن منەوە، دەبێتە دووەم هەنگاوی پڕۆژەیەک بۆ داڕشتنەوەی پێشینان کە پێشتر لە وتاری (شەیتانەکانی مەسعوود محەمەد)ەوە دەستی پێ کردووە و لە داهاتوودا چەند نووسەر و هونەرمەندێکی دیکەش دەگرێتەوە؛ لە شێوەیەکی دیکەی خوێندنەوەی پراکتیکیدا کە لە بری چەماندنەوە و گونجاندنی بابەت لەگەڵ تیۆریدا، دەیەوێت بابەت و تیۆری بە ڕاستە و پێوانەکانیەوە بچەمەنێتەوە، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەی تردا بۆ گەلاڵەکردنی تێگەیشتنی زیاتر بەرانبەر بەو ئێستا ڕەهایەی کولتوور، کە پێشتر باسکرا.

لە کۆتاییدا، دادپەروەرانە دەبێت گەر بڵێین لە هەندێک ڕووەوە، لە پاڵ حەسەن زیرەکدا، دەکرێت ئەحمەد شەماڵیش بهێنرێتە ئەم بەستێنانەی خوێندنەوەوە کە باسکران؛ هێندەی هەیە لە شەماڵدا ئەم خەسڵەتانە کاڵترن و کەمتر دەردەکەون، کەمتر وەک بونیادێکی هونەری گەیشتوونەتە تەواوبوون و کەماڵیک کە ڕێگە بە خوێندنەوە و پشکنین بدات؛ هەر لەبەر ئەمە، هیچ بەشێکی ئەم وتارەی بۆ تەرخان نەکرا.

٢٠٢١

# گۆرانی، زمان و نەریت

## (تێڕامانێک لە سنووربەزێنییەکانی حەسەن زیرەک)

عادڵ قادری



ڕەنگە "قاچاخ" یەکێک لەو دەلالەتانە بێت کە بوونی ئێمە و بەتایبەتیی کهولتووری سیاسیی ئێمەی لە درێژاییی مێژوودا بەرجەستە کردبێتەوە واتە ئەم چەمکە تەنها ڕەهەندێکی ئابووری نەبووە و نییە و لە مێژە باڵی بەسەر هەموو جومگەکانی بوونی کورددا کێشاوە. نیزام و چوارچێوەی دەلالەتیی قاچاخ لە پلەی یەکەم لەگەڵ وشەی "سنوور" و "پەڕینەوە"دا هاوپێوەند و تێکەڵە. واتە قاچاخ، سنوور و پەڕینەوە لە ناو سیستەم و تۆڕێکی دەلالەتی و نیشانەییدا دەردەکەون کە بوونیان پێکەوە مانا وەردەگرێت. لێرەدایە قاچاخ دەبێت بە کردەیەکی دژەنۆرم و لادان لەو سنوورانەی کە ئەویدیی زاڵ و زاڵم بۆی کێشاوە و سنوور دەشکێنێت و پەڕینەوە بەرەو جۆرێک ڕزگاریی (تەنانەت ئەگەر کاتیش بێت) هەڵدەبژێرێت. ئاخێزگەی وشەی قاچاخ ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەلالەتی سەرەکیی وشەکە کۆنکرێتتر و بەرهەستترە بە بەراورد لەگەڵ وشەگەلی وەکوو یاساغ و قەدەغە، کە ئەم دوو وشە هاوتایەش بە جۆرێک دیاریکردنی ئاڕاستە و دەلالەتی قاچاخ لە ناو سیستەمێکی یاسایی و دادوەرییانەدایە. قاچاخ کردەوەیەکی

ئێمە بووە بۆ درێژەدان بە بوون، هەلومەرجێک کە "دۆخی ئاوارتە(دانسقە)"ی ئێمە پێ مانا دەکرێتەوە. کردەی قاچاخ تەنها یاسایەکی نووسراو یان نەنووسراوی ناو ئەم دۆخە ئاوارەتەیە نەبووە کە دەسەڵاتە فاشیستییەکانی سەر جوگرافیای کوردستان دۆزی کوردیان پێ کپ و سڕ کردبێتەوە و بوونی کوردیان بەرەو داڕمان و لەناوچوونێکی هێواش و نەرم بردبێت، بەڵکوو لەم مێژووە پڕ گێرمە و کێشەیەدا قاچاخ بووە بە ئەکتێک، ڕێگایەک و بژاردەیەک کە گاڵتە بەو یاسا و سیستەمە دەکات کە دۆخ و دۆزی ئەوی بە باشی فام نەکردووە یان لە ئارەزووی سڕینەوەی تەواویی ئەودایە. بۆیە یەکەم شتێک کە قاچاخ لە هەمبەریدا دەوەستێتەوە سیستەمی پێناسەکردن و دیاریکردنی سنووری جوگرافی و مانابییە، سنووری دەلالەتیی یاساغ و قەدەغە تەنها دەبێت بە بڕگەیەکی یاسایی ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت کە نەک بۆ پێڕەوکردنی ئێمە بە مەبەستی ژیانێکی ئاسوودە و ئینسانی داڕێژراوە بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ لادان لێی و پەڕینەوەی سنوورە بەرهەست و دەرهەستەکەی ئێمە فۆرمووڵە کراوە کە ئامانجی فیشەکەکانی ئەوان دیاریی بکات. بۆیە قاچاخ

بەردەوام گرتن و تەقەکردن و کوشتنی بەدواوە بووە و یاساغ ئارەزووی کەویکردن و ڕامکردن و ملکەچکردن. بۆیە قاچاخ دەبێت بە ئەکتێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی ئەگەرچیی هەموو کاتیش هەڵگری وشیاریی نەبێت. بە هۆی ئەو ژیۆپۆلەتیکەی کوردستان و بێ ئاکامبوونی زۆرێک لە شۆڕشە کوردییەکان و فاشیزمی ڕۆژهەڵاتی و زۆر هۆکاری دیکە ئێمە ئانوسات ڕووبەڕووی هەر دوو حاڵەتی قاچاغ و یاساغ بووینەتەوە. واتە هەم وەکوو قاچاخچی ڕاوەدوونراوین و پێکراو و کوژراوین و هەمیش وەکوو قەوارەیەکی زمانی، کولتووری و ئینسانیی تایبەت گومان لەسەر دەلالەتە ژێرەوانکێ و مەتەڵە خەوتووەکانی ناو زمانمان هەبووە و لە مێژە زمانمان بابەتێکی یاساغ و پەراوێزیی بووە، پەراوێزیی بەو واتایەی کە ئەگەر سەردەمانێک هەوڵێک دراوە بۆ دانان بەم زمانەدا هەوڵێک نەبووە بە ئاڕاستەی بەهادایین بە زمان و شوناسی نەتەوە یان ئیتنیک یان قەوارەیەکی جیا لە خۆیان بەڵکوو تاکتیک و فێڵێکی کورتماوە بووە بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورانەی کە یاساغیان کردووە و دەستنیشانکردنی خاڵە قەدەغەکان و لەناوبردنی قاچاخ. لەم حاڵەتەدا زمان دەبێت بە نیشانە و

مۆرکێکی سیاسی، کردەوە یان تایبەتمەندییەکی کولتووری-ئینسانی کە لە پێوەندیی لەگەڵ پلان و پێناسەکانی ئەویدیدا مانا وەردەگرێت. لە سەردەمێکدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کولتووری نووسراوەیی و کتێبنووسی بواری وای پێ نەدەدرا و هیچ ژێرخان و بنەمایەک بۆ چەکەرەکردن و گەشەسەندنی بونیاد نەدەنرا و قاچاغ و یاساغ بووە ئەوە گۆرانیی کوردی و گۆرانیبێژە کوردەکان بوون کە بە چالاککرنەوەی نەریت و ئیستاتیکا و جیهانبینیی مرۆڤی کورد سنوورەکان و ئەو تەلبەندانەیان تێدەپەڕاند و زمانی کوردییان وەکوو ماڵ و ڕەشماڵێکی کۆچەریی زیندوو و یاخی ڕادەگرت، حەسەن زیرەک نموونەی ئەو سووژەیەیە کە زمان و دۆخی کوردی درووستی کردووە و ئەویش زمانی کوردی گەشەونەشە پێداوە، وەکوو پێشتریش باسم کردووە حەسەن زیرەک وەکوو مرۆڤێکی سووررییالی و بێ شوێن و ئاوارە دەتوانێت زیاترین پوتانسییەل و وزە بخاتە ناو زمانەوە و خودی ئەکتەکەشی بێت بە بابەتێکی تەواو سیاسی، لێرەوە حەسەن زیرەک زیاتر ڕوخسارێکی شۆڕشگێرانە و سیاسی وەردەگرێت تاکوو سیمایەکی زەقی فۆلکلۆر کە بێگومان

ئەوەش لایەنێکی پتەوکەری ئەم دەرکەوتەیەیە. "خالۆی ڕێبوار" و "خانمی ڕێبوار" دوو لە گۆرانی و دەستەواژەکانی زیرەکن کە جیا لە ئامادەیی هاوکاتی ژن و پیاو لە ڕێگا و بەرجەوەنی ڕێبوارزەدەی زیرەکدا ئاماژەیەکی تەواوە بە سنووربەزێنی و سنوورشکێنیی زیرەک، قاوەخانەکان، دووکانەکان، ماڵەکانی سەر ڕێگا، مەزرا و بێستان، کانیاوەکان، پەناوپەسیوی کۆلانان و ڕێگا و...هەموو ئەمانە لەگەڵ دەنگ و زمانی زیرەک بوون، ئەو داربەڕووی کەژەکان و شنەی بای لەگەڵ بووە، ئەسپی سپیی خەیاڵی لەگەڵ بووە، هونەرمەند میدیا حسێن کە باس لە کۆڕێکی گۆرانیی زیرەک لە کەرکووک و گەرمیان دەکات، دەڵێت: زیرەک لە هەر کوێ بایە گۆرانییەکەی بە زاراوە و شێوەزاریی ئەوێ دەوتەوە. ئەم تایبەتمەندییە پێمان دەڵێت لە کۆی گۆرانییەکانیدا یەکانگیری و یەکگرتوویییەک لە دەربڕین و گۆکردندا هەبووە و ئاماژەیەکی دیارن بەو نەریتە قووڵ و ڕێشەییەی کە ئەو هەڵگریی بووە و شەڕی ڕەمزیی لەگەڵ سیستەمە قاچاخکەر و یاساغکەرەکان پێ کردووە و هیچ سنوورێکی نەناسیوەتەوە، ئەو سنوورە دەستکردانەی کە مۆدێرنیتەی ڕۆژهەڵاتی پارچە

یەکانگیرەکانی هەللاهەللا و لەتوکوت کرد، لە جەوهەردا ڕەنگە ئەم تایبەتمەندییانە بۆ بوونناسی فۆلکۆر و شێوەئاوازی کوردی بگەڕێنینەوە کە لێرەدا زیرەک دەبێت بە یەکێک لە زەقترین و دەرەوشاەترین سیماکانی. ئەو سنوورشکێنییەی ئەو لەنێوان پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور یەکگرتوویی و یەکانگیریی زمانی لای خۆی کۆ کردەوە و ئێستەش وەکوو سەرمایەیەکی گەورەی مێژوویی لە بەردەستی ئێمەدایە، خەیاڵی زمانی و ئیستاتیکای ئەدەبی و رۆحیی ئێمەی پێ ئاو دەدرێ و باڵا دەکات، ئەگەر بەرەیەک دوای زیرەک دەیەوێت لەم شێوازە هونەرییە تێپەڕێت و تەعبیر لە شێوەی ژیان و داڵغە ئێستاییەکانی خۆی و شارێتی و مۆدێرنبوونی خۆی بکات ئەوە ئازادە بێگومان، بەڵام وەکوو هەمیشە کە ئێمە شتەکان چەواشە دەکەین تێنەگەیشتن لە نەریت و فڕێدان و بازدان بە سەریدا بە تێپەڕین و سەرووتر ڕۆشتن لە سونەت و نەریت دخۆی خەملاندووە، نموونەی هەرە دیاری ئەم بشێوی و وەهمە گەورەیە ڕوانینێکە کە گۆرانیبێژە نوێکان زۆربەیان بۆ زمان هەیانە و ئەو دەور و ڕۆڵەیە بۆ زمان و هەڵبژاردنی وشە و خەیاڵسازییدا بەکاری دێنن، لە

بەندبێژیی ئێستەدا کە بووە بە فۆرمی زاڵی هونەری گۆرانیی کوردی، بشێوی و پەرێشانییەکی تەواوی زمانی بەرجەستە دەبێتەوە، بەیتبێژی و شێعرەکانی لە نزمترین ئاستی وشیاری دایە و بێ هیچ فۆرمێکی ئیستاتیکایی و هونەری و لە ئانوساتێکی لە ناکاودا کە هیچ پێوەندیی بە زەینی ناوشیار و فیچقە و فوارەکانییەوە نییە و تەنها لەناو فەزایەکی موبتەزەڵ و سووکی گەعدەدا ڕوودەدات، دێتە ئاراوە. زمان لێرەدا نە ئامرازی پێوەندییەکی ئیستاتیکاییە و نە ئامانجێکیشە لە خۆیدا بەڵکوو زمان تەنها ئامێرێکە بۆ شەڕ، "شەڕە بەند!" ڕەنگە لێرەدا قووڵایی داڕمان و هەرەسهێنانی ڕۆحی نەتەوەیەک زەق بێتەوە کە ئەو هەموو شەڕەی بەسەردا هات و کارەساتگەلێکی وەکوو ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەوی بە سەردا تاقی کرایەوە. بەپێی تێڕوانینێکی زمانناسانە ئەگەر نەتەوەیەک زمانەکەی شێوا و جومگە نەریتییەکانی بنکۆڵ و لەق بوو ئەوا لە پلەی یەکەمدا ئەخلاقی ئەو نەتەوەیە تووشی داڕمان و هەرەسیهێنان بووە. ئەم دۆخەی کە ئێستە بەئاسانی لەسەر سیماگەلی ڕەمزیی وەکوو زیرەک و ناسری ڕەزازی قسە دەکرێت لەم قەیرانە ئەخلاقییەوە سەرچاوە دەگرێت کە

بێگومان پێی لەناو قەیرانێکی گەورەتر بە ناوی شوناس و ناسنامەدا داکوتاوە، شوناسێک کە فاشیزمی جۆراوجۆری ناوچەکە و دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر کوردستان شێواندوویانە و ئێستە بووە بە یەکێک لە سێبەرە ڕەمزی و مەعنەوییەکانی ئەوان بەڵام لە ئاستێکی تراژیک کۆمیکدا. وەکوو نیچە دەڵێت ئەگەر لە چاڵێک بڕوانی ئەویش لە تۆ دەڕوانێت، چەند سەد ساڵ شەڕی جۆراوجۆر و بەرخۆدان و خۆڕاگریی کورد لە هەمبەر چاڵ و سیاچاڵی فاشیزمی جۆراوجۆر وای کردووە بەر تیشک و ئەفسوونەکانی بکەوین، وێنەکانی لە سەرماندا بزرنگێتەوە. دەبێ بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە دۆزەخییە لە خۆمان بپرسین فاشیزم و شەڕە کوشندەکانی بۆ سڕینەوەی تەواوەتیی ئێمە و میتۆدەکانی چی بەسەری "خود"ەمان هێناوە کە وەکوو سێبەرێکی ئەو هەر ماوەی جارێک نیشانەیەک لە داڕمان و هەرەسهێنان و سووک و چرووکی و گەندەڵییەکی بێسنوور بەرهەمی دەهێنینەوە؟ هەڵهاتن لە ئەندێشەی فاشیزم و ڕزگاربوون لە بیرکردنەوە و میتۆدەکانی فاشێزم بە ئەندازەی چاوبڕینەچاوی قوربانیی لە جەللاد بۆ تێگەیشتن لە "بۆ؟" گەورەکە و هەروەها قووڵبوونەوەی جەللادی

بچوک لە جەللادی گەورە بۆ فامیی مانا و پێگەی خۆی گرینگ و چارەنووسسازە. فاشیزم ئێمەی بێگانە کرد لە گەڵ زمان و نەریتمان، ئەنفال بە قووڵی و چڕیّ لە سەر گوندەکان پیادەکرا، ئەو شوێنەی سەرچاوەی بزۆزیی و گەشە و ڕۆحی زمان بوو، فاشیزم لە پلەیەکی بەرز مانا و پێگەی ئەدەب و هونەر و زمانی کرد بە ئامێر و ئامراز بۆ ڕۆحی چڵێس و ڕامنەکراوی خۆی، ئێمەی لەخۆ نامۆ کرد، شارە گەورەکانی پەرەپێدا، نۆرمێکی ئەخلاقیی بێڕێشە و مێژووی پەرە پێدا و ئەم ڕوخسارانەی دروست کرد کە بە دەربڕینێکی زۆر پێکەنیناوەی و زمانپەشێوانەوە پێیان دەڵێن هونەرمەندی مییللی!



# زیرەک؛ زیرەکانە دزەی کردە ناو دڵانەوە

## دیمانەیک لەگەڵ مامۆستا عەزیز شارۆخ سەبارەت بە دەنگ و پێگەی حەسەن زیرەک

سازدانی: ئەمجەد غوڵامی و شۆڕش ماملێ



تایبەتیی بوونی دەنگی حەسەن زیرەک و پێگەی لەناو دڵی جەماوەری کورد و گەلانی دیکە، وای کردووە کە ئەفسانەگەلێکی جۆراوجۆر لەبارەی ئەو کەسایەتییە بکەوێتە سەرزار. ئەفسانەگەلێک کە شانبەشانی دەنگی سێحراویی ئەو بلیمەتە بەشێکی دانەبڕاوەی شوناس و چیەتیی ئەم گەلە لە ماوەی سەدەی سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای بڵاوکردنەوەی مۆسیقا لە دەزگا بێسیمییەکانەوە تا ڕادیۆ و مێمۆرییەکانی ئەمڕۆکە بووە و هەیە.

هەربۆیە هاوکات لەگەڵ ٤٨ئەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی حەسەن زیرەک، دیمانەیەک خۆماڵی و کراوە لەگەڵ مامۆستای ناسراوەی بواری مۆسیقا و ئاوازی کوردی، "عەزیز شارۆخ" ئامادە کراوە، (کە پێشتر لە ژمارەی ١٠٩١ی هەفتەنامەی "سیروان" بڵاو کراوەتەوە) تا لە گۆشەنیگای ئەو مامۆستایەوە وێڕای زیندووکردنەوەی بەشێکی نەوتراوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ناو جیهانی مۆسیقای کوردی، هۆکارەکانی ناودەرکردن و توانستەکانی دەنگی زیرەک تاوتوێ بکەین. بێگومان مامۆستا شارۆخ ئەوکاتیش وەک هەمیشەی ژیانی بەوپەڕی خاکەڕایی و بە گشت زەختییەکانی تەمەن و بە دڵێکی فراوانەوە بە دەنگی

ئەم دیمانەیەوە هات و لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕوانیە پەیوەندییەکانی نێوان گۆرانییەکانی زیرەک و دیترانی ناو جیهانی مۆسیقای کوردی.

*** مامۆستا بۆ سەرەتا حەز دەکەم لەوە بپرسم کە یەکەمین ناسیاوی و پەیوەندیتان لەگەڵ مامۆستا حەسەن زیرەک دەگەڕێتە بۆ کەی، یان باشترە بڵێم یەکەم جار ئەو نەمرەتان چۆن بینی؟**

- یەکەمین جار من لە ساڵی ١٣٣٦-٣٧ی هەتاوی لە ڕێگای ڕادیۆ بەغداوە کە ئەوکات لە ڕادیۆیەکەوە کە باوکم بە هۆی کەمئەندامی بۆ کاکمی کڕیبوو، گوێم لە دەنگی بوو. دەنا بەگشتی لەو ساڵانەدا ڕادیۆ کەم بوو و بە هەڵکەوت لە ماڵەکاندا دەست دەکەوت. لە بیرمە لە یاریی تۆپی پێ لە مەیدانی تەسیبی ئەوسای مەهاباد دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ کە کاکم هەرای لێ کردم و پێی وتم، "عەزیز وەرە گوێ لە دەنگی ئەو گۆرانیبێژە بگرە، دەنگێکی خۆش و تایبەتی هەیە و لە ڕادیۆکەدا وتراوە ناوی (حەسەن زیرەک)ە و ئەوە یەکەمین جارە کە دەنگی لێ بڵاو دەبێتەوە"، کە گوێم دایە وەک لە بیرم بێت گۆرانیی "ڕەش ئەسمەر"ی دەخوێند، چێژێکی زۆرم لێ برد. دواتر لە ساڵی ١٣٣٧ کە هاوکات بوو لەگەڵ کوودەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق، حەسەن زیرەک دەگەڕێتەوە ئێران. و لە ئێرانیش بە پێڕەوی لە

سیاسەتی ئەوکاتی عێراق کە بانگەشەی برایەتیی کورد و عەرەبیان دەکرد، چەند ڕادیۆیەک کرانەوە، بۆ وێنە لە کرماشان و لە سنە. لە مەهابادیش لە مەیدانی ئاسەنگەران بێسیمێکی لێ بوو کە وەک ڕادیۆ کەڵکیان لێوەردەگرت ...

*** یانی دەنگی لێ بڵاو دەبۆوە؟**

- وایە دەنگی لێ بڵاو دەبۆوە و کاک محەمەد و کاک حەسەنی ماملێ گۆڕانییان تێدا دەخوێند. ئەوکات زۆر تکایان لێ کردم کە منیش بچم و من نەدەچووم. هەر بۆیە دەستەوداوێنی کاکم بوون و من لەبەر قسەی کاکم چووم و ئەودەم من زۆرتر تامەزرۆی گۆرانی و مەقامەکانی مامۆستای گەورەی کورد تاهیر تۆفیق بووم. جا ڕێک لەو کاتەیدا کە مەشق و پرۆڤەی گۆرانیی "من بریندارم" دەکرد، بینیم کە حەسەن زیرەک وەژوور کەوت و وتیان ئەوە حەسەن زیرەکە. لەگەڵ ئەوەی گوێی لە پرۆڤەکەی ئێمە بوو ڕووی تێکردم و پێی وتی: برا تۆ گۆرانیی خەڵکی بۆ دەڵێی؟! لە وەڵامدا وتم جا چوزانم، پێمخۆشە و لەبەر ئەوە.

*** ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت کە مافی خاوەنی گۆرانییەکە بپارێزرێت ...**

- نا مەبەستی ئەوە بوو کە بۆ گۆرانیی کەسێکی دیکە دەخوێنم، لە کاتێکدا بۆ خۆیشی بە ڕەحمەت بێت، هەرچی گۆرانی کە گوێی لێ بووە، هەمووی لە ڕادیۆی تاران و کرماشان وتەوە.

*** یانی پێی گرینگ بوو کە ئێوە گۆرانیی خۆتان بخوێنن؟**
ـ هەڵبەت من ئەودەم زۆر لاو بووم و گۆرانیی خۆمم نەدەزانی و ئەودەم ئاهەنگی خۆم دانەنابوو. من کاتێک دەستم کرد بە ئاهەنگ دانان کە لە ساڵی ٥٠ی هەتاوی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد دامەزرا. من دەمدی کە هەر ئاهەنگێک کە مامۆستای گەورە مامڵێ دەیڵێ بە منداڵی لە براکەم فێری ببووم. تا گۆرانیم دەوت پێیان دەوتم کە ئەوە لاساییی مامڵێ یان کەسێکی دیکە دەکاتەوە. هەر بۆیە هاتم دانیشتم و ئاهەنگگەلێکی وەک "دەتپەرستم" و "سووتاوم" و "ڕازی تەنیایی" و ئەوانەم دانا. بەڵام ئەوکات ئەوەندە ئاشنای جیهانی مۆسیقا نەبووم و هەر ئەو ئاهەنگانەم دەزانی.

*** وەک دیتینی گۆرانی و بەرهەمەکانی لە نزیکەوە یان لە مەجلیسێکدا چی، ئایا پەیوەندییەکی لەو چەشنەتان لەگەڵ مامۆستا بووە؟**
ـ من نا، دوای ئەو ساڵە ئیدی مامۆستا حەسەن زیرەکم نەدیتەوە تا ساڵاکانی ٥٠ی هەتاوی کە بە هەڵکەوت لە مەهاباد بۆ جارێکی دیکە لە زەماوەندێکدا بینیمەوە، بەرەو پیریمەوە هات و زۆر قەدری گرتم و تا دەرەنگانی شەو پێکەوە دواین و دەردی دڵمان کرد. دوای ئەو شەوە تا کۆچی دواییی مامۆستا ئیدی نەمدیتەوە.

*** مامۆستا دەکرێت هەندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو شەوەمان بۆ بگێڕییەوە، هیچی ئەو شەوەت لە بیر ماوە؟**
- نەوەڵڵا، زۆرم لە بیر نەماوە، چونکا من ئەو شەوە ڕۆیشتم و کوڕەکەم بە جێهێشت و بەڵام وەک لە بیرم مابێت زۆربەی باسەکانی ئەو شەوەمان سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقا بوو.
*** ئەوەی کە باستان کرد هاوکات بوو لەگەڵ دانانی بێسیم و یەکەم ڕادیۆکان لە ناوچەدا ...**
- نا لە دیداری دووهەممان سەردەمی بێسیم گۆزەرابوو و هاوکات بوو لەگەڵ کرانەوەی ڕادیۆ لە مەهاباد لەساڵی ٥٠ی هەتاوی. بێسیم هی ساڵەکانی ١٣٣٦ و ٣٧ی هەتاوی بوو.
*** مەبەستم ئەوەبوو کە لە سەردەمی دامەزراندنی ئەو بێسیمە تا هاتنە ئارای ڕادیۆ لە ساڵەکانی ٥٠، وەک گۆرانیبێژ لەناو خەڵکدا پێشوازی لێ دەکرا و خەڵک هۆگری دەنگی بوون؟**
- ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حەسەن زیرەک مامۆستایەکی گەورە بوو و هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات. خەڵکێکی زۆر دەنگی کاک حەسەنیان پێ خۆشبوو.
*** بە ڕای جەنابت وەک کەسێکی لێهاتوو لە بواری گۆرانیبێژی، هۆی سەرەکیی ئەو هۆگری و خۆشەویستییەی خەڵکی بۆ دەنگی حەسەن زیرەک بۆ چی**

**دەگەڕاوە؟ ئایا ئەوە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی دەنگی بوو یان بە هۆی گۆرانییەکان و مێژوویان لە ناوچەدا؟**

ـ بێشک سەرەکیترین هۆکار دەنگی تایبەتیی مامۆستا حەسەن زیرەک بوو؛ دەنگێکی نە بەرز و نە خوار، بەڵکوو دەنگێکی ستریۆفۆنی بوو، هەرچی دەهات و دەیوت بە گوێی خەڵکی خۆش دەهات. بە بڕوای من ئەمە هۆکاری سەرەکیی خۆشەویستییەکەی لای خەڵکی بوو.

*** واتە بە بڕوای ئێوە ڕاوێژ (لەحن) و کۆکی دەنگی ببووە هۆی ئەو شتە؟**

ـ وایە!

*** ئەی بۆنی لادێیانە لە دەنگ و گۆرانییەکانی، وەک باسی لێ دەکرێت، چ ڕۆڵێکیان لەو ڕووداوەدا بوو؟**

ـ نا، من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیم. بۆ وێنە تۆ دەبینیت کە زیرەک لەگەڵ کەسانی وەک مامۆستای لێهاتوو و شارەزای مۆسیقا "موجتەبا میرزادە" یان لەگەڵ ئۆرکێسترا زۆر گەورەکانی ئێران کاری کردووە و ئەمەش بەو مانایە کە تۆ ناتوانی لە سونگەی لادێیبوونەوە بڕوانیتە دەنگ و بەرهەمەکانی زیرەک.

لە ڕاستیدا هۆی ناسراوەبوونی حەسەن زیرەک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕادیۆ بەغدا و ئەوەی کە خەڵکی لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێبیستی دەنگی دەبوون. پاشان کە چۆتە ڕادیۆ تاران و کرماشان خەڵکی زیاتر ناسیویانە و

بیستنی دەنگی لە ڕادیۆ و پێگەی ڕادیۆ لای خەڵکی ئەو سەردەمە، دەستی باڵای بووە لە ناودەرکردنی لای خەڵکی.

*** مامۆستا وەک لە وەڵامی پرسیارە سەرەتاییەکانی ئەم دیمانە ئاماژەتان پێ دا، حەسەن زیرەک بۆ خۆی گۆرانیی مامۆستایان و کەسانی دیکەی وتۆتەوە، دەکرێت لەو بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن؟**

ـ بەڵێ وتوویەتییەوە و گەر تۆ دەست لەسەر هەر گۆرانییەکی دانێی، من پێت دەڵێم ئەو گۆرانییە هی کێیە و لە کۆوە هاتووە، بەڵام بەوەشەوە ئەو گۆرانییەکانی بە شێوەی خۆی چڕیوەتەوە.

*** کەواتە دوای وتنەوەیان گۆڕانی بەسەردا هێناون؟**

ـ وایە، دەستکاری کردوون و بە شێوەی خۆی وتونیەتییەوە.

*** بە بڕوای هەندێک کەس زۆربەی میلۆدیی کارەکانی حەسەن زیرەک لە کوردستانی ئەودیو (کوردستانی عێراق) هاتووە، ڕای ئێوە لەو بارەوە چیە؟**

ـ وایە، ئەوکات کە لە بەغدا بووە، بەشی زۆری ئاهەنگەکانی لە گۆرانیبێژانی ئەوێ وەرگرتووە و دواییش کە چۆتە تاران هەر بە پێوەری ئەو گۆرانییانە درێژەی پێ داوە.

*** دەکرێت وەک ناو ئاماژە بەو گۆرانیبێژانە بکەن کە حەسەن زیرەک گۆرانییەکانیانی دووپات کردبێتەوە؟**

ـ ڕەنگە بە هۆی تەمەن و حافیزەوە ئێستا بە وردی ناوی ئەو کەسانەم لە بیر نەمابێت، بەڵام ئەگەر تۆ گۆرانییەکی ناو ببەی، من سەرچاوەی سەرەکیی ئەو گۆرانییە و گۆرانیبێژەکەیت پێ دەڵێم. بۆ وێنە گۆرانی "هەی نار" کە لە فۆلکلۆری ناوچەی خۆمانەوە هاتووە، بەڵام تاهیر تۆفیق بە شێوەیەکی دیکە خوێندوویەتی و حەسەن زیرەک لە خوێندنەوەیدا تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەریی ئەو بووە. هەروەها گۆرانیی "ئەی گوڵ لەسەر چڵانی" کە ئەویش جێ پەنجەی تاهیر تۆفیقی پێوە دیارە. یان کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی "شەماڵ سائیب" کە زیرەک وتوویەتییەوە. گۆرانییەکان زۆرن بەڵام ئێستا بە وردی وەبیرم نایەن.
گەرچی لە پەنای ئەو کارانە کۆمەڵێک کاریش هەن کە هی خۆیەتی و لەوان دەکرێت ئاماژە بە گۆرانیی "دەردت لە من ڕەش ئەسمەر" بکەین کە کاتی خۆی و لە هەرەتی لاویدا لە بەغدا خوێندوویەتی.

*** لە سونگەی ئاوازناسییەوە هەر گۆرانیبێژێک دوو لایەنی هەیە، لایەنی یەکەم وتنی ئەو گۆرانییانەیە کە وەزن و کێشیان هەیە و لایەنی دووهەم وتنەوەی مەقاماتە، حەسەن زیرەک چەند مەقامی هەیە ...**

ـ نا حەسەن زیرەک مەقامی نییە و نەیوتووە. هاوکات نە قەتارەی وتووە، نە بەهار، نە پایزە، نە حەیران، نە ئازیزە، نە لاوەک و ... . ئەو بە گشتی مەقامبێژ نەبووە و هەر ئامان

ئامانی وتووە. بەپێچەوانە بەستە و تەرانەبێژێکی لێهاتوو و بەتوانا بووە.

*** واتە مەبەستی ئێوە ئەوەیە کە ئەگەر لە سونگەی گۆرانیبێژییەوە لێی بڕوانین، دەبێ لە ڕیزی ئەو گۆرانبێژانەی دابنێین کە هەر تەرانە و گۆرانیی لەسەر وەزن و کێشی بووە؟**

- وایە زۆرتر تەرانەی وتووە!

*** ئەگەر خۆتان بەپێی شارەزاییتان بەسەر گۆرانی و بەستەی کوردی، بەرهەمێکی تایبەتیی ئەو مامۆستایە کە وتنەکەی زۆر سەخت بێت، هەڵبژێرن، دەست لەسەر کام گۆرانیی دادەنێن؟**

- نا، زیرەک هیچ گۆرانییەکی دژواری نەبووە و وتنەوەی هەموویان ئاسانە، هەر بۆیە خەڵکی زوو فێری دەبن و دەیڵێنەوە.

*** کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی مامۆستا حەسەن زیرەک سادەبوونی گۆرانییەکانیەتی؟**

- بەڵێ سادەبوونیانە، بۆ وێنە "ڕاوەستاوە لەو بانە/ دەستی لە کەمەردانە" لە پێشدا سەلاح داوودە وتوویەتی و من پێشتر لەوم بیستووە. یان گۆرانیی "هاتەوە خانزادە خانم"یش هەر لە پێشدا سەلاح داوودە وتوویەتی. زۆر بەرهەمی دیکەی ئاواش لای زیرەک هەیە کە لە کەسانی دیکەی وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەی تایبەتیی خۆی

خوێندوویەتییەوە. وەک وتیشم دەنگێکی تایبەتی و ستریۆفۆنیکی بووە و لەو بارەوە دەنگی جیاواز بوو لە زۆر دەنگی دیکە. دەتوت هەمیشە بە ماک و میکرۆفۆنەوە گۆرانی دەڵێت. جا لەبەر ئەوەش بەلای خەڵکەوە دەنگێکی شاز و جالبی بووە و خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

*** مامۆستا ئەی ئەو سەردەمەی لە ڕادیۆ تاران و ڕادیۆ کرماشان و ... کاری کردووە، ئێوە گوێتان لە دەنگی بووە و پەیجووری کارەکانی بوون؟**

ـ بەڵێ ئەوسا گوێم دەدانێ و ئێستاش کۆی دەنگەکانیم لە سەر شریت و CD هەیە.

*** پێم وابێت کەم هونەرمەندانمان هەیە کە لەو سەردەمەدا بە زەندەی مامۆستا زیرەک تێکەڵاوی ئۆرکێستراکانی تاران بووبێت؟**

ـ سەیر نییە، ئەوکات ئەو لە تاران دەژیا و ئەو هەلەی بۆ ڕەخسابوو. بەڵام بۆ وێنە ماملێ، من یان کەسێکی دیکە نەچووینە تاران و لەوێ گۆرانیمان نەوتووە. ئەوکات ئەو دەرفەتە بۆ حەسەن زیرەک و خالقی و چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی وەک گۆرانیبێژانی کرماشانی و سنەیی ڕەخسابوو.

*** بە بڕوای ئێوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە زۆریش کاریگەری بووە لە ناساندنی؟**

ـ وایە، وەک وتم دەنگێکی تایبەتی و لەبەر دڵانی بووە.

*** ئەو سەردەمە لە ناوچەدا هەندێک دەستە و کۆڕی چکۆلەی مۆسیقایی هەبوو و دەبیسترا کە فلان گۆرانیبێژ لەگەڵ فلان شایر لە مەڕاسیمدا دەخوێنن ...**

- شایر جیاوازە!

*** وایە، دەمەویست بپرسم کە ئایا حەسەن زیرەکیش لەگەڵ کەسێکی تایبەتیدا دەبوو؟ لەو بارەوە هیچ زانیارییەکتان هەیە؟**

- نا، وەک وتم دەنگی ئەو تەنیا لە وێستگە ڕادیۆییەکانەوە بڵاو دەبۆوە. جگە لە دواساڵەکانی تەمەنی کە لە مەهاباد لە هەندێک زەماوەنددا گۆرانی وتووە کە ئێستا زۆربەیانم لە بیرنەماوە، کە چۆن و چی بوون.

*** وەک دواپرسیار، لەم دواییانەدا دەبینین کە هەندێک لە بەرهەمەکانی ئەو مامۆستایە لە باری مۆسیقایی و دارشتەوە پێداچوونەوەیان لەسەر دەکرێت و خاوێن دەکرێنەوە و سەرلەنوێ بە دەستکاریی دەنگ و مۆسیقا و بە شێوەیەکی جیاواز بڵاو دەکرێنەوە، ڕای ئێوە لەو بارەوە چییە؟**

- من زۆر لەگەڵ ئەوکارانەدا نیم و پێم وایە کە نابێ دەستیان لێبدرێت و باش وایە کە بەرهەمەکانی مامۆستا وەک خۆیان بپارێزرێن و بمێننەوە.

*** مامۆستا پرسیارێکی تایبەت نەماوە، بەڵام گەر شتێکی تایبەت ماوە بۆ وتن و لە پرسیارەکاندا ئاماژەی پێنەدراوە، حەز دەکەین بیفەرمووی؟**

ـ نا شتێکی تایبەتی نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە وەک پێشتر باسی لێوە کرا، بەرهەمەکانی ئەو مامۆستایە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی زۆری لێکراوە، جا چ هی خۆی بووبێت، چ لە فۆلکلۆر یان لە کەسێکی دیکەی وەرگرتبێت، بەگشتی حەسەن زیرەک بە شێوەی تایبەتی خۆی وتوویەتییەوە و خەڵکیش چێژیان لێبردووە و لە ئێستاشدا بەرهەمەکانی لە بەردەستن و من دەبینم کە خەڵکی لەناو گۆرانیبێژانی کوردستانی ئێران هێشتاش چێژ لە دەنگی کەسانی وەک حەسەن زیرەک، مامڵێ و خالقی دەبن و رۆژانە کە دێنە ستۆدیۆکەی من خوازیاری دەنگی ئەو مامۆستایانەن و ئەمەش جێی خۆشحاڵییە.

**تێبینی:** ئەم دیمانەیە پێشتر لە ژمارە ١٠٩١ی هەفتەنامەی سیروان بڵاو کراوەتەوە.

# سێکسبینی ناو گۆرانییەکانی زیرەک

## شێوەکانی خۆدەربازکردن لە سیستەمێکی زمانی/ عورفی

د. ئەحمەد غوڵامی



دام و دەزگـای دەوڵەت-نەتەوەی پەهلەوی دەبێ وەکوو سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری مودێڕنی سیاسی و پێگەی تەکنۆلۆژیا ســیاســییەکانی جەســتەی مرۆڤ دابنرێ. جەسـتەی مرۆڤ لەم سـەردەمدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێران وەکوو ئۆبژەی سـەرەکیی پەیوەندییەکانی دەسـەڵات و ســەروەری لە کۆمەڵگەی مۆدێڕن ڕەچـاو کرا. لەو ســەردەمەدا دامەزراوەکـانی وەکوو جەمـاوەرنـاســی، ســەرقـاڵی کۆکردنەوەی ژمـارەی زک و زا و مردن و ئیندێکسەکانی هەژاری و بەختەوەری و تەواوی بابەتەکانی پەیوەســت بە ژیانی تاک و کۆمەڵ بوون. ئەم ســەرقاڵییە زیاتر لەوەی کە حەزێکی زانســتی بێ، پەیوەســت بوو بە پێکهاتەی نوێی سیاسی و چەمکی دەسەڵات. ڕێکخراوەکان و زانســتی نوێی مۆدێڕن وەکوو زانســتە مرۆییەکان و جەماوەرناسی زیاتر لە هەر سەردەمێک، کاری کردە سەر جەستەی مرۆڤ و جەستەی کردە ئۆبژەی دەسەڵات. ئەم ڕوانگەیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ســێکســوالیتەی فوکۆ. بـابەتێـک کە میشـــێـل فوکۆ لەژێر نـاوی تەکنۆلۆژیـا ســیاســییەکانی جەســتەی مرۆڤ، بە ڕەچەڵەک دەیباتەوە

سەردەمی ڤیکتۆریایی و هەڵسوکەوتە جنسییەکانی ئەو سەردەمە.




تابلۆی هونەرمەند ڕێبوار خالید

بە ڕای فوکۆ لە سەردەمی ڤیکتۆریایی سەرەڕای ئەو ئازادییە ڕواڵەتییانە لەباری سێکسوالیتە، جەستەکان و سێکسوالیتە بەگشتی سەرکوت دەکرێت. بەر لەم سەردەمە، سەردەمێک بوو کە هەڵسوکەوت و ئاماژەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بۆ بابەتە سێکسی و قسەی پڕ لە شەرم و بێئەدەبانە (بە زمانی ئەمڕۆیی) بە ڕاشکاوی

دەبینرا. سەردەمێک کە تێیدا جەستەکان ئازادانە نمایش دەکرا و بە ئازادییەوە لێک نزیک دەبوونەوە و منداڵانی ئاگادار لە بابەتە سێکسییەکان لەناو حیلکە و پێکەنینی گەورەساڵاندا دەهاتن و دەچوون. بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئەو سەردەمە مۆدێرنە، ئەو حیلکە و پێکەنینانە جێگەی خۆی دا بە شەوانی سارد و بێ‌ڕۆحی بورژوایی سەردەمی ڤیکتۆریا. کەوابوو لەم سەردەمە بە دوا، جەستە بە واتای ئۆبژەی دەسەڵات لە بنەڕەتەوە بنیات نرا و ساز کرا و دەربڕینی ڕاشکاوانەی بابەتە سێکسییەکان و باسی ئەندامە جنسییەکانی جەستە وەکوو جۆرێک شەرم و هەڵەی زمانی/ عورفی ڕەچاوکرا و لەدوای سەدەی نۆزدە بابەتی سێکسی (پەیوەندی و ئەندامی جنسی) بووە باسی سەرەکیی بابەتە ئەخلاقی و عورفییەکان. جەستە و چالاکییە سێکسییەکان بە توندی لەژێر کاریگەریی دەزگای سیاسیی دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە ئەخلاقییەکان (بە تایبەت ئایین) بووە ئۆبژەیەکی کونترۆڵکراو و وەکوو نموونەیەک لە هەڵە و تەنانەت جۆرێک هەڕەشە دژ بە پێکهاتەی زمانی/ عورفی و مۆدێلە سیڤیل و سیاسییەکان ئاوڕی لێ درایەوە. بورژوازی لە بەدیهاتنی ئەم پێکهاتە زمانی/ عورفییەدا کە تێیدا دەربڕینی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی باسی جنسی و ئەندامە جنسییەکانی جەستە وەکوو جۆرێک عەیبە و شوورەیی وێنا دەکرا، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو.

بورژوازی تێکۆشــاوە بە بنیاتنانی جۆرێک "ئەدەب" وەکوو ئەدەبی نان خواردن، ئەدەبی ڕێگا ڕۆیشــتن و دانیشــتن و ...، بۆ دەربڕینی بابەتە ســـێکســـییەکانیش وەها ئەدەبێک لەژێر نــاوی پێکهــاتەیەکی زمــانی/ عورفی بســـەپێنێــت. بابەتێک کە دەتوانین بە وتەی ئێلیاس وەکوو بەشـــێک لە پرۆسەی شارستانییەت ناوی لێ ببەین.
لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین ســـەردەمی پەهلەوی (دوای یەک ســەدە) نموونەی ڕاســتەقینەی ســەردەمی ڤیکتۆرییاییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەمکەکانی پەیوەســـت بە جەستە و سێکسوالیتە. لە سەردەمی پەهلەوی سەرەڕای ئەو ئــازادییە ڕواڵەتییــانە کە بۆ جلوبەرگ و شـــێوەی نمایشـــی جەســـتە دەکرا، بەڵام نموونەیەک لەو گوتار و دیســـکۆرســـە دەبینرێ کە تێیدا جەســـتە و پەیوەندییە ســێکســییەکان بە واتای ئۆبژەیەکی دەســەڵات ســەرکوت کراوە. ســـەردەمێک کە پەیوەندییە ســـێکســـییەکان و شـــێوەکانی پێش لە مۆدێرنی دەربڕینی هەســـت و حەزی ســێکســی لەژێر کاریگەریی پرۆســەی شــارســتانییەت بە واتەی نموونەیەک لە دواکەوتوویی و خێڵەکی بوون و تەنانەت تاوان و هەڵەیەکی زمانی دەناســـرا. لەم گوتارەدا دەربڕینی ئازادانەی ئەو هەستە جنسییە یان بردنی ناوی ئەندامە جنســییەکان لە بەســتێنی گشــتیدا وەکوو جۆرێک قسەی قیزەون یان پۆرنۆ دەناسرا.

لە وەها سـەردەمێکدا دەربڕینی ئاکاری سـێکسـی و ناوی ئەندامە جنسـییەکان چ لە میدیاکان و ئەدەبیاتی گشـتی و چ لە بواری هونەری وەکوو بەشـێک لە گوتاری عورفی و شـــارســـتانییەت وەلا نرا و بـە واتـای نموونەیەک لە لەمپەرەکانی ئەو پرۆسـە شـارسـتانییەتە سـەرکوت کراوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەم مۆدێلە، هەمیشــە ئەو شـێوازە پێش لە مۆدێڕنە هەیە کە ئەم پێکهـاتە مۆدێڕنە بخـاتە ژێر پرســیار و بەرەوڕووی ببێتەوە. بەرهەمەکانی مامۆســتا حەســەن زیرەک نموونەیەکن لەو شــێوە پێش لە مۆدێڕنانەی کە بە ڕاشکاوی بابەت و ئاکارە سێکسییەکان و نـاوی ئەنـدامە جنســییەکـان دێنێتەوە بەربـاس. بەرهەمەکـانی زیرەک ڕەنگە لەنـاو ئەو دەزگـا زمـانی/ عورفییە وەکوو جۆرێـک بـابەتی پۆرنۆگرافیـک ڕەچـاو بکرێ، بەڵام بەپێچەوانە نموونەیەکن لە بابەتی بیرەوەری/ زمـانیی نەتەوە کە بەردەوام خۆی لە داوی پێکهـاتەی مۆدێڕن ڕادەپسـێنێت. ئەم بیرەوەری/ زمانیی نەتەوەییە لە چوارچێوەی گۆرانی و وتەی فۆلکلۆریـک خۆی لەژێر دەســەڵاتی گوتاری عورفی مۆدێڕن رزگار دەکا و بابەتی ئاکار و زمانی ســێکســی بە شــێوەیەکی ئیرۆتیزمی و جوانیناسـانە دەخاتە ڕوو. ڕاشـکاوی و ئاشـکرایی زمانی زیرەک بۆ باس کردن لە جەســتەی ژنانە و وێنەســازییە سێکسییەکانی وەک "دەم لە ناو دەم" و ... نموونەیەکن لەو

پێکهاتە فۆلکلۆرییەی کە لەناو بیرەوەری/ زمانیی نەتەوەدا مانایەکی ئیرۆتیک و جوانیناسانەیان هەیە و لەو هەستە پۆرنۆگرافیکە بەدوورن. دەنگی حەسەن زیرەک بۆ دەربڕینی ئەم ئەدەبیاتە سێکسییە هەڵوێستێکە دژ بەو گوتارەی کە جەستە و ئەندامە جنسییەکان وەکوو ئۆبژەیەک یان وەکوو جۆرێک ئەگەری هەڵە و شەرم سەرکوت دەکا. ئەم بەرهەمانە بۆ جارێکی دیکە بانگەشەی ئەندامە سەرکوتکراوەکانی جەستە دەکەن بۆ هاتنەوە ناو گوتاری زمانی باو. لێرەدا گوتاری بیرەوری/ زمانیی نەتەوە تەنیا پانتاییەکە کە لە لایەن گوتاری زمانی/ عورفیی مۆدێرنەوە سەرکوت نەکراوە. بەڵکوو وەکوو گرکان و هەڕەشەیەک بەردەوام خەوی ئەو گوتارە زمانی/ عورفییە دەشڵەژێنێ؛ هەر بۆیەش دوای چەندین ساڵ لە مەرگی ئەو هونەرمەندە هێشتاش ئەو گۆرانییانەی کە بە ڕاشکاوی باسی ئەندامانی جنسی و ئاکار و خۆشەویستی تێدا کراوە، لە زۆربەی شوێنە فەرمییەکاندا سانسۆر و بێدەنگ دەکرێت.

**تێبینی:** ئەم وتارە پێشتر لە ژمارە ١٠٩١ی هەفتەنامەی سیروان بڵاو کراوەتەوە.

# زیرەک کاریزمایەکی خێڵەکی زادی گۆرانیی کوردی

کەژوان زیائەدینی



حەسەن زیرەک، گۆرانیبێژی سالانی ٣٠ و ٤٠ (هەتاوی) دەبێت بە یەکێک لە کاریزماترین و خۆشەویستترین گۆرانیبێژانی کورد دابنرێت. خۆشەویستبوونەکەی بەڕادەیەکە کە چینە کۆمەلایەتییەکانی تێپەڕاندووە و توێژە جۆراوجۆرە فەرهەنگییەکان چێژ لە دەنگی دەبەن. ئەم خۆشەویستییە زێدەباییە، ڕەهەندی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. ڕەهەندگەلێک کە هەرکام بە جیا دەبێ لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. حەسەن زیرەک کەسایەتییەکی چەندلایەنەی هەبوو. کەسایەتییەک کە لە قۆناغێکی زەمەنیدا بهتایبەت لە دۆخی تایبەتدا، هەڵگری هەندێک تایبەتمەندی بووە کە زیاتر خۆشەویستی دەکرد. لە کەسایەتیی حەسەن زیرەکدا ئامانج و ئارەزووەکانی کۆمەڵگای کوردی سەردەمی خۆی هاتبووە دی. ئەو کوردێک بوو و لەناو خەڵکێک سەری هەڵدابوو کە لەو کاتەدا لە ڕێگەی هەموو بەستێنە کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکاندا بەدوای جۆرێک بە فەرمیناسراندا دەگەڕان؛ حەسەن زیرەک کوردێک بوو کە ڕێی بردە نێو فەرمیترین ڕاگەیاندنی کاتی خۆی، واتە ڕادیۆ و لە لۆتی [پێناسەی باوی ئەودەمی کۆمەڵگای کورد بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ]یەوە گەیشتە پلەی "هونەرمەند". ئەو ڕۆڵەی چینی خێڵەکی کورد بوو؛ چینێک کە بەردەوام لەبەر خۆیانەوە سۆزی سکالایان بۆ

دەربازبوون لە پێکهاتەگەلی کۆمەڵایەتیی خان-ڕەعیەتی دەچڕی. حەسەن زیرەک خێڵەکیزادێکی کورد بوو کە خۆی یەخسیری ئەم پێکهاتەیە نەکرد. سەفەر لەنێوان سنوورە جوگرافییە سەخت و چفتەکانی ئێران و عێراق، ئەویش لەو هەلومەرجەی کە بە دڕدونگییەوە دەیانڕوانیە شۆڕشە ئازادیخوازەکانی وەک "مەلا مستەفا"، بۆ ئەو ئاسایی بوو. ئەو بە نێو کوردە خزمەکانی خۆیدا هاتوچۆی دەکرد. زیرەک گۆرانیبێژێکی خێڵەکیزادی کورد بوو. کەسێک کە گەیشتە شوێنێکی کۆمەڵگا کە وەک خاڵی ئاوات و ئارەزووی ئەم خەڵکە وێنا دەکرا.

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی خۆشەویستیی حەسەن زیرەک زۆر شەمەندتر و بەرچاوترە لە ڕەهەندە مۆسیقاییيەکەی. لە ڕاستیدا مۆسیقاکەی، لە پەنای بوون و پێگەی ڕادیۆ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکەی، سێ لقن کە سێگۆشەیەکی تەواو لە تایبەتمەندییەکانی ئەومان پیشان دەدەن. لێرەدا من بە نیازم تیشک بخەمە سەر چەند تایبەتمەندیی مۆسیقاییی ئەو.

مۆسیقای حەسەن زیرەک بە واتایەکی گشتی مۆسیقایەکی جەماوەرپەسەندە. پاڵپشتی سەرەکیی ئەم چەشنە مۆسیقایە هەمیشە تۆکمەیە لەسەر چەشنە دڵگر و ئاسانترەکانی ناو سامانی مۆسیقایی: "واڵس" و "تانگۆ" و مۆسیقای دانسی ئەورووپا، "تەقتووقە" لە میسر، تەسنیف لە ئێران و گۆرانی

لەنێو کوردان. حەسەن زیرەک ئەم چەشنە جەماوەرپەسەندییەی مۆسیقای ئاسمانی کوردستانی پتر لە شێوازەکانی دیکە بەکار دەهێنا. ئەو کە بەردەوام لە سەفەردا بوو، فێری زۆربەی گۆرانییەکانی ناوچەگەلی جیاوزی کوردستان ببوو. فۆڕمە فرەچەشنەکانی پشتئەستوور بە شیعری دە بڕگەیی و چواردە بڕگەیی، بەڕادەیەک ئاوێتەی هزری مۆسیقاییی ئەو ببوو کە دەیتوانی بە ڕەچاوکردنی دوورنوێنی فۆڕماڵی دەفری گۆرانی، لەو ساتەدا، شیعرگەلێک بڕێژێنێتە ناو ئەو دەفرە و بیلێتەوە. نمونەگەلێکی زۆرمان لە شیعردانان لەسەر پێکهاتە ئامادەکراوە و داڕشتراوەکانی دیتران لەبەر دەستدایە. بۆ نموونە شیعردانان لە سەر مێلۆدییە خۆماڵییەکانی ئێرانی، لەسەر بەرهەمە داڕشتراوەکانی سەرکەوتووی ئەو ڕۆژانەی ڕادیۆی تاران و لەوان کارەکانی وەفادار و دڵکەش، و تەنانەت لەسەر ڕێنگە موترێبانەکانی تارانی و نێوخۆیی. حەسەن زیرەک ساڵانێکی زۆر لە زەماوەند و کۆڕ و دانیشتنەکاندا گۆرانی دەچڕی و هەر بۆیە لە گۆرانیی مەجلیسی (بەکارهێنانی شیعر و گۆرانیی گونجاوی کۆڕ و دانیشتنەکان)دا کێشەی نەبوو. زەینی هەمیشە ئامادەبوو و دەیتوانی زۆر بەئاسانی کۆڕەکە بە دەستەوە بگرێت.

هەر بۆیە دەکرێت قۆناغەکانی چالاکیی ئەو بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکرێت: قۆناغی چالاکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ڕادیۆ بەغدا، ڕادیۆی کرماشان، و ڕادیۆی تاران. هەرکام لەم قۆناغانە تایبەتمەندیی مۆسیقاییی تایبەت بە خۆیان هەیە. قۆناغی چالاکی ئەو لە ڕادیۆی بەغدا جۆرێک لە مۆسیقی جەماوەرپەسەندی کوردی کردە باو کە تایبەتمەندیی هاوبەشی زۆری هەیە لەگەڵ چەشنی "کوچە و کۆڵان"ی ئێرانی، کە داهێنەرەکەی "قاسم جەبەلی"بوو. فۆڕمی عەرەبیی دەنگ لە بەکارهێنانی ئامێرگەلی وەک



قانون و عود و دەربۆکە و فلوت، کەڵکوەرگرتن لە نموونەی ڕیتمیکی وەک جۆرەکانی "وەحدە" و مۆدەکانی "سەبا"، بەکارهێنانی کۆپلە بە مەتری ئازاد لە میانەی چڕینی گۆرانیدا، هەر هەموو هۆکاری هاوبەش بوون کە لە میانەی ئەم دوو مۆسیقایەدا دەبیستران. حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کرماشان، لەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی کورد، وەک عەبدولسەمەدی، پولەکی و میرزادە دەبێتە هاوکار. ئەم هاوکارییە، بەتایبەت لەو کارانەی وا میرزادەی بلیمەت بۆی ئامادە کردووە، جۆرێک دەربڕینی خۆماڵی لە مۆسیقای جەماوەرپەسەند و گۆرانی هێنایە دی کە دەیتوانی ببێتە ژانێرێک لەم بوارەدا. کوالیتی هونەریی ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕادیۆی تاران خوێندوویەتی زۆر گونجاو و باشتر بوون. لەم قۆناغەدا بە هاوڕێیەتی ئۆرکێسترای ئێرانی – ڕۆژئاوایی، کوکێک بۆ ئەو ڕەچاو گیرا کە لە باشترین ڕۆجیستێرە دەنگییەکانە بۆ ئەو. ئامادەکردن و داڕشتنی گۆرانی لەم قۆناغەدا ئەگەرچی لەگەڵ مۆدی گۆرانی یەکیان نەدەگرت، بەڵام دەکرێت بە "ویقار"ەوە ناویان لێ ببرێت.

# زیرەک

## پاشایەک لە تاران... هونەرمەندێک لە لوتکە!

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن



ئەم جارە لەم نووسـینەدا باسـی گەورەیی و ئاسـتی هونەرمەندییەتی زیرەک ناکەین لە گۆرانیگوتن و داهێنانی بێوێنەدا، هەرچەنـدە نـاونیشـانەکەش بە نـازنـاوی (هونەرمەنـد) دەسـت پێ دەکـات، چونکە بڕاوەتەوە و سـەلمێنـدراوە کە زیرەک لەو ڕۆژەی دەنگی هەڵێنـاوە یەکسـەرە وەک داهێنەرێک و دەنگێکی تایبەت خۆی وەک (مـامۆسـتـا) مـامۆسـتـا و هونەرمەنـدی هونەرمەنـدان ناسـاندووە و تا ئێسـتاش پاش تێپەڕبوونی نزیک بە پەنجا ساڵ بەسەر لە دنیا دەرچوونی، هێشتا بێ هاوشان هەر لە لوتکەدایە.

ئەمڕۆ باسـی ڕەوشـتێکی مرۆڤانە و بەرزی کۆمەڵایەتی هەتا ڕادەیەک ڕەوشتێکی ئەفسانەیی هونەرمەند (حەسـەن زیرەک) دەکەین، هەرچەنـدە جـار جـارە و لێرەولەوێ نموونەی بۆ هێنراوەتەوە، ئەویش (چاوتێری و دەسـبڵاوی و سـەخاوەتی) بێوێنە و بێ هاوشـانە. بێ هاوشـان، چوون هەموو کەس دەزانێ هونەرمەنـد حەسـەن زیرەک چۆن ژیانی لەژێر سفرەوە دەستی پێ کرد و لەژێری ژێرەوەوی سفریشەوە کۆتایی هات! ئەم ژیانەش سەتا نۆهەت و نۆی

تەمەنی نزیک بە پەنجا ســـاڵەی ئەو مرۆڤە هونەرمەندەی گرتووتەوە. بەڵام، لە هەر کات و لە هەر شـــوێنێک و لە بەرامبەر بە هەرکەسـێک زیرەک هەسـتی کردبێ بەرامبەر پێویســـتی بە یارمەتییە، با خۆشـــی لەو تێر و هەبووە و خاوەن ماڵ و خانوو و پارەیە نەبووبێ، کە بەرچاو بێت و جـێـگـیـر ئەو چـی هەبـووە بەو پەڕێ دڵـکـراوەیـی و پێخۆشــییەوە هاوکاری ئەو کەســەی کردووە بێ ئەوەی هیچ مننەت بەســـەرەوەکردن و چاو لە قەرد دانەوەکەی بێـت. (من مـاڵم نییە مـاڵێ خەڵکە... مـاڵێ عـالەمە!)[٧] ئەمە فەرمایشــە مەزنەکەیەتی کە ڕۆژانێ لە (کانی مەلا ئەحمەد) خۆی گوتەنی چایخانەیەکی پەڕپوتی هەبوو! وەک مامۆستا "ئە نوەری سولتانی"[٨]یش لە دیداری دووەمدا باسی دەکات کە بەدوایدا دەگەڕێ و دەڵێن چۆتە فلانە ناوچە، "چووینە ئەوێ درەنگانێک بە تاریکی گەییشـــتینێ، دەشـــتاییەکی تەخت و چرایەکی کەم شـەوق، سـێ چوار مێزی شـکاو و

---

[٧] ئەم وتە بەنرخەی زیرەک لە کاسـیتی ناسـراو بە کاسـێتی "ئەبوو سـەباح"دا هاتووە.

[٨] سەیری سایتی ڕۆژهەڵات – بۆکان بکە

کورسـی لە مێز شـکاوتر، ئاگرێکی خەڵوز و حەسـەن زیرەک خۆی" زیرەک لەبارەی ئەو شـوێنەوە دەڵێ: "نا.. پێمخۆشـە کاسـی تێدا دەکەم، هونەر لەنێو کوردا قەدری نەمـا، هونەر بۆ من کـارێکی نەکرد بەدوایـا بچم."[9] لەم ڕۆژگارەداو لەم دووره شارەدا و لە "نێوان دوو سێ کێودا چـایخـانەیەکم هەیە ئەگەر بێن ببێنن تەعەجوب دەکەن" بەڵێ، لەم ڕۆژگارەش لە سـەخاوەت و دەسـبڵاوی و دڵکراوەیی خۆی ناکەوێ و ئەو پیاوە گەوەریە هاوار دەکا و دەڵێ: من ماڵم نییە ماڵی خەڵکە، ماڵی عالەمە.

ئەو ڕەوشـتە مەزن و جوانەی زیرەک ڕەوشـتێکی کاتی نەبووە و ڕەوشتێکی دەم دەمی و تەکتیکی! نا، ڕەوشتێکی - مـادرزاد بود- ە[10] هەر بۆیە هەرکەسـێک جارێک و کەمێک زیرەکی دیبێ هەستی بەو دەستبڵاوی و دڵکراوەیی زیرەک کردووە، زۆرن ئەوانەش کەم و زۆر باسـی ئەم ڕەوشـتەی زیرەکیـان کردووە. زیرەک پیـاوێکی زۆر

---

[9] زیرەک لە پاشایەتی تارانەوە دواجار دەبێت بە چایچی لە کانی مەلا ئەحمەد.

[10] مـادر زاد-بـابـاتـاهیر لە چوارینەیەکدا دەفەرمووێ -ئەو عەشـقی منە لە لەدایکبوونمەوە هەمە.

ڕەهەنـــدە، هەر ڕەهەنـــدێکی لوتکەیەکە لە جوامیری و پیاوەتی و لێهاتوویی و هەڵکەوتەیی، کە پێویســـــت دەکا لە زۆر ڕووەوە و بە زۆر تیۆر لێیان بکۆڵرێتەوە، ئەوســــــا ئــــــێمە زیرەک دەناســـین کە چ کەســـایەتییەکی دەگمەنی مێژوویی جیهانی بووە.

## دەستبڵاوێکی ئەفسانەیی

ئێمە هەموو لایەک بیســــتوومانە و خوێندوومانەتەوە کە لەنێو ئەفســــــانە کوردییەکـــان پـــاشــــــای دادپەروەر و میللەتدۆســـتی واهەبووە زۆر جار بە شــەو و ڕۆژ بەرگی خۆی گۆڕیوە و بە نێو خەڵکدا ســـوڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی حاڵی ڕاستە قینەی خەڵک ببێنێ! زۆر جار لەم گەڕوســـوڕانە پاشـــا فریشـــتەئاســـا بە هانای کەســـانی لێقەوماوەوە چووە و ژیانی گۆڕیون. ئەم ڕەوشـــــتی خۆ گۆڕین و گەڕانی نێو خەڵکە گەیشـــتووەتە هەندێک حاکم و خەلیفەکانی ئیســـلامیش. لە ســـەردەمی زۆر کۆندا هەندێک پاشـــا و حاکم بەتایبەت پاشـا ســـاســـانییە کوردەکان لە شوێنێکی تایبەت بەردێکیان دادەناو پێیان دەگوت: ( بەردی

مرازێ)[11] کەسـێک پێویسـتییەکی هەبووایە یان غەدرێکی لێکرابووایە دەچوو لەسـەر ئەو بەردە ڕوودەنیشـت و هەڵنەدەسـتا تا پاشـا دادی نە پرسـیبایە و مرازی ئادا نەکردبا. پاشـای وا هەبووە "زەنگوڵ"ێکی لەنێو ماڵی خۆی بەنئارمووشـی تێخسـتووە و بەنەکە تا دەرەوەی کۆشـکی پاشا ڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی هاوڵاتی پێویست و غەدرلێکراو دەسـتیان بگاتە بەنئارمووش و ڕایهەژێنن و دەنگیان بگاتە پاشا و، پاشا بە دەنگیانەوە بێت.

بۆ پاشـایەکی واقیعی و ئەفسـانەیی کارێکی ئاسـانە یارمەتیی هاووڵاتییەکی وڵاتەکەی خۆی بدا بە پارە لەو خەزینە زۆرەی کە لە بەردەستیەتی و بەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی، دادی بپرسـێ. بەڵام هونەرمەندێکی ڕووتەی بێ دایک و باب گەورەبووی بێجێ و بێکەس و بێدەری نێو سوقاقان و دربەدەری نێو وڵاتان، ئەو پارە و ئەو هێزە لە کوێ بێنێ تا یارمەتیی خەڵک بدات و دادیان بپرسـێ؟ سـەبرت هەبێ و پەلە مەکە برای کوردم، باسـی ئەم

[11] بەردی مراز – لە مێژوودا باسـکراوە کە پاشـا دادپەروەرەکان، لە شـوێنێکی نزیک کۆشـکی پاشـا دیاری دەکرد و هاوڵاتی غەدرلێکراو و خاوەن داخوازی دەچوو لەسەر ئەم بەردە دادەنیشت و هە تا داخوازییەکەی جێبەجێ دەکرا.

یارمەتیدان و دادپرسـینەی ئەو پاشـا بێتاج) و بیڕەعیەتەت بۆ دەکەم. ئەو پاشـــایە هونەرمەند "حەســـەن زیرەک" خۆیەتی، ئەو ئەو پاشـایەیە و لە تارانی پایتەختی ئێرانیش پاشادیە.

**هەندێک نموونەی ســـەخاوەت و پارە بە هەند هەڵنەگرتنی زیرەک:-**

خوێندەواری خۆشـــەویســـت جارێ با هەندێ نموونەی ئەوەت بۆ بهێنمەوە کە زیرەک چۆن ســـەیری (پـارە)ی کردووە و لە چ ڕۆژ و ڕۆژگـارێکیش. "ڕابیعەخـانم" دوا خێزانی زیرەک و لە ڕۆژانی دوایی و بێکـار و بێپـارەیی زیرەک دەگێڕیتەوە و دەڵێ: "بەو دواییە کە زیرەک دەچوو بۆ شـایی و ئاهەنگان، خەڵک زۆر پارەی دادەنا، پارەیەکی زۆر کۆ دەبووەوە، زیرەک پارەکەی بەسـەر مۆسـیزێنەکان دابەش دەکرد و پولێکی بۆ خۆی هەڵنەدەگرتەوە، دەمگوت؛ زیرک ئاوا نابێ ئاخر ئێمەش پێویسـتیمان بە پارە هەیە. لە وەڵامـدا زیرەک دەیگوت: ڕابە، ئەوانە خـاون منـداڵن و پێویسـتیان پێیەتی، من و تۆ دوو کەسـین نانێک هەر دەبێ

بیخوێن."[١٢] ئەریٚ ئەم سەخاوەتە، سەخاوەتێکی شێتانە و ئەفسانەیی نییە؟ بەڵی، تەواو شێتانە و ئەفسانەییە، ئەو سەخاوەتە پڕ لە شێتی و ئەفسانەییەش هەر لە پاشایەکی شێت و ئەفسانەیی وەک زیرەک دەوەشێتەوە.

میدیا خانم لە باسی (زەماوەندی سەید عەزیز کوڕی شێخ عەبدوڵای ئەفەندی.) دەگێڕیتەوە و دەڵیٚ: "حاجی سەید عەبدوڵای ئەفەندی ژنی بۆ سەید عەزیزی کوڕی هێنا لە تەوەرگەڕ و مەرگەوەڕی لای ڕەزاییە، لە لایەن ئەرتەشەوە پردیان دانابوو لەسەر چۆمەکەکە خەڵک بە پێیان بڕۆن بۆ سەر زەماوەند، زەماوەندێکی یەکجار گەورە بوو، خەڵک لە ئێران و عێراق و تورکیا و ڕوسیا بەشدارییان تێدا کردبوو، ئێمەش لەویٚ بووین، لە هونەرمەندانی تر ماملیٚ و مەلا حوسێنی عەبدوڵازادە لەویٚ بوون. من تەنیا خانمێک بووم کە لە مالی شێخ ئەو ئیزنە و شانازییەم پێدرابوو کە واریدی دیوەخانی پیاوان ببم، لە دیوەخانیٚ هەموو ئاغاواتی پووڵدار دانیشتبوون و

---

[١٢] چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی لەگەڵ رابیعەخانمی دوا خێزانی زیرەک لە ٢٠١٠/٧/٢٠دا

گۆرانیبێژان گۆرانییان دەگوت و بەگوێرەی داب و ڕەسمی کوردەواری شـــاباشـــیان وەردەگرت. حەســـەن کەواوپـانتۆڵێکی زەردی لە بەردابوو، ئەوکـات تەنیـا ئـارەزوومـان بوو کە چوار مـانگـان بوو، هەر کـام لە ئـاغـاواتەکـان بە چـاوڵێکەری ئەوانی تر و ڕقەبەرایەتی، شـــاباشـــی زیاتری دەدا، حەســـەن ئەوەندەیان شـــاباش دابوویە کە دانیشتبوو لەنێو ئەسکەناسدا ون ببوو، سەرم بردە پێشەوە و گوتم حەسەن تکات لێ دەکەم ئەو پووڵانە هەڵمەگرە، گوتی بەقســـەت دەکەم. گوتم ئەوە پووڵێکی زۆرە وەلێ تۆ موتریب نیت، تۆ دەنگی کوردت لە گەروو دێتە دەرێ، تۆ گیانی ئارەزوو دەست لەوانە مەدە. حەسەن هەســـتـا ســـەرپێ و پانتۆڵەکەی داتەکـاند کە تەنانەت ئەســـکەناســـێکی پێوە نەبێ، تەواو ئەو ئاغاواتەی لەوێ بوون، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا، حەسەن لە گەڵم هاتە دەرێ، من بەو سین و ساڵە کەمەوە حەسەنێکی ئاوام هێنابووە بار، من دەمگوت تۆ هونەرمەندێکی دەنگی کورد بەو لا و لا دەگەینی".[١٣] ســـەیرکەن زیرەک لەنێو ئەو هەموو پارە

[١٣] چاوپێکەوتنی مامۆســـتا محەمەد ڕەمەزانی لەگەڵ میدیاخنم خێزانی زیرەک، سەیری سایتی ڕۆژ هەلات – بۆکان بکە، مامۆستا برایمی فەرشی.

زۆره هەڵـدەســـــتێتەوه خـۆی دادەتەکـێنی و تەنیـا ئەسـکەناسـێکیش بۆ خۆی هەڵناگرێ. ئەمه کارێکه هەر له زیرەک دەوەشێتەوه.

ســــەرنجێک: وەک خوێندمانەوه خاتوو میدیا دەڵێ؛ من به حەســــەنم گوت ئەو پووڵ و پارەیه هەڵمەگره تۆ موتریب نیت و تۆ دەنگی کوردی، هەروەها دەڵێ من بەو ســـین ســاڵەوه حەســەنێکی ئاوام بار هێنابوو. دەســت و دەمی میدیا خـانم خۆش بێت کـارێکی چـاکی کردووه و میـدیـا کـاریگەریی لەســـــەر زیرەک هەبووه و خزمەتی جوانی زیرەکی کردووه، هەر بۆیه زیرەک دەڵێ: "ژن و مێردێک بووین ژیانێکی خۆشمان هەبوو. بەڵام سەخاوەتی زیرەک مادەر زادبووه"[١٤]، زۆر پێش ناســـین و خواســـتنی میدیا خانم زیرەک ســـەخاوەتی خۆی نواندووه و دەســـتبڵاوی کردووه، ئەگەر له وەڵامی میدیا خانم گوتوویەتی باشـــه و به قســـــەت دەکەم، ئەوه دڵی میـدیـا خـانمی ڕاگرتووه و خۆشـــەویســـتی خۆی بۆ دەربڕیوه، دەنا زیرەک بۆ خۆی

[١٤] زیرەک هەر له منداڵییەوه بەو هەموو هەژاری و دەردیســــەرییەوه هێشـــتا خاوەن کەسایەتییەک بووه، هه موو شتێکی بۆ پاره نەکردووه.

لەو پارە بە هەند هەڵنەگرتنە مێژوویەکی درێژی هەیە کە لەگەڵ مێژووی ژیانیەتی. ئەوەتە میدیا خانم هەر خۆی لە وەلامی پرسیاریکی تر دەڵی: "حەسەن زۆر قسەخۆش بوو، زۆر نوکتەسەنج و بێ نیهایەت دەست و دڵباز بوو. قەت لە بیری ئەودا نەبوو قڕانێکی بێ بیکات بە دوو قڕان. ئەگەر دۆست و برادەری بهاتایەتە ئێران، دەیگوت ئەگەر دۆستی من تەواوی ماڵەکەم بکا بە هێلکەیەک و بیدا بە دیواردا، ئەو کاتە لە هەموو کاتێک خۆشحاڵترم، هێندە دەست و دڵباز بوو، ئەو حاڵەتە بە منیش سەرایەتی(کاریگەری) کردبووە". ئەوەتە میدیا خانم دەڵی سەوخاوەتی زیرەک هێندە گەورە بوو کاری لە منیش کردبوو، واتە منیش لەو فێری سەخاوەت ببووم.

"میرازا کەریم خۆشناو"[١٥] دەنووسێ کە ئەبووسەباح و مام جەلال لە هەولێرەوە هاتبوون و میوانی من بوون، زیرەک لە تاران جەماعەتێک هاتبوون کە پێیان دەگوتن "بازرگانی

---

[١٥] میرزا کەریم خۆشناو، بەرگی دووەم – هە ندێک لە بەسەرهاتەکانی زیرەک، ١٩٨٦

ئاواز"[١٦] ئەوانە دەگەڕان و هونەرمەند و دەنگخۆشـــیان دەبردە تـاران و گۆرانییـان بۆ تۆمـار دەکردن و پـارەی باشـیشـیان پێ دەدان. ئەو دەم بەدوای زیرەکەوە هاتبوون و پێشـنیاری پارەیەکی زۆریان بۆ زیرەک کردبوو، زیرەک لەگەڵیـان نەچووبوو. بـازرگـانـانی ئـاواز لە زیرەک تورە ببوون. میرزا کەریم دەڵی: من گوتم براکەم باشـــتر بوو چووبای ڕاســـتە ئەوانە میوانی خۆشـــەویســـتن بەڵام بەرژەوەندیی تۆش گرنگە، زیرەک دەڵێ: "ئا ئێســـتا چەند کەســـانیک لە (تەهران)ەوە بۆ لام هـاتبوون، ســـوودی زۆریشـــی بۆم تیایە و زۆریش چەورن، بەڵام من دیداری ئێوەم لە پارە و پووڵی ئەوان زۆر پێ چاکترە، بەتـایبەت کە خزمەکانی تۆش بۆ سەردانت هاتوون وا ئەزانم بۆ لای من و تۆ هـاتوون چونکە جیـاوازیی من و تۆ نییە. زیرەک بەردەوام دەبێ و دەڵێ: بەڵام ئەمن بەڕاســـتی دەیڵێم و خۆشـت و هەر کەسـێکی ئەمن بناسـێ ئەزانێ هیج کاتێک دۆسـتایەتی و پیاوەتیم بە پارە نەگۆڕیوەتەوە. پارە ئەمڕۆ

[١٦] "بازرگانی ئاواز" کەسانێک بوون لە وڵات دەگەڕان و دەنگخۆشەکانیان دەبرد و گۆرانییان بۆ تۆمار دەکردن و پارەیەکی باشـــیان دەدانێ و گۆرانییەکانیشـــیان بڵاو دەکردەوە.

بووەتە وەسـیلەی ژیان ناچارین هەندێک هەوڵی بۆ بدەین تا ئیحتیاجی بەردەستی خەڵک نەبین، من ئەمەندەم بەسە و دەوڵەمەندیم ناوێت چونکە من بەم جۆرە لە بەر چاوی خەڵک جوانم، خۆشـم ئاوام پێ چاکە و لە وێژدانی خۆم ڕازیم." ئەم پارە بە هەند هەڵنەگرتن و ڕێز بۆ دۆسـت و برادەران و پیاوەتی کردنە هەر لە زیرەک جوانە.

زیـرک ئەگەر بەدوای پـارەدا گەڕابـووایە و هەوڵـی دەوڵەمەندی و خۆگونجاندنی دابوایە، هێندە بەس بوو بە زمانی فارسـی و گۆرانی بۆ دەسـەڵاتی ئێرانی گوتبا، ئەوە دەبوو بە یەکێ لە دەوڵەمەندترین هونەرمەند و ناودارترین گۆرانیبێژی ئیرانی. بەڵام زیرەک کوردە و بە کوردی قسە دەکا و گۆرانیی بۆ کورد دەڵێ. ئەمە زۆر بەدڵسـۆزی و هـوشـیـارییەوە دەکـات و ئەرکـی هـونەرمەنـدی و سـەرکردایەتی و پێشـرەوایەتی و پاشـایەتی خۆی و پڕ لە هەژاری و خۆڕاگرییەوە بەردەوام دەکـات و دواجـار لە هەژارترین ڕۆژانی هەژاری خۆی و بێجێ و بێماڵ و بێکە س و بێمەیی و مەیخانەییدا(پیرۆزیی هونەر و کوردبوونی

خۆی)[١٧] دەباتە ســــەر ناڵەشــــکێنێ و بۆ هەتاهەتایی بە شـــەهیدی و بە ســـەربەرزی دەمێنتەوە، بۆ هەتاهەتایی بولبولئاسا و زیرەکانە دەچریکێنێ.

## سەردەمی پاشایەتی زیرەک[١٨]

لە چاوپێکەوتنێکی زۆر گرنگ و لەگەڵ کەسایەتییەکی زۆر گرنگ مامۆســـتای نووســـەر و وەرگێڕی ناوداری کورد "مـحەمەدی ڕەمەزانـی"[١٩] کە لەگەڵ بەڕێـز "مـام عەلـی یاســەمەنی"[٢٠]دا کردووە زۆر بابەتی گرنگ لە ژیانی زیرک باس دەکات، چۆن خۆی خزمی زیرەکە و لەگەڵی ژیاوە، ئەوەی دەیگێڕیتەوە خۆی تێـدابووە و بە چـاوی خۆی

[١٧] دواجار زیرەک لە مەرامی دەوڵەت گەیشتبوو، بۆیە ئازار و هە ژاری هەڵبژارد و نەچووە ژێر بار و هۆشـیارانە بەرەو مەرگ چوو، گۆرانییەکانی سـاڵانی دوایی پڕن لە دەردەدڵی زیرەک (شەش دەرم گێراوە بەدەستی نەردەوە)ەو زۆری تر.

[١٨] زیرەک لە سـاڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٢ لە تاران بووە، بۆیە پاشـایەتییەکەی دەکەوێتە ئەو ساڵانە.

[١٩] مامۆســـتا محەمەدی ڕەمەزانی نووســـەر و وەرگێڕی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند چاوپێکەوتنێکی گرنگی لەگەڵ کەسـانی نزیک لە زیرەک کردووە، زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی بەدەستهێناوە.

[٢٠] مام عەلی یاســەمەنی خزمێکی نزیکی زیرەکە و لە چاوپێکەوتنەکەی مامۆســتا محەمەدی ڕەمەزانی زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی ئاشکرا کردووە.

بینیویەتی و لە تاران لەنێوماڵی زیرەکدا ژیاوە و کاری کردووە .

**کارکردنی مام عەلی لە ماڵی زیرەک؛** مام عەلی بۆ مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: "زیرەک خەبەری منی زانی، کاغەزی نووسی لە کاکە مینە[21]، عەلی هەرچی هەیەتی بیفرۆشی و بێنە ئێرە من و میدیا لێرە جێگامان زۆر خۆشە و مواجیب[مووچە]یشمان زۆرە، بەرنامەمان لە تەلەڤزیۆن و لە ڕادیۆ هەیە[22]، منیش لەگەڵ خێزانم هەستام سواری قەتار بووم و چووم بۆ تاران زۆر پێی خۆشحاڵ بوون کاک حەسەن گوتی: براله ئەمن هەمیشە پێم ناکرێ لەگەڵ میدیا بچم بۆ ئێستگە، میدیا دەبێ هەموو شەوێک بچێ، ڕۆژ وایە من مهمانم دەبێ، ڕۆژ وایە کارێکی ئیداریم هەیە، ناکرێ و نابێ میدیاش بە تەنیا بچێ. براکانیشی بۆیان ناکرێ لەگەڵی بن، دەبێ لەگەڵ میدیا

[21] کاکە مینە – براگەورەی زیرەکە

[22] لەساڵی ١٩٦٠ سابت پاسال کە دەوڵەمەندێکی ئێرانی بوو تەلەڤزیێنێکی خسوسی دامەزران و بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی – هنرهای زیبا- زیرەک خۆی و تیپەکەی هەفتانە ئاهەنگی تێدا دەگێڕا و بە تۆمارکراوی بلاو دەکرایەوە و ڕەواجێکی زۆری هە بوو، لەو بەرنامەیە زیرەک دەیان گۆرانی و ئاهەنگی تۆمارکراوی تەلەڤزیۆنی هەیە، بە داخەوە تا ئێستاهەواڵێک لەو کاسیتانەوە نییە.

بچی بۆ ئیداره و خێزانیشـــت نان و چاییمان بۆ ســـاز کا، هەر چوارمان مودەتێک لەوێ زۆر بەخۆشی گوزەرەانمان".

## پاشایەتی دەستی پێ کرد، لە موسافیرخانەی حەقیقەت[٢٣]

عەلی بەردوام دەبێ مامۆستا محەمەدی ڕەمەزانی تۆماری دەکا و مامۆسـتا (برایمی فەرشـی)[٢٤]یش دەینووسـێتەوە و بڵاوی دەکاتەوە، مام عەلی یاسەمەنی دەڵێ "شەوانە وابوو کـار لە ڕادیۆ یـان تەلەڤزیۆن درەنـگ تەواو دەبوو، کە دەڕۆیشـتینەوە، دەیگوت نەخێر جارێ با بچین سـەرێک لە مەسـافیرخانەی حەقیقەت هەڵێنین بزانین برادەری کوردی لێیە. کوردی ناسیاو نەناسیاوی لێبایە غەیری مومکن بوو حیسابەکەی دەبەست و دەیبردەوە ماڵێ، ئاغای مودیرەکە دەیگوت ئـاغـا پوڵی داوە، کرێی مەنزلی داوە، دەیگوت هەرچییەکە بە عوهدەی خۆم، ئەمن دەیبەمەوە ئەوە میوانی منە. هیچ شـــەوێـک وانەبوو بەبێ میوان بچینەوە، لە

[٢٣] موســـافیرخانەی حەقیقەت لە تاران وەک ئوتێل شـــیمال الکبیری بەغدایە و کۆردەکان لەوێ دادەبەزین

[٢٤] برایمی فەرشـی مامۆسـتایەکی نووسـەر و شـانۆکارە و یەکیکە لەو بەڕێزانەی وەک دەڵێن ئەرشـــیفێکی دەوڵەمەندی زیرەکی هە یە و کاری زۆری بۆ هونەری زیرەک کردووە.

کوردســـــتانەوە، چ لە شـــــیمال و چ لەنێو تورکان، چ لە مەنگور، لە گەروک لە دیبوکری لە فەیزولا بەگی بە واسیتەی زەمبیلەوە کە من لەوێ فەراش بووم و نەهارێک شـــامێک میوانی حەســـەن زیرەک دەبوون، میوانی بێحەد زۆر بوو".

**هاوکاری پاشا زیرەک بۆ زیندانی و نەخۆشان..**

مام عەلی بەردەوامەو دەگێڕیتەوە "دادەنیشـــتین یەک ناگا نەفەرێک دەهات، دەیگوت لە زیندان مەرەخەس بوویم پوڵم نییە، فەورەن بۆ خۆی ١٠٠ تمەنی دادەنا سەر کەشەفێک[٢٥]، ئەو وەختی ســـــەد تمەن بە ٦٠٠٠،٥٠٠٠ی ئێســـــتا بوو، دەگەڕا پوولی بۆ کۆ دەکردەوە هەرکەس بە ئەنـــدازەی خۆی ١٠،٣٠،٢٠ تمەن کابرای بەڕێ دەکرد، خەبەریان دەدا نەفەرێک لە زیندانە، حەســـەن زیرەکی دەخوازێ، دەیگوت عەلی با بڕۆین، دەچووین بۆ زیندان جا یا بەزەبری پۆڵ یا بەزەبری کاغەز[٢٦] و ئیدارە، نەجاتی دەدا. دڵی ئاوا بوو،

---

[٢٥] سەرکەشف – شوێنی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەسانی لێقەوماو.

[٢٦] کاغەزی ئیدارە – زیرەک بە هۆی هونەرمەندی و کەسایەتی خۆیەوە دۆست و ناســـیاری زۆر بوو لە دائیرەکانی دەوڵەت کاتێ پیویســـتی ڕووی لێدەنان و بۆ کەسانی پێویست نامە و نامەکاری بەکار دەهێنا.

چەند دۆست و ژنبراکانی و برادەری وەک ئێوە نەسیحەتی ئەو کابرایەیان دەکرد، کا حەسەن تۆ داهاتت زۆرە و مواجیبت زۆرە مواجبی یەکتان پەسمەند[پاشەکەوت] بکەن، بەعدەن ئەولادتان دەبێ، با بتانبێت با ماشینت ببێ، دەیگوت کوڕە لێمگەڕێن خوا ئەمنی لەو حاڵە گەیاندووتە ئەم حاڵە. ئەوە کە خزمی خۆمە، برای هاوشیریمە لە گەڵم بووە شاگرد قاوەچی بووم، جاری وابووە باوک و براکانم دەریان دەکردم، ئەچووم لە پشت دەرگا دەپاڕامەوە، عەلی دەرگاکەم لێ بکەوە جێگا نییە لێی بخەوم، دەریاندەکردم ڕێگام نادا، کاکم درم دەکات، ئەمن ئاوا بووم، ئەلان بەو مەرامە گەیشتووم دەعیە و تەکەبورم لێ پەیدابێ؟ ماشێنم بۆ چییە؟ هەرچی ماڵی منە هی خەڵکە و هی خەڵکیش هی منە، هیچی پەزمەندی نەبوو، دەیانگوت حەسەن گیان ئەوە نەخۆشە لە نەخۆشخانەیە، دەڕۆیی ئەو نەخۆشەی مەعلوم[27] دەکرد، کێیە خەڵکی کوێیە، هەر بە نێوبانگ حەسەن زیرەکیان بۆ هەڵداوە، نەیدەناسین، بە پوڵی خۆی

[27] مەعلوم دەکرد- واتە زیرەک ئەو کەسەی دەبینی و دەیزانی پێویستیەتی ئەوسا یارمەتی دەدا، ئەوە بۆ ئەوەمان دەبات کە کەسانێک دڵسافی زیرەکیان بەکارهێنابی و بە فێڵ داوای یارمەتییان کردبێ، ئیتر زیرەک پێویست بە ناسین و بینینی کەسی موحتاج بووە.

بۆی جێبەجێ دەکردن، پووڵی دکتۆری بۆ دەداو بەڕێی دەکرد، پیاوێکی ئاوا سەخی بوو". ئێستا خوێندەواری خۆشەویست بۆت ڕوون بووەوە کە زیرەک پاشایەکی سەخی و دەست و دڵ بڵاوە. جا کەی پاشاکان ئاوا سەخی بوونە؟ ئەوان وڵات و خەزینەی وڵات و ئابووری و داهات و لەشکریان لە بەردەست بووە. زیرەک ئەوەی بە هونەرەکەی پەیدای دەکرد. بەو سەخاوەتەوە دەیدا بە خەڵکەکە، زۆر جیایە لەگەڵماڵی پاشا و داهاتەکەی.

ئەرێ زیرەک لەو ماوەیەی پاشایەتییەکەیدا چەند کەس یارمەتییان لێی وەرگرتووە؟ ئەو بەڕێزانە هەریەکەی چەندیان پووڵ لێ وەرگرتووە و چ یارمەتییەکی داون؟ ئەوە بۆچی ئەو بەڕێزانە خۆیان ئەگەرنەماون کەسوکاریان بۆچی باسی ئەو یارمەتییە ناکەن کە زیرەک یارمەتی داون و شانازی پێوە بکەن. چ شانازییەکە بۆ کەسێک و خانوادەی کە زیرەک هاوکاری کردوون.[٢٨] دەزانن ئەو

[٢٨] ئەو کەسەی ناوی لە ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە کە پێویستی بەیارمەتی هەیە، برای بەڕێز مامۆستا عەزیزی شارۆخییە و وابزانم جارێک مامۆستا خۆشی باسی کردووە کە زیرەک یارمەتی براکەی داوە.

یـارمەتییە چ یـارمەتییەکی پـاک و پیرۆزە؟ یـارمەتی چ پاشایەکی هەژار و شێت و ئەفسانەیی و مرۆڤدۆستە؟

**بەدواداچوون**[۲۹]

زۆر جـار پاشـــا و ســـەرۆکوەزیران و وەزیر بەدوای هەواڵێکەوە دادەچن کە پەیوەنـدیی بە ئەوانەوە هەبێـت کەســـێک داوای یارمەتیی لێ کردبن و لە میدیاکان بڵاو کرابێتەوە و لەو کـاتـانە دەســـەڵاتی خۆیـان بۆ یـارمـەتی هـاووڵاتییەک بەکـار دێنن و بە مـاڵی دەوڵەت یـارمـەتی دەدەن. ئەوە ئەگەر وەڵام بدەنەوە!

بەڵام ســـەیرکە، پـاشـــای ئێمە چۆن بەدوای هەواڵێکی ڕۆژنامە دادەچێ. مام عەلی دەگێڕێتەوە و دەڵێ "شەوێکیان میدیا خانم دوای نان و چا خواردن ڕۆژنامەیەکی هێنا و گرتی بەدەســـتەوە گوتی حەســـەن ئەم ڕۆژنامەیەت بۆ بخوێنمەوە؟ گوتی ئەرێ وەڵڵا؛ گوتی، چ فایدە پیی دڵتەنگ

---

[۲۹] بەدواداچوون- ڕەوشـێکی دەوڵەت و بەرپرســەکانە کاتێ لە ڕۆژنامە بابەتێکی پەیوەســـت بە دەســـەڵاتی ئەوان بڵاو دەکرێتەوە بەدوای هە واڵەکەدا دەچن و چارەسەری دەکەن.

دەبی، گوتی نــاوەڵا بۆم بخوێنەوە بزانم چییە؟ کە خوێندیەوە نەفەرێک لە مەهاباد نووسیبوی؛ ئەمن مودەتێکە زۆر زەلیلم عومریشم ٢٢ ساڵە ئەلان سەروەت و سامانی بابم خەلاس بووە خێزان و منداڵێکیشـــم هەیە، دەمەوێ تەڵاقی بــدەم و ڕزگــاری بکەم هیچم پێ پەیــدا نــابێ، ئایش[خۆزگە] بۆ موســـلمانیک کە وەســـیلەیەک بۆ من فەراهەم بکا بچمە خیابان نەفەقەی خۆمی پێ پەیداکەم و بیهێنمەوە ماڵی بۆ ئەو منداڵەم، حەســەن بەوە زۆر مەلول بوو، زۆر دڵی تەنــگ بوو گوتی میــدیــا دووبــارە بۆم بخوێنەوە. حەسـەن ئەو شـەوە ئەوقاتی تاڵ بوو. سـبەێنێ هەســـتا ڕۆیی بۆ ئێســـتگای ڕادیۆ نامەیەکی وەرگرت بۆ شـێر و خورشـید ئەو شـتانەی لەوێ هەبوو لەو چەرخانە دانەیەکی کڕێ و ئیجازەی خواســـت و لەگەڵ میدیا خانم چوو بۆ مەهاباد ســـی ڕۆژ لەوێ ماوە نێونیشـــانی ئەو کوڕەی دییەوە. کـوڕەی فـێری ئەو چەرخە کـرد زۆر خۆشـــحاڵ گەڕایەوە". ئێســـتا تۆ بڵێ زیرەک پآشـــا نەبوو. هیچ پاشـا و سـەخی و دەسـتبڵاوێکی ئاوات دیوە و هیجی ئاوات خوێندوتەوە؟ ئەوە زیرەکە و پاشـــایەتی بە هەژاری خۆیەوە دەکات.

## شیکردنەوە و خاڵبەندکردنی پاشایەتییەکەی زیرەک

ئێمە کردەوە پاشـــاییەکانی زیرەکمان خوێندووتەوە و بیستووە، ئێستا هێندەی لە بەردەستە و بەتایبەت ئەوەی مام عەلی ســـەمەنی هاوڕێ و هاوتەمەن و خزمی زیرەک گێراویەتییەوە و تایبەتە بە ســـەردەمی ژیانی لە تاران، چۆن دڵنیام؛ زیرەک ئەو کردەوە و پاشـــاییانەی لە هەموو قۆناخەکانی ژیانیدا کردووە، بە شـــێوازی جیاجیای پاشایەتی.

١- شـــەوانە وابوو کار لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن درەنگ تەواو دەبوو، کە دەڕۆیشـــتینەوە، دەیگوت نەخێر جارێ با بچین سەرێک لە موسافرخانەی حەقیقەت هەڵبێنین بزانین برادەری کوردی لێیە.- ئەوە هەمان ڕەوشـــی پاشـــایانی ئەفسانەییە، کە شەوان بەدوای کەسانی مەبەستدا دەگەڕان تا یارمەتییان بدەن، زیرەکیش هەر ئاوای کردووە.

٢- کوردی ناســـیاو و نەناســـیاوی لێبایە غەیرەمومکین بوو، حیســـابەکەی دەبەســـت و دەیبردەوە ماڵێ، ئاغای مودیرەکە دەیگوت ئـاغـا پوڵی داوە، کرێی مەنزلی داوە، دەیگوت هەرچییەکە بە عۆهـدەی خۆم، ئەمن دەیبەمەوە،

ئەوە میوانی منە. هەرگیز پاشـــاکان یارمەتی کەســـێکیان نەدەدا کە پێویســـــت نەبوایە، بەڵام، زیرەک پـارەی ئەو کەســـانە دەدات لە ئوتێل کە پێشـــتر پارەی خۆیان داوە، بەڵام؛ زیرەک ئەو کوردانەی خۆمـان لە تـاران بە میوانی خۆی دەزانێ، لای ئەو ئەوە بەس نییە کە دەیانباتەماڵەوە و دەڵێ میوانی منن، پارەی ئوتێلەکەشـــیان بۆ دەدات، کە کوردی خۆمان پێشتر پارەی خۆی داوە.

٣- هیچ شـــــەوێـک وا نەبوو بەبێ میوان بچینەوە، لە کوردســـــتانەوە، چ لە شـــیمال و چ لەنێو تورکان ،چ لە مەنگوڕ، لە گەروک لە دیبوکری لە فەیزولا بەگی بە واســیتەی زەمبیلەوە کە من لەوێ فەڕاش بووم و ئەوانەم دەناسـیەوە، ئاغا و ڕەعیەت، شـارسـتانی و فەلا هەمووی دەهاتن، هەرچی دەهاتە تاران نەهارێک، شـــامێک میوانی حەســـــەن زیرەک دەبوون، میوانی بێ حەدی زۆر بوو. ئەگەر پاشا ئەفسانەییەکان ساڵێ چەند شەوێک ئاوا بە ناو شـــاردا دەگەران، بەڵام وەک مام عەلی دەڵێ: زیرەک هیچ شـــــەوێک بەبێ میوان نەدەبوو. میوانەکانیش هەمەجۆر و

هەمەڕەنگ و هەمەچین و هەمەنەتەوە بوون. میوانیشی بێ حەد زۆربوو.

٤- دادەنیشـــتین یەک ناگا نەفەرێک دەهات، دەیگوت لە زینـدانێ مەرەخەس بووم پووڵم نییە، فەورەن بۆ خۆی سـەد تمەنی دادەنا سـەرکەشـەفێک، ئەو وەختی سـەد تمەن بە ٥٠٠، ٦٠٠ ئێسـتا بوو – زیرەک ناوبانگی دەسـتبڵاوی دەڕوا و خەڵکی نەناس و دوور دێن و داوای یارمەتیی لێ دەکەن و ئەویش هەردەم ئامادەیە و بە خۆی پارەیەکی باش دادەنێ و بۆشی کۆ دەکاتەوە، لەوشدا دیسان ناو و کەســایەتی خۆی بەکار دێنێ، واتە هەم بە پارە و هەم بە مەعنەوی یارمەتییان دەدات!

٥- دەگەڕا پوڵی بۆ کۆ دەکردەوە، هەرکەس بە ئەندازەی خۆی ١٠،٣٠،٢٠، تمەن کابرای بەڕی دەکرد.- زیرەک نەک خۆی، خەڵکێشــی هاندەدا کە ســەخی و دەســتبڵاو بن و یارمەتیی کەسانی موحتاج بدەن.

٦– خەبەریان دەدا نەفەرێک لە زیندانە، حەســـەن زیرەک دەخوازێ، دەیگوت عەلی با بڕۆین، دەچووین بۆ زینـدان جا یا بەزەبری پووڵ یا بەزەبری زمان یا بەزەبری کاغەز

و ئیدارە، نەجاتی دەدا .- پاشـــاکان ئەگەر کەســـێک لە زینـدانەوە داوای یـارمەتـیـی لـێـکـردبـان، ئەوا ئەگەر یارمەتیشـــیان دابا، هیچ کات خۆیان نەدەچوونە بەندیخانە و کارەکەیان بۆ نەدەکرد. بەڵام، زیرەک بۆ خۆی دەچیتە بەندیخانە و هەرچی بۆ بکرێ بە پارە و بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێ دەیکات.

٧- دڵئاوا بوو. چەند دۆســـت و ژنبراکانی و برادەرانی وەک ئێوە نەسـیحەتی ئەو کابرایەیان دەکرد، کا حەســەن تۆ داهاتت زۆرە مواجیبت زۆرە موجیبییەکتان پەزمەندە بکەن، بەعدەن ئەولادتان دەبیت، با بتانبێت با ماشـــێنتان ببێ، دەیگوت کوڕە لێمگەڕێن، خوا ئەمنی لەو حـاڵەوە گەیـانـدۆتە ئەو حـاڵە، ئە ئەوە کە خزمی خۆمە، برای هاوشیرمە لەگەڵم بووە، شاگردی قاوەچی بووم، جاری وا بووە باوکم و براکانم دەریان دەکردم، ئەچووم لە پشـــت دەرگاوە دەپاڕامەوە عەلی دەرگاکەم لێ بکەوە و جێگا نییە لێی بخەوم، باوکم ڕێگام نادا، کاکم دەرم دەکات، ئەمن ئاوا بووم، ئەلان بەو مەرامە گەیشتووم دەعیە و تەکەبورم لێ پەیدا بێ؟ ماشێنم بۆ چییە؟ سەروەتم بۆ چییە؟ هەرچی

مـــاڵی منه هی خەڵكه و هی خەڵكیش هی منه، هیچی پەزمەند نەبوو.- پاشـای ئێمه زیرەک زۆر دڵكراوه بوو، له خەمی ئەودا نەبوو شـــــتێک بۆ دواڕۆژ هەڵبگریٚ. ئەوەتا خزم و برادەر داوای لیٚ دەكەن و نموونەی بۆ دێننەوه، بەڵام زیرەک ڕابردووی خۆی له بیر نەكردووه و بیر له تەكەبور نـاكـاتەوه، دەڵیٚ لیٚمگەڕێن كه خودا لەو حـاڵه هەژاری و بێپارەییەوه منی گەیاندووته ئەمڕۆ پیٚمخۆشـه و دەمەویٚ یارمەتی خەڵک بدەم، ئەوەی من هەمه هی خەڵكه و هی خەڵكیش ماڵی منه! بەڵام، تەكەبورو لوتبەرزی پاشـا مێژوویی و ئەفسـانەییەكان زۆر جیایه لەگەڵ سـادەیی و فرۆتەنی پاشایی زیرەک.

٨- دەیـانگوت حەسـەن گیـان ئەوه نەخۆشـــه، له نەخۆشـخانەیه، دەڕۆیی ئەو نەخۆشـەی مەعلوم دەكرد، كێیه؟ خەڵكی كوێیه؟ هەر بەنێوبانگ حەسـەن زیرەكیان بۆ هەڵداوه، نەیدەناسین به پووڵی خۆی بۆی جێبەجیٚ دەكرد، پووڵی دكتۆری بۆ دەدا و بەڕێی دەكرد، پیـاوێكی ئـاوا سـەخی بوو.- زیرەک كه بیسـتبای كەسـێک نەخۆشـه بۆ

خۆی دەچوو دەیدۆزییەوە و دەیبردە لای دکتۆرو پارەی دەدا و خزمەتی دەکرد.

بەڵێ ئەو پاشایەی ئێمە ئاوا سەخییە، شەوانە لە تارانی پایتەخت وەک پاشا ئەفسانەییەکان بەدوای کوردی خۆمان دەگەڕا و لە میوانخانەی حەقیقەت کە جیگای دابەزینی کوردەکان بوو، ناسیاو و نەناس دەیدۆزینەوە و پارەی میوانخانەکەی دەدا و دەیگوت میوانی منە، برا کوردەکەی دەبردەوە ماڵەوە و خزمەتی دەکرد، کەم شەو هەبوو میوانی نەبێت، میوانی بێ حەد زۆر بوو، میوان لە کوردستان و لە شیمال و لەنێو تورکان و لە مەنگوڕ و گەورک و لە دیبوکری فەیزولابەگی و زەمبیلەوە ئاغا و ڕەعیەت و شارستانی و فەلاح هەمووی دەهاتن، هەرچی دەهاتە تاران نیوەڕۆیەک و ئێوارەیەک دەبوونە میوانی زیرەک، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ناو و دەنگی زیرەک جگە لە هونەرمەندی، وەک پیاوچاک و خێرۆمەندێک بناسرێ، بە سەخاوەتەوە یارمەتی خەڵکیش دەداو خەڵکان لە دوورەوە نەشیان دەناسی بەڵام، ڕوویان لە ماڵی زیرەک دەکرد و کەسیان نائومێد نەدەگەڕانەوە. لە زیندان

بەربووی بێ پارە، زیندانییەکی بەغەدرگیراو، نەخۆشـــیکی بێ پارە، بهاتبانە لای زیرەک یان زیرەک بیستبای کەسێک لە نەخۆشـــخانە لە بەندیخانە پێویســـتی بە یارمەتییە، بە زوویی و بەگەرمی بەدەنگیانەوە دەچوو، ئەوەی بە پارەی خۆی بۆی بکرابووایە، دەیکرد، ئەوەی بە هۆی کەسـایەتی خۆی ڕووی لە کەسانی تر دەنا، ئەوەی بە هۆی لێهاتوویی خۆی و دەم وزمانی شـــیرینەوە بۆی دەکرا، دەیکرد. ئەو پاشـــایە هەموو توانایەکی خۆی لە خزمەتی براکانی بەکار دەهێنا، نەیدەپرسـی چ حزبێکن، چ نەتەوەیەکن، چ بنەماڵە و عەشیرەتێکن، چ ئاینێکن، یاسای ئەو پاشایە لە یارمەتیدانی ئەو خەڵکە، یاســـایەکی دادپەروەر و یەکســـان بوو. ئاغا و فەلاح، شـارسـتانی و لادێیی، ناسـیار و نەناس، وەک یەک هـاوکـاری دەکران و ڕێزیـان لێ دەگیرا. ئەرێ ئەو کـار و کردەوانە بەڕاسـتی کار و کردەوەی پاشـایانە نین؟ پاشـای خێرو بەرەکەت.

ئەو سەخاوەتەی زیرەک پاشا پارەکەی لە کوێوە دەهات؟

وەک دەڵێن، بە هۆی گەورەیی هونەرمەندییەکەی زیرەک خۆی، مـانگـانەیەکی زۆر باشـــــی هەبووە، میدیای زەندی

خێزانیشی مووچەیەکی باشی هەبووە، جیا لەوە زیرەک و میدیا و تیپەکەی زیرەک هەفتانە ئاهەنگی تەلەڤزیۆنیان لە ئێستگەی تەلەڤزیۆنی خسوسی گێڕاوە کە خاوەنەکەی "سابت پاسال"[٣٠] دەوڵەمەندێکی ئیرانی بوو، لە بەرنامەی (هنرهای زیبا) هەفتانە زیرەک و تیپەکەی ژن و پیاو بوون و شاییان دەکرد و کۆڕسیش بوون و گۆرانییان دەگێڕایەوە و بەرنامەی زیندووی تەلەڤزیۆنیان پێشکەش دەکرد، لەوێش پارەیەکی باشیان دەستکەوتووە، بەو پارەیە زیرەک ئەو پاشایەتییەی دەکرد. زیرەک لە تاران ڕۆڵی (تەکیەی شێخێکی خواناس) و (سەرۆک هۆزیکی خانەدانی کورد) و (ڕێکخراوێکی خێرخوازی مرۆی کورد) و ( وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی) و ( بارەگای

---

[٣٠] "سابت پاسال خاوەنی تەلەڤزیۆنی کوردی شەوی پینجشەممانە دەڕۆیشتین لە ئیستگەی هونرهای زیبا بەرنامەمان دەدا، بەرنامەی کوردی حەسەن بە دایرە و بە گۆرانی ئێمەش حەوت هەشت پیاو و ژن بە لیباسی کوردییەوە بە دەستوری سۆرانی خۆمان هەڵدەپەڕین، خەڵک زۆریان پی جالب بوو زۆریان پێخۆش بوو! ئەو قاوەخانەی لە تاراندا تەلەڤزیۆنی بوو، دوو یان سی قاوەخانە پڕ دەبوو لە خەڵک، تەلەڤزیۆنیش لەنێو تاران هەتا کەرج کاری دەکرد زیاتر کاری نەدەکرد. لەو قاوەخانانە ئەو شەوە چای لە پەناباتێکەوە دەچووە چوار قران ئەوندە بەرنامە کوردییەکەیان پێ خۆش بوو." دەبێ چەند شەو ئاهەنگیان گێڕابێ و ئێستا چەند ئاهەنگی تەولەڤزیۆنی زیرەک و تیپەکەی بەتۆمارکراوی لە لای خەڵک بێت؟

حیزبێکی نەتەوەیی) و (نوێنەرایەتی حکومەتی کوردی) دەگێڕا ئەگەر هاتوو ئەوانیش وەک زیرەک خۆیان بەدوای خەڵکەوە چووبان و چاکەکاربووان. زیرەک، پاشـــــایەکی دادپەروەری کورد بوو لە تاران. دادپەروەر بۆ هەمووان. ئەو پاشـــــایەتییەی زیرەک چەندی خایاندووە؟ چەند کەس لەو ســــەخاوەتی و پیاوچاکی و خێرۆمەندییەی زیرەک سوودمەند بووە؟

## جۆری پاشایەتی زیرەک

زیرەک یەکەمین پاشـایە، جیا لە پاشـا ئەفسـانەیی و پاشـا مێژووییەکان، جیا لە پاشـــــای هەموو وڵات و میللەتان دەبێت بە پاشـــــا و پاشـــــایەتییەکەی بە هۆی کردەوە و پاشایەتییەکانیەتی. ئەو پاشایەتی لە باوانەوە بۆ بە میرات نەماوەتەوە، بە پاڵەوانی و ســــەرلەشــــکری و شــــەڕ و داگیرکردن و کوشـتن نەبووە بە پاشـا. لە کۆبوونەوەیەکی پاشـــا هەڵبژاردندا بازی بەختی بەســـەر نەنیشـــتووەتەوە. مەرجی کچە پاشـــــای بەجێ نەهێناوە و نەبووە بە زاوای پاشا و پاش مەرگی پاشای بێ کوڕ جێی بگرێتەوە و.ببێت بە پاشا!

ئەو پـاشـــــایەکی مرۆڤبوونە، مرۆڤی دەرچووی کورەی ژیـانێکی دۆزەخی، ئەو مرۆڤێکی دڵ و دەروون پڕ لە عەشق و خۆشەویستی بوو، عەشق و خۆشەویستی ژیان و مرۆڤ و جوانییەکانی هونەر هونەری کورد و ناوچەکە و جیهان! ئەو بەرهەمی کاردانەوەی ئەو ژیانە دۆزەخی و ئەو هەموو غەدرە بوو کە لێی کرابوو، ئەو بەرهەمەی کە بەخێر شـــکـایەوە و هونەرمەنـدێکی داهێنەر و لوتکەی هونەرمەنـدانی لێ دروســـــت بوو، ئەو مرۆڤێکی دڵ و دەروون پاشـایی لێ دروست بوو پاشـایەکی دادپەروەر و دەســتبڵاو. ئەو کردەوەکانی پاشـــایانە بوو، پاشـــا جیا لە پاشا مێژوویی و ئەفسانەییەکان.

ئەو زیرەک پاشـــا بوو، ئەو پاشـــایەی کە بە ڕێورەســـم و ئاهەنگی پاشـــــایەتی نەبوو بە پاشــــا، ئەو هیچ کەس و پاشـایەک تاجی پاشـایەتی لەسـەر نەنابوو. ئەو ڕۆژێک بە دەسـەڵاتی پاشـایەتی پاشـایانە نەژیا و لەسـەر کورسـی پاشـــایەتی دانەنیشـــت! ئەو کۆشـــک و تەلاری پاشـــایەتی نەبوو، ئەو وەزیری دەســـــتە ڕاســـــت و دەســـــتە چەپی پاشــــــایەتی نەبوو. ئەو لەشـــکر و جبەخانە و پاڵەوانی

لەشـــکرشـــکێنی نەبوو. ئەو هەتا لە ژیاندا بوو کەســـێک یەکجار پێی نەگوت؛ پاشـــام. ئەو ئاوها پاشـــایەتی دەکرد، ئەو بە کردەوە پاشا بوو. ئەو پاشایە هونەرمەند (حەسەن زیرەک) بوو.

ئەو هونەرمەندە لەو کاتەدا کە لە تاران لە لوتکەی هونەر و داهێنان بوو، لە ڕادیۆی کوردیی تاران وەک هونەرمەند دامەزرابوو، میدیای زەندی خێزانیشی وەک خۆی لە ڕادیۆ کاری دەکرد، هەردووکیشیان هەفتانە بەرنامە و ئاهەنگیان هەبوو لە بەرنامەی هونەری زیبای تەلەڤزیۆنی تایبەت، کە دەوڵەمەنـدێکی ئیرانی دایمەزرانـدبوو، زیرەک بە خۆی و میــدیــای خـێزانـی بەو هەمـوو چـالاکـیـیە هـونەری و کۆمەڵایەتییەی کە هەیـانبوو، گەرمییەکی جوان و بێ پێشـینەیان خسـتبووە هەموو کوردسـتان و شـاری تاران، زیرەک بە هونەرە بەرز و ڕەســـنە کوردییەکەی هەموو کۆمەڵگـای کوردی لە دەوری بزووتنەوەیەکی هونەری بەرزیی نەتەوەیی کۆ کردبووەوە، هەروەهـا یەکەمین هونەرمەنـد بوو لە ئێران و نـاوچەکە بە هونەرەکەی میللەتـانی کورد و فـارس و ترک و ئـازەر و ئەرمەنی و

هەموو ئیرانییەکانی کردبوو بە هەواداری خۆی، یەکەمین جـار بوو گەورەترین هونەرمەنـدی کورد و ئیران و ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی ئاوا پیرۆز بگێڕی کە تا ئیســـتا هیج هونەرمەندێک نەیگێڕاوە، ئاخر زیرەک لەنێو هونەرەکەیدا بە زمـان و زاری هەمووان گۆرانی دەگوت و هونەری دەخولقانـد و دەنوانـد! ئەو هەموو هەوادار و گوێگرەی ڕادیۆ و ئەم هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی زیرەک وەک پادشـــایەک وای کردبوو دەزگای (ســـاواک) بە وردی چاودێریی زیرەک و میدیا خانمی خێزانی بکات، ئەنجامی ئەو چاودێرییە توندە لە ڕادیۆ و لەنێو خەڵک نووســـێنی ڕاپۆرتی زۆر بوو لەســـەر زیرەک و میدیا خانم، لە کتێبی (چپ در ایران بە روایت اســـناد ســـاوک)دا شـــەش لەو ڕاپۆرتانە بڵاو کراونەتەوە و کەوتوونەتە دەســـت، ئەگەر بەوردی ئەم ڕاپۆرتانە بخوێنینەوە دەردەکەوێ کە ساواک چ بەوردی و بەردەوامی بەدوای زیرەک و میدیا خانمەوە بوون. چ دوژمنکارانە هەڵســـوکەوت و کاری ڕادیۆیی ئەم دوانەیان بەدگومانانە لێکداوەتەوە، لە یەکێ لە ڕاپۆرتەکانی ســـاواک ئاوا باســـی هونەرمەند حەســـەن زیرەک دەکات "حەســـەن زیرەک لە مـاڵی موزەفەر حەبیبی چەنـد

پرسـیارێکی لەبارەی خۆشـەویسـتی ئالیا حەزرەت هومـایۆنی و توانـای پـارتی دیموکراتی لە کوردسـتانی ئێـران(و) کـردووە و بـاوەڕی خەڵـکی پـرسـیوە لە هەڵسـوکەوت لەگەل ئەو پێویسـتە ڕەچاوی خۆپارێزی بکرێ و تەواوی کار و چالاکی ئەو پیویسـتە بخرێتە ژێر چاودیری و لەوانەیە هاتوچۆی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات" (ل۱۹کتێبی چنبش چپ در ایران به اسـناد سـاواک) ئەو ڕاپۆرتە دەری دەخات کە ساواک بە چ شک و گومانێکەوە چاودێریی زیرەک دەکات و چۆن ڕاپۆرتنووس داوای ئەوە دەکات کە بە توندی و پارێزەوە چاودیری زیرەک بکرێ.

لە ڕاپۆرتێکی تری سـاواکدا کە باسـی میدیای زەندی دەکات دەنووسـێ: "ڕۆژی سـێشـەممەی ڕابردوو لە بەرنامەی(ئێمە و گوێگرەکان)ی ڕادیۆی تاران کە بە زمانی کوردی بڵاو دەکریتەوە پەیامی دکتۆر کەمال نە قشەبەندی فەرمـانبەری –راه اهنی تهران – کە لە زەمـانی قـازی محەمەد یاریدەدەری وەزیری تەندروسـتی بووە، بۆ ئیمام جومعەی سلێمانی کە مانگی حەوتی سـاڵی ۱۳۳۸ هەتاوی چووەتە شـۆرەوی لە ڕادیۆی مۆسـکو پرۆپاگەندەی بە

سوودی سەربەخۆیی کوردستان کردووە و نامەی بۆ ئەو ناردووە". راپۆرتنووس لە دریژەی نووسینەکەیدا دەنووسێ بەرنامەی "ئێمە و گوێگرەکان" بووە بە ئامرازی پەیوەندیی کوردەکانی تاران و عیراق. ئەم چاودێریکردن و تاوان بۆ دروستردنە بۆ زیرەک و میدیا خانم بەردەوام دەبیت، هەر بۆیە دەکەونە کێشە دروستکردن بۆ زیرەک کە هێشتا هەر لە ڕادیۆی تاران کار دەکات.

زیرەک، هونەرمەندێکی ئاسایی نەبوو، جگە لەوەش لە ڕۆژگارێکی ئاساییشدا نەهاتبووە نێوەندەکە. زیرەک بەو هونەرە ڕەسەن و پڕ لە داهێنانەی گەرم و گوڕییەکی زۆری خستبووە نێوەندی کۆمەڵگەی کوردەواری کپی دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، گۆرانییەکانی زیرەک هێندە ڕەسەن و جەماوەری بوون، گۆرانییە دڵدارییەکانیشی کاریگەریی سرووودیان هەبوو، هەر بۆیە هونەری زیرەک ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو بۆ هیوا خستنە نێو دڵێ نەوەی نوێ و بەم بۆنەیەوەش خەڵکێکی زۆر لە دەوری ڕادیۆی تاران و کرماشان بەگشتی کۆ ببوونەوە، بەتایبەتیش لە دوری هونەری زیرەک. میدیا خانمیش وەک

ژنێکی سەرکەوتوو لە ڕادیۆ پارسەنگێکی باش بوو بۆ زیرەک، ساواک ئەو سەرکەوتن و جەماوەری بوونەی زیرەک و میدیای بەدڵ نەبوو، هەر بۆیە ناوڕۆکی ڕاپۆرتەکانی ساواک زۆر بەڕوونی ئەو نیگەرانی و بەدگومانییەی بەرامبەر بەو خانوادەیە دەردەخات. وەکوو دەزانین دواجار ئەو سەرکەوتن و بەختیارییەی لەو خانوادەیە تێک دەدەن. زیرەکیان لە ڕادیۆ دەرکرد و لەگەڵ میدیای زەندیش لێکیان جیا کردنەوە.

**ساواک چۆن تەماشای حەسەن زیرەکی دەکرد؟**

حەسەن زیرەک گەورە ترین هونەرمەندی کوردستان و ئێران و ناوچەکە بوو، هونەرمەندێک بوو بە هەموو زارە کوردییەکان گۆرانیی دەگوت، گۆرانیی بۆ هەموو چین و تەمەن و ڕەگەز و ئاستە جیاجیاکان دەگوت، گۆرانیی ئاشقانە و نەتەوەیی و چینایەتیی شۆڕشگێریی ئایینی، زیرەک بە هەموو زمانەکانی ئێران و ناوچەکە گۆڕانیی دەگوت؛ کوردی، فارسی، ترکی، ئازەری، ئەرمەنی و هەتا ڕادەیەک عەرەبیش. بەمەش هەموو کۆمەڵگای کوردی خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت. هەموو میللەتانی

ئیران و ناوچە کە گوێیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست، هەر بۆیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دروســـــتکردنی پردی هونەری لەنێوان ئەم میللەتانە، بۆ نموونە: گۆرانیی (خـان بـاجی)[٣١] یەکێ لەو گۆرانییـانەیە کە بە تێکەڵەیەکی چوار زمان ئەرمەنی و ترکی، ئازەری و کوردی و فارسـی و بە ئــاوازێکی داهێنەرانە و دەنگێکی بەهەشـــتی دەگوترێ. زیــرەک بەوەش کە وەک پـــادشـــــایەکـی دادپەروەر هەڵســوکەوتی دەکرد و چووبووە نێو کۆمەڵگا جارێکی تر هەموو لایەک خۆشـیان دەویسـت. ئەم خۆشـەویسـتی و گوێ لێ گرتنە زیرەکی کردبووە ســـەرکردەیەکی هونەری جەمـاوەری، ئەم هەموو داهێنـان و نـاو و نـاوبـانـگ و خۆشەویستییەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ساواکی هێنابووە مەیـدان و خســـــتبوویە دژایەتی کردنی زیرەک، دژایەتی کردنێک لە تارانەوە تا سەر ناڵەشکێنە. ئەو دژایەتی کردنە دوای مەرگیشی و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەگەرچی ســـاواک بە شــــەڕی دەروونی و هونەری و ئابووری و

[٣١] زۆربەی گۆرانییەکانی زیرەک ڕەهەندێکی کۆمەلایەتی و پێکەوەژیانی میللەتە جیاجیاکانی ئێرانی هەیە، چۆن جگە لە بەرزیی هونەرەکە لەنێو هونەرمەندانی سـەردەم، بۆ نموونە: گۆرانی خان باجی حەسـەن زیرەک . .لەسـەردەمی کرۆنا . نووسینی مەولود ئیبراهیم حەسەن لە سایتی – دەنگەکان – بخوێنەوە .

کۆمەڵایەتی و خانوادەیی و میدیایی هەوڵی دەدا کەسایەتی زیرەک لە بەرچاوی خەڵک ڕەش بکات و ئەو خۆشەویستییە بێ سنوورەی خەڵکی لێ بستێنێتەوە، بەداخەوە هەتا ڕادەیەک لەمەدا سەرکەوت و ئاسەواری ئەم دژایەتی کردنە تا ئێستاش بەتەواوی ڕەش نەبووەتەوە. بەڵام ساواک لە دەروونەوە شەڕی کەسایەتییەکی خاوەن باوەڕ و باوەڕ نەگۆڕ و گەورەترین هونەرمەند و کوردترین کورد و سەرکردەترین سەرکردەی دەکرد. بەڵام زیرەک زۆر بە هوشیاری و خۆڕاگری و بەرپرسیاریەتییەوە- بە تەنیا شەڕی دەوڵەتی کردوو- ئازایانە بەرەو مەرگ چوو ( ئەوا لە ئاخیری عومر و پیریما خەریکم دوو سێ گۆرانی ئەڵێم، هێندەم نەماوە بمرم و بچمە ژێر گڵ).[32]

خوێندەواری بەڕێز؛ ئەو هونەرمەندەی لە پایتەختی ئیران بە شایانە دەژیا و شایانە یارمەتیی خەڵکی دەدا؛ ساواک

[32] لە کاسێتی ئەبوو سەباح هونەرمەند حەسەن زیرەک کە قسە دەکات ئەگەر بەوردی گوێی لێ بگری و لێکی بدەیتەوە، چاک بۆت دەردەکەوێ کە حەسەن زیرەک وەسیەت دەکات و خودا حافیزی لە خەڵک و هونەر و ژیان دەکات. خودا حافیز خەڵکی هە ولێر خودا حافیز.

ئەمەی بەدڵ نەبوو، چۆن زیرەک لەپاڵ هەموو ئەمانەدا هۆیەکی گرنگی سەرهەڵدانەوە و گەشەکردنی هەستی کوردایەتی بوو لە ئیران. هەر زیرەک بە هونەرەکەی گەشەی بە بواری ئەدەبیش دابوو، چۆن دەنگی زیرەک و بزاوتی وشەی بەدوای خۆی داهێنا، چاپکردنی کتێبی "چریکەی کوردستان" ئەو کاریگەرییە ئەدەبییە بوو لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا کە زیرەک دروستی کرد، ڕاستە بە بەرچاو چریکەی کوردستان ژیاننامەی هونەرمەندێکی هەژار و بێکەسە و ژیانەکەی پڕە لە هەژاری و برسییەتی و دەربەدەری. بەڵام، بە زمانی کوردی چاپکرا و بڵاو کرایەوە، کە ئەوەی من بیزانم و وک میدیا خانم دەنووسێ، یەکەمین کتێبی کوردی بوو چاپکرا و بڵاو کرایەوە لە ئێران بەشیوەیەکی ئاشکرا، کە وەک باس دەکەن خوێندوار و شاعیرو ڕۆشنبیران زۆر بە تینوێیەتییەوە بەدوایدا دەگەڕان، دواجار ساواک بڵاوکردنەوەکەی ڕاگرت، خەڵک دەستاودەست لێکیان وەردەگرت و وەک کتێبێکی خۆشەویست و قاچاغ و پڕمەترسی دەیانخوێندەوە، جگە لەمانە هەمووی، زیرەک ناوێکی بۆ کتێبەکە هەڵبژاردبوو هەر تەنیا ناو لێنانەکەی بۆ خۆی (ئاڵا هەڵکردنی شۆڕشێک

بوو) چریکەی کوردســتان، لە چریکەدا مەبەســتی دەنگی بولبولئاســـــای خۆی بوو بولبولی کوردســـــتان، دەنگی ئارەزوو و خواستی میللەتی کورد بوو، کە دەچریکێنێ و - دەخوێنێ لە ئێستگەی ڕادیۆی تاران – لە کوردستانیش مەبەستی هەموو کوردستان بوو نەک – استان کردستان – کە مەبەســـت لێی شــــاری - ســـنە- ســـەنەنندژ -ی خۆشــەویســتە، کە حکومەتی ئێران دەیویست لە زیهنیەتی خەڵکی کورد ئاوای تۆمار بکات، ئێســـــتا کتێبی چریکەی کوردستان وەک یەکەمین کتێبی کوردی و کتێبێکی ئەدەبی و هونەری لە ئێران چاپ دەکرێ و بڵاو دەبێتەوە، خاوەنەکەی هونەرمەندی گەورەی کوردســـــتان و ئێران و ناوچەکە و شـــاعیری شـــیعری گۆرانی و نووســـینەوەی ژیانی خۆی بە شـــیعر "حەســـەن زیرەک"ە ئەو حەســـەن زیرەکەی ئێران دەیویســت بۆ بەرژەوەندی خۆی بە کاری بێبێ؛ کەچی ئەو ئێرانی بۆ مەبەســـــتی خۆی بەکار هێنا، وەک ئەوەی میدیا خانم دەڵێ: پاش ئەوەی چریکەی کوردســــتان چاپکرا و بڵاو بووەوە، ســـــاوک بە زیرەکی دەڵێ: ئێوە فێڵتان لە ئێمە کرد. دوایی ئەوە کتێبەکە قەدەغە کرا.

ئێستا ساواک ئاوا زیرەک دەبینێ، هونەرمەندێکە لە لوتکەی داهێنان و هونەری هەموو ئێران. پاشایەکە لە تاران پاشایەتییەکی گەرم دەکات. نووسەر و شاعیرێکە کتێبێک بە ناوی (چریکەی کوردستان) چاپ دەکات و بڵاو دەکاتەوە لە ئێران، ئێرانێکی کپ و بێدەنگ لە ڕووی بزاوتی کوردایەتییەوە. زیرەک ئەمانە هەمووی بە ئاشکراو بە دەنگی بەرز و بە بەرچاوی دنیاوە دەکات[٣٣] و هەر ساواکیش کاردانەوەکانی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا دەبینێ و دەزانێ زیرەک فوو لە چ ئاگرێک دەکات. هەر بۆیە زۆر بە پەلە و بە ناشیرینیەوە زیرەک لەو لوتکە بەرزیی هونەرەوە لە تارانی پایتەخت دەگەیێنیتە کانی مەلا ئەحمەدی سەر سنوور و دوورەدەست و وازی لێ ناهێنێ تا بێدەنگی دەکات و دەیباتە سەر ناڵەشکێنەی سەربەرز، چۆن زۆر جار لە کانی مەلا ئەحمەدیش هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئێرانی دژە دەوڵەت لە چایخانە کورسی و

[٣٣] ڕاستە چەند حزب و ڕێکخراوی نهێنی لە ئێران هەبوون لەو سەردەمەدا، بەڵام هیچیان کاریگەریی زیرەک و هونەری زیرەکیان نەبوو، ئەوان بەنهێنی کاریان دەکرد و زۆر بە پارێزیش، بەڵام زیرەک بە ئاشکرا و لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە هونەری خۆی بڵاو دەکردەوە هونەرێک.. میللەت پەسند.

میژشـــــکاوەکەی زیرەک کۆ دەبوونەوە و پەرەیـان بە هونەری دژە دەوڵەت دەدا.



ئیتر زیرەک چرایەکی گەش بوو بەردەمی کۆمەڵگـای کوردەواری و ئیرانی ڕووناک دەکردەوە؛ سـاواک ئارامی نەمابوو، زیرەک هەر کارێکی دەکرد لێیان تێک دەدا. پاش دەرکردن لە ڕادیۆی کرمـاشـــان، زیرەک لە سـەقز

میوانخانەی سێ ئەستێرەی دانا و جار جار گۆرانیشی تێدا دەگـوت، دەریـانـکـرد لەوێ، چـووە قەڵاتە ڕەش و چایخانەیەکی دانا لەگەڵ بەڕێزێک، لەوێشـــیان دەرکرد، چووە کانی مەلا ئەحمەد، هێندەیان کێشـە بۆ دروست کرد و هێندەیان لێ دەدا تا کار گەیشـــتە ئەوەی لە ژاندارمری بە ئاشـــکرا پێیان گوت: چی دەکەی لەم چۆڵەوانییە ڕۆژێ دەشـــتکوژن، ئەوێشـــیان لێ تێکدا، ئەو شـــوێنەی زیرەک دەیویست کاسبی تێدا بکات. دواجار هیچ  هونەر و کار و کاسبی و پووڵێکیان بەدەستەوە نەهێشت. ئەو ڕۆژانە بوو لەو زەمـانی پیرییە لەنێو گۆرانییەکـانیـدا هـاواری دەکرد: جێم نییە تێدا بسرەوم خاکم بە سەر بێلانە خۆم، بێ یار و هاودەم بێ مەیی و مەیخانە خۆم. دوای ئەو دەڵێ: شەرابی دەســـــتی دولبەر بێ، ژەهری ئەژدیهـای حەوســـــەر بێ، دەیخۆمەوە قەســـــتەســـــەر بێ. بەڵێ دواجار ئەو بێجێ و بێماڵە ئەو ژەهرەیان پێدا کە قەســـتە ســـەر بوو،کە زیرەک بەو ژەهرە نەخۆش دەکەوێ، ســـــاواک لەســـــەر زاری دکتۆرەکـان وای بڵاو دەکـاتەوە کە زیرەک (ســـــەرتـانی

جگەری هەیە)[٣٤] دکتۆرەکان ڕاستییەکەی بە کەسوکاری نالێن، ئەوە قسەی ئەو ژنەیە کە لە نەخۆشخانە ڕابە خانم دەباتە ژێرزەمینەکە و پێی دەڵێ؛ زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە و بێکەسە، ژەهری دراوەتێ. دکتۆرەکان ڕاستییەکەتان پێ نالێن، با خوێنەکەی بزر نەبێ.

بەڵێ.. بەم شێوەیە دوا پەردەی گەورەترین هونەرمەندی کورد، کە ڕۆژگارێک پاشایانە دەژیا و پاشایانە چاکەی لەگەڵ خەڵک و برا کوردەکانی خۆمان دەکرد لە تاران. پەنجەرەی ژیانی پەردەکەی دادرایەوە.

[٣٤] سەرەتانی جگەر: پاش ئەوەی کە زیرەک ژەهرخواردوو دەکرێ، ساواک هە ر بەدووایەوە دەبێت تا ژەهرەکە کاری لێ دەکات و پێویستی بە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری دەبێت، بەڵام دەستی دەستی پێدەکەن و بە بیانووی نەبوونی تەختی خەوتن ماوەیەک ڕایدەگرن و دواجار کە کار لە کار دەترازێ، نەشتەرگەری چاوبەستەی بۆ دەکەن و دنیای لێ پر دەکەن کە سەرەتانی جگەریەتی و ئەوەش هی ئەوەیە زیرەک زۆری عەرەق دەخواردەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی تاوانەکەی خۆیان بشارنەوە، ئەگەر کەم کەمەش باسی ژەهر دەهات، ئەوا ساواک دیسان ناوی کەسانێکی دەهێنا و دەیویست فتنەی کۆمەڵایەتی دروست بکات و دوو چۆلەکە بە بەردێک بکوژێ، هەر بۆیە تا ئێستاش ئەم بەلاڕێدابردنە هەر کاریگەری ماوە .

# حەسەن زیرەک مرد یان کوشتیان؟

جەواد حەیدەری



مامۆستای کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس لەبارەی حەسەن زیرەکەوە دەڵێت: "مامۆستای بەستەی کوردییە، لەو ڕۆژەوە حەسەن زیرەک نەماوە تا ئێستا چوار گۆرانی وەک حەسەن زیرەک نییە".

ئەمڕۆ ٢٦-٦-٢٠٢١ چل و نۆ ساڵ بەسەر کۆچی مامۆستای گۆرانی کوردی حەسەن زیرەک تێدەپەڕێ. نزیکەی نیو سەدە دەبێت کە بولبولی ئاوازی کوردی وەک جەستە لەنێومان نەماوە، بەڵام گۆرانییەکانی هەموو سات و کاتێک ئاوەشێنی دڵی پڕ لە زووخاوی ئێمە دەکات. حەسەن زیرەک ساڵی ١٩٢١ لە شاری بۆکان لەدایکبووە هەرچەند لەسەر شوێنی لەدایکبوونی تا ئێستاش مشتومڕ هەیە و هەندێک لایان وایە لە گوندی هەرمێلەی لەنێوان بۆکان و سەقز لەدایکبووە. حەسەن زیرەک هەرچەند خوێندەوار نەبووە و بۆ قوتابخانە نەچووە، بەڵام هەم زمانی و هەم گۆرانییەکانی کوردییەکی پاراو و پەتین و زمانێکی ڕەسەنە و پێموایە ئەوانەی کە کوردی باش نازانن و حەز دەکەن فێری کوردی بن ئەگەر گوێ لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و ماملێ بگرن فێری کوردی

دەبن و یان ئەگەر بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار موکریانی و هێمن موکریـانی و حەســـــەنی قزڵچی بخوێنەوە فێری کوردییەکی پەتی و پاراو دەبن.

شـتێکی دیکەی مامۆسـتا حەسـەن زیرەک کە بەلای منەوە جێی سەرنجە ئەوەیە کە حەسەن زیرەک لەباری ئیستاتیکا و جوانناسـی یەکێکە لە جوانترین و باشـترین جوانناسـانی کوردســتان. ئەگەر بە وردی ســەیری گۆرانییەکانی بکەین دەبینین کە زۆربەی گۆرانییەکانی بەنـاوی ژنەوە و لەنـاو گۆرانییەکانیشــدا باس لە وەســف و جوانی ژنە. شــتێکی دیکە هەر گۆرانییەکی مامۆســـتا زیرەک خۆی چیرۆکێکی هەیە و باس لە شتێک دەکات .

هەر وەک چۆن دەڵێن ئەگەر لە دونیای شـــیعری کوردیدا نالی و مەحوی و هێمن و گۆران نەبان دونیای شـــیعری کوردی شــتێکی کەم بوو لە ناوی دونیای ئاواز و گۆرانی کوردیشدا ئەگەر مامۆستا زیرەک نەبوایە، گۆرانی کوردی شتێکی کەم بوو.

حەســەن زیرەک ســەرەڕای دەنگخۆشــی و ناوداری، بەڵام هونەرمەندێکی خێر لەخۆنەدیو بوو، زۆر چەرمەســەری و

نەهامەتی و نەگبەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری و نەبوونی و هەژاری و بێکەسی چەشت. هەر وەک خۆی دەڵێ هونەر بۆ ئەو هیچی نەکرد و هیچ بەهرەیەکی نەبوو. سەرەڕای ئەمانەش هونەرمەندانی زۆر مەزن و دەسترەنگین و خاوەن پێگە و جێگەی ئێرانی و کوردی کاری موزیکژەنیان بۆ کردووە، حوسێن یاحەقی، جەلیلی شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەدی عیبادی و لەناو کوردەکانیشدا موجتەبا میرزادە و محەمەد عەبدولسەمەدی و ئەکبەر ئیزەدی و زۆر کەسی دیکە.

حەسەن زیرەک سەرەڕای نەخوێندەواری، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی هەژار موکریانی و هێمن موکریانی و سەید کامیلی ئیمامی و وەفایی و هەردی و پیرەمێرد و ... هتد کردووە بە گۆرانی.

حەسەن زیرەک خاوەنی دوو کچە بە ناوەکانی مەهتاب و ئارەزووە کە میدیای زەندین.

هەرچەند دەوترێت حەسەن زیرەک بە هۆی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستداوە، بەڵام دکتۆر ئیبراهیم مەولود حەسەن لە کتێبی" ساواک بۆ چی حەسەن زیرەکی کوشت"

دەنووسـێت کە سـاواک حەسـەن زیرەکی کوشـتووە و ژەهرخواردووی کردووە.

حەسـەن زیرەک ڕۆژی ٢٦-٦-١٩٧٢ لە نەخۆشـخانەی شـاری بۆکان بۆ هەمیشـە ماڵئاوایی لە گۆرانی و موزیکی کوردی کرد و لە سـەر ڕاسـپاردەی خۆی لە شـاخی ناڵەشکێنە بەخاک سپێردراوە.



# ڕانانێک بۆ کتێبی: (ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟)ی د. مەولود ئیبراهیم حەسەن



ناوی کتێب: ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟
نووسەر: د. مەولود ئیبراهیم حەسەن
ناوەندی بڵاوکردنەوە: بەدرخان - هەولێر، ٢٠١٢

ئایا حەسەن زیرەک خۆی مرد یان ساواک کوشتی؟ باشە ساواک لە کوشتنی حەسەن زیرەک چی دەست دەکەوت؟ ئایا ساواک لە هونەرەکەی زیرەک دەترسا یان زیرەک گوێڕاڵی ئەوان نەبووە و بۆیە ژەهرخواردیان کردووە و دەیان پرسیاری تر کە ئەم کتێبە دەیەوێ لە ڕێگای بەڵگە و هاوڕێیانی نزیکی ئەو هونەرمەندە وەڵامێکی گونجاویان بۆ بدۆزیتەوە.
نووسەر لەم کتێبەدا ئاشکرای دەکات کە پاش گەڕانەوەی زیرەک بۆ ئێران و ئیشکردن لە ڕادیۆ بەوردی دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگای زانیاری و ئاسایشی ئێران (ساواک) ئاوەها کە لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای ساواک کە لە کتێبی "بزوتنەوەی چەپ لە ئێران بەپێی بەڵگەکانی ساواک" (بەڵگەی ژمارە ٣١١/٧٦٣/ د- م لە بەرواری ١٣٤٠/١٠/٣٠) بڵاو بۆتەوە، بەم شێوەیە باس لە زیرەک کراوە: "بەرنامەی ڕادیۆ کوردی تاران بۆتە کەرەستەیەک بۆ پەیوەندیگرتنی نێوان کوردەکانی عێراق، چونکا ڕۆژی چوارشەممە لە بەرنامەی "ئێمە و بیسەرانی ئەو ڕادیۆیەدا، پەیامی حەسەن

زیرەک لە لایەن میدیا زەندیی هاوسەری بۆ کەسێکی عێراقیی خەڵکی کەرکووک ناردراوە و خودی زیرەکیش لەم دواییانەدا لە ناوچەی کوردستان، بۆکان و مەهاباد گەڕاوەتەوە و لەو مسافیرەتەدا پەیوەندیی بە کەسانێکی گومان لێکراوەوە گرتووە و ...".

لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا نووسەر لە زمانی حسێن زیرەک برای حەسەن زیرەک کە پێشنیاری یارمەتی و دەستگەرتنی لە سەرودەمی پیریدا بە برا گەورەکەی دابوو، دەگێڕێتەوە: حەسەن پێدەکەنی و پێی‌دەوتین: "منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی دەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە، بەڵام ئێوە شتێک دەزانن و منیش زۆر شت، من بەڵاتان لێ دوور دەخەمەوە". دواییش تەماشایەکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد و بەدەنگی نزمەوە وتی: ساواک ئەزیەتم دەدات و پێم دەڵێن: دەبێت بچیتە ئەودیو (عیراق)، ئیش و کارمان بۆ بکەی، چەندی دەڵێم باوکم ئەمن هی ئەو جۆرە کارانە نیم و سەوادیشم نییە، ئێوە چۆن ئیستیفادە لە من دەکەن؟ ... خۆشت دەزانی ئەم جۆرە شتانە بە من ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێت نایکەم، باساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بەهەژاریش دەژیم، بەڵام ئەو کانییەی ئاوم لێخواردووەتەوە هیچ کاتێک بەردی تێناگرم و لەناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم، لەدواییدا بەپێکەنینەوە وتی: بەتەنها بەربەرەکانی دەوڵەتیش دەکەم.

مەولود ئیبراهیم لە درێژەدا لە زمانی "کەریم خۆشناو" یەکێک لە هاوڕێکانی حەسەن زیرەک دەگێڕێتەوە: چەندین جار حەسەن زیرەک و رابیعەی خێزانی بۆیان گێڕاوەتەوە کە چۆن شەوان پیاوانی حکوومەت چوونەتە سەریان و تێروپڕیان لە حەسەن زیرەک هەڵداوە و تەنانەت شەوێکیان حەسەن زیرەک دەست دەکاتەوە و شەڕێکی باشیان لەگەڵ دەکات.

کەریم خۆشناو هەروەها باس لەوە دەکات کە حەسەن زیرەک بارودۆخی خۆی بەئاسایی نەزانیوە و ڕاشیگەیاندووە: وەزعی من مەعمولی نییە و ناوێرم دەردی خۆم لای کەس باس بکەم، نایەڵن لە هیچ شوێنێک جێگام بێتەوە، هەر وەختێک ئارەزوویان بێت بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوە و تێروپڕم تێهەڵدەدەن و دەڕۆن.

نووسەر سەبارەت بە مەرگی زیرەک کە چۆناوچۆن ساواک تەنگ بە ژیانی هەڵدەچنن و لە پێناو کاری سیخوری و جاسووسی گوشاری دەخەنەسەر، گریمانەی "ساواک دەستی لە مەرگی زیرەکدا بووە" دەخاتە ڕوو و بۆ سەلماندنی بەسەرهاتی دوارۆژەکانی زیرەک لە زمانی رابیعە خانمی هاوسەری دەگێڕێتەوە کە: حەسەن ئێوارەیەکی بە بێحاڵی لە زەماوەند دەیگەیێننە نەخۆشخانە و لەوێ بۆی گێڕامەوە کە کاتێ لە شایی بووە ژنێک قاپێکی ئاشی بۆ هێناوە و پێی وتووە: "ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە،

لەگەڵ ئیستیکانێک قەنداغ" و لەگەڵ ئەوەی زیرەک قەنداغەکە و دوو کەوچک لە ئاشەکە دەخواتەوە و دەگەڕێتەوە ناو شاییەکە و دەست بە گۆرانی وتن دەکات، سەری لە گێژەوە دێت و دەیگەیێننەوە نەخۆشخانە ... دوای ئەو شەوە زیرەک نەیتوانی هەستێتەوە و لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا هەر بەو دەردەوە سەری نایەوە.

رابیعە خان لەبارەی نەخۆشی زیرەکەوە دەڵێت: زیرەک هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی کە چووە ئەو شاییە، لە نەخۆشخانەش ژنێک کە منی بینی زۆر دڵی پێم سووتا، پێی وتم حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورە و بێکەسە، با خوێنی حەسەن زیرەک ون و بزر نەبێت، زیرەک نەخۆش نییە، ساواک ژەهری داوەتێ، پزیشکەکانیش باسی ناکەن، نەخۆشییەکەی دەشارنەوە.

بەو شێوەیە ئیبراهیم مەولوود لە کۆتایی کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" بەو ئەنجامە دەگات کە: "ساواک بە تاوانی ئەوەی زیرەک هاوکاری نەکردوون و ئامادە نەبوو ببێت بە پیاوی ساواک، ژەهریان داوەتە ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە".

هەفتەنامەی سیروان ژمارە ١٠٩١


1627